




# بابەت و نووسراوەکانی

## هاوڕێ ڕحمان پیرۆتی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

* بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤ ......................... لاپەڕەی ................................. ٤

١- کۆنگرەی نەتەوەیی و پەیامی ئاشتی...

٢- جێگیربوونی دیموکراسی، باوەڕی ئایینیو یەکگرتوویی نەتەوەیی...

٣- بنەماکانی ڕێژیمی تۆتالیتێر...

٥- دیاردەی داعش و گوتاری دەوڵەتی ئیسلامی...

٦- سیاسەتی دەرەکیی ئێران و ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان...

٧- تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران...

٨- لە پەراوێزی وتاری رووحانی لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان...

٩- شەڕی ساردی ئێران و عەرەبستانی سعودی...

١٠- هەل بۆ کورد رەخساوە، قۆزتنەوەی دەویَ!...

١١- هەل بۆ کورد رەخساوە، قۆزتنەوەی ماوە...

١٢- رکەبەری ناوچەیی ئێران و تورکیە...

١٣- رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قووڵتربوونەوەی کێشەکان...

* بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٥ .......................... لاپەڕەی ................................. ٧٠

١٤- ئاسۆی دانوستانە ناوکییەکانی ئێران و رۆژئاوا...

١٥- یەمەن؛ هەوراز و نشێوەکانی مێژوو...

١٦- گۆڕانکارییەکانی ناوچەلە سێبەری دانوستانەکان...
١٧- خەسارناسی دابڕان یان شێواندنی راستییەکان- وەڵامێک بۆ کاک مستەفای هیجری...
١٨- لێکدانەوەی فۆڕمی پرسەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست...
١٩- پێشڕەوییەکانی داعش لە عێراق و سوریە...
٢٠- لۆزان؛ کەمتر لە دوو هەفتە...
٢١- رێککەوتننامەی ناوەکی و کاریگەری لەسەر بارودۆخی ناوچە...
٢٢- هۆکارەکانی پشت هێرشی تورکیە بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان...
٢٣- قەیرانی سیاسی تورکیە و هەڵبژاردنی پێش وەختەی پەرلەمان...
٢٤- بارودۆخی مەیدانی سوریە و ئاسۆی وتووێژەکانی چارەسەری ئەو پرسە...
٢٥- لاپەڕەیەکی نوێ لە شەڕی سوریە...

* **بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٦ .......................... لاپەڕەی ................................. ١٠٨**

٢٦- داهاتووی ناڕوونی سووریە لەنێو بازنەی ئەکتەرە دەرەکی‌یەکان...
٢٧- سەنگی کورد لە دانوستانەکانی چارەسەری قەیرانی سووریە...
٢٨- لە ناڕەزایەتی جەماوەری‌یەوە بۆ راگەیاندنی فیدراڵی...
٢٩- لە یادی کاک عەزیز یوسفی‌دا...
٣٠- ئێران و عەرەبستان؛ نۆ دەیە پەیوەندی...
٣١- کارکردی چالاکی مەدەنی لە چوارچێوەی دەسەڵاتە نادیموکراتیکەکان...
٣٢- کورتە ژیننامە...

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤

## کۆنگرەی نەتەوەییو پەیامی ئاشتی

لە دانیشتنی سەرەتایی بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، ئاشتی وەکوو پەیامی سەرەکی ئەو کۆنگرەیە راگەیەندرا. پەیامێک کە جەخت لەسەر گوتاری ئاشتیخوازانەی بزوتنەوەی کوردو هەروەها پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ نەتەوەو دەوڵەتە هاوسنوورەکانی کوردستان دەکاتەوە.

ئەو پەیامە لە ئێستادا بۆ سێ بەشی کوردستان بایەخی تایبەتی هەیە. لە باکوور، پەیامی ئاشتیو دەرهاویشتەکانی کار لەسەر سەرکەوتنی ئەو پرۆسە سیاسییە دەکا کە لەو چەند ساڵەی دواییدا لە ژێر کاریگەریو هاوئاهەنگی خەباتی شاخو شار توانیویەتی چەند قۆناغێکی سەرەتایی بۆ تواندنەوەی بەستەڵەکی شەڕ بپێوێ. لە بەرامبەردا، دەوڵەتی تورکیەش بۆ رازی کردنی رای گشتی وڵاتەکەیو کەمڕەنگ کردنەوەی بانگەشە شەڕخوازانەکانی پێشووی، پشتی پێ ببەستێ. بە تایبەت ئەوەی کە، تورکیە پشتیوانی لەهەر هەنگاوێک دەکا کە داماڵینی چەک لە شانی گریلای پەکەکەی لێبکەوێتەوە یان هێزەکانی ئەو حیزبە لە یەک یان چەند بنکەی دیاریکراو لە دەرەوەی سنوورە جوغرافیاییەکانی ئەو وڵاتە کۆبکاتەوە.

پەیامی ئاشتی لە هەرێمی کوردستانیش، بە تایبەت دوای زەقتر بوونەوەی کێشەی نێوان لایەنە سیاسییەکان کاریگەری زۆری لەسەر رای گشتیو هەڵسوکەوتی لایەنەکان دەبێ. لە دنیای دەرەوەشدا، دڵنیایی تەواوی داوەتەوە وڵاتانی پەیوەندیدار بە پرسی کورد کە ئەو کۆنگرەیە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی ئەو وڵاتانە نابێ. بەستنی ئەو کۆنگرە لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە ئەو پەیامەش بە سێ وڵاتی ئێران، تورکیە و سووریەو هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەدا کە هەولێر توانای کۆکردنەوەو ئاراستەکردنی هێزی کوردی لە هەموو

بەشەکان هەیە. عێراقیش روانگەی خۆی ئاشکرا کردووەو تەنیا مەرجی ئەوەیە کە باسی سەربەخۆیی تێدا زەق نەکرێتەوە.

پەیامی ئاشتی لە ئێستادا دەتوانێ دۆخی کورد لە رۆژئاوا بگۆڕێ. لە قۆناغێکدا کە بزوتنەوەی کورد لەو پارچەیە دەیتوانی بە هاوئاهەنگیو هاوکاری نێومالّی خۆی ڕێک بخاو خەلّکی کوردستان لە ئاگری شەڕ لە سووریا بپارێزێ، تا ململانێی هێزە سیاسییەکان لە رۆژئاوای کوردستان درێژەی هەبێ، رەوشی سیاسی لە رۆژئاوا جێگیر نابێو لە قۆناغی گەیشتن بە خۆبەڕێوەبەری دوور دەکەونەوە. کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ کۆنگرەی ئاشتیو تەبایی کورد بێ، چونکە گەورەترین دەرفەت دەخولّقێنێ لەبەردەم هەموو ئەو هێزو لایەنانە کە چیدیکە بە هۆی بەرژەوەندی خۆیان شەڕی یەکتر نەکەن و لەسەر نەهێشتنی ناکۆکییەکان بەشداری هەموو لایەنەکان لە پرۆسەی خەبات بۆ رزگاری، هەلّسوکەوتی رەوا و ڕێز لە یەکتر گرتن ڕێککەون.

ئەوەی کە تا ئێستا دیارە، لە بەرنامەی کار و بریارەکانی کۆنگرەی نەتەوەییدا، پرسی پشتیوانی لە پێشوەچوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی لە رۆژهەلاتی کوردستان بایەخێکی ئەوتۆی پێنادرێ. ئەوەش دەتوانێ چەند هۆکاری سەرەکی هەبێ. یەکەم، بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەلات لە ئێستادا بە هۆی ناکۆکی و بلاوی هێزو لایەنەکان هێزو وزەی دابەش بووە هەر بۆیە بە شێوەی پێویست ناتوانێ کاریگەری لەسەر رەوتی رووداوەکانی کوردستان یان ئێران هەبێ. دووەم، ئەو کۆنگرە لە قۆناغێکدا نەگیراوە کە پرسی کورد لە رۆژهەلات گۆرانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا هاتبێ. سێیەم، حیزبو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەلات پێش دانیشتنی سەرەتاییو لە قۆناغی وتوویژی لایەنەکانی دیکە بۆ پێکهێنانی کۆنگرە پرس و رایان پێنەکراوە و پەراوێز خراون.

بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەلات لە کاتێکدا خەریکە پەیامی ئاشتی بۆ دەخوێندرێتەوە کە بەردەوام جەوهەری پەیامەکەی ئاشتیخوازی بووە. نەک هەر بۆ رۆژهەلات، بەلّکوو بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش زیاتر لە بەشی خۆی هەزینەی داوە. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە پەیامی کۆنگرە رەنگدانەوەی خواستو ئیرادەی ئەندامانی کۆنگرەیەو هەروەها گەورەترین کاریگەریش لەسەر بریارەدان دادەنێ، پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە کە پەیامی ئاشتی چ کاریگەرییەکی لەسەر پێشوەچوونی پرسی کورد لە رۆژهەلات دەبێ. بۆ بزوتنەوەیەکی رزگاریخواز کە خاوەنی هێزی چەکداریش بێ، هیچ حالّەتێک لەوە ئاشتیخوازتر بەدی ناکرێ کە بیهەوێ لە ڕێگەی خەباتی سیاسی، پشتیوانی لە رەوتی مەدەنیو چالاکی میدیایی بە ئامانجەکانی بگات. هەر

وەکوو ئەوەی کە ئێستا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کەمو زۆر پێیوە خەریکن. لە بەرامبەریشدا، کۆماری ئیسلامی ئێران لە بنەڕەتدا خاوەن ئەو ئیستعداد و توانایە نییە کە مل بۆ ڕێگەچارەی ئاشتییانە بە مەبەستی چارەسەرکردنی پرسی کورد ڕاکێشێ.

وێڕای ئەوەی کە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بە بەشداری نوێنەرانی لایەنە سیاسیو مەدەنییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان گرینگ و پێویستە، بەڵام پەراوێز خستنی ئیرادەی سیاسی پارچەیەکی کوردستان لە پەیامی سەرەکی کۆنگرەدا ئیرادێکی گەورەیە. بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات دەبێ خاوەن گوتاری سیاسی خۆی بێو داهاتوو و ئەگەری هاتنە پێشی قۆناغە جیاوازەکانی لەبەر چاو بێت. هیچ شێوازێکی خەباتی بەسەردا فەرز یان لێی قەدەغە نەکرێ. هەروەها ئەو پەیامەی پێ بێ کە هاوپێوەندی نەتەوەیی و پاراستنی دەسکەوتەکان لەسەر شانی بزوتنەوەی پارچەیەک قورس دەکەوێ و بۆ هەمیشە خۆی پێڕاناگیرێ.

لە ژمارە ٦١٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٣

# جێگیربوونی دیموکراسی، باوەڕی ئایینیو یەکگرتوویی نەتەوەیی

پێداچوونەوەیەکی گشتی بە هەڵسوکەوتو مەیلی سیاسیی نەتەوەی کورد، دەریدەخا کە ئەم نەتەوەیە لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا، جگە لە هەندێک حاڵەتی دەگمەن هیچکات چ لە داڕشتنی ئامانجو ستراتیژیو چ لە رەفتاردا، جێگورکێی بە ئامانجە نەتەوەییەکانی نەکردووەو هەردەم وەک نەتەوەیەکی مافخواز پێناسەی ڕوو بەدەرەوەی هەبووەو لەنێو خۆیدا بە دروستی تێبینیی ئەوەی هەبووە کە کێشەو گیروگرفتە ئایینییەکانی بە وەدیهاتنی ئامانجە گشتییەکانی چارەسەر دەبنو تەنانەت زۆر دەرفەتی ئایینی بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی کەڵکی بەوەجی لێوەرگیراوە. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان وەدیهێنانی مافی نەتەوەییو دیموکراسییە کە لەم سیستمە سیاسیو کۆمەڵایەتییەدا ڕێز لە بیروڕای جیاوازو باوەڕی تاکەکەسی دەگیرێ. بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا گرنگییەکی تایبەتیی هەیە کەشێکی نوێی تەبلیغاتییە کە دوای سەرهەڵدانی گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکان لە هەندێک ناوچەی کوردستان، هاتۆتە ئاراوە. پشتگریی سەرەکیی فکریو ئیمکاناتیی ئەم کەشە تەبلیغاتییە کە دژبەرانی ئازادیو دیموکراسیو مافی نەتەوە ژێردەستەکانن، لە هەوڵی ئەوەدان کە بەشێک لە خواستە ڕەواکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگای کوردستان ناتەباو نارێک پێشان بدەن. وردبوونەوەی زیاتر لەم باسە، هۆی سەرەکیی نووسرانی ئەم وتارەیە. بۆ ئەم مەبەستە بەشێوەیەکی گشتی باس لە دیموکراسیو بایەخەکانی، ئایینو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیو دواتر شێوەی هەڵسوکەوتی ئایینو دیموکراسی لە کۆمەڵگایەکی وەک کوردستان دەکرێ کە زۆرینەی باوەڕیان بە ئایین هەیە، بەڵام خواستی سەرەکییان گەیشتن بە ئامانجگەلێکی دێموکراتیکو نەتەوەییە. بە دڵنیاییەوە باسکردن لە هەرچەشنە نیسبەتێکی (نەرێنی، ئەرێنی یان توانای پێکەوەهەڵکردن) لەنێوان ئەم دووانەدا پێویستیی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە دیموکراسیو ئایین هەیە، چونکە خوێندنەوەو پێناسەی جیاو جۆراوجۆر لەهەر کامیان کراوە.

هەوڵدان لە پێناو جێگیرکردنی سیستمێکی سیاسیی خەڵکسالار، کراوەو بەرابەر بەدرێژایی مێژوو خواستی مرۆڤ بۆ وەدیهێنانی مافەکانی بووە. بەشێک لەم هەوڵانە کە لە قۆناغە جیاوازە مێژووییەکاندا بەشێوەیەکی تایبەتی پێناسە کراون، دەرەنجامی ئەرێنییان لێکەوتۆتەوەو سەقامگیربوونی سیستەمی گونجاویان بەخۆیانەوە بینیوە.

**ئەمەش بۆتە فاکتۆرێکی پێناسەی سیستمە جیهانیەکانو لە دابەشکردنێکی سیاسیی- کۆمەڵایەتیدا دەکرێ بە دێموکراتیک، نادێموکراتیک، یان بەرەو دێموکراتیکبوون لێک جیا بکرێنەوە. سیستمی دێموکراتیک هێمایەکی دڵخوازە بۆ بەڕێوەبەریی سیاسیی وڵاتو بە تایبەت لە ڕای گشتی جیهانیدا وەک چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکان پێبەپێ جێگەی خۆی کردۆتەوە. بێگومان بەرقەراربوونی بنەماکانی دیموکراسی دەرفەت بە سیستمێکی سیاسی دەبەخشێ کە بە دێموکراتیک پێناسە بکرێ.**

## دیموکراسی و بایەخەکانی؛

**وەک زۆربەی چەمکو دەستەواژەکانی زانستە مرۆییەکان، پێناسەیەکی یەکدەست لە دێموکراسی بە وێنەی سیستمێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی نەکراوە کە هەموو بیرمەندان لەسەری کۆک بن. »لۆری دیامۆند»، مامۆستای زانکۆی ستانفۆرد، دیموکراسی وەک سیستمێکی حکوومەتی لەبەر چاو دەگرێو چوار بنەمای بۆ دادەنێ:**

**١- بەشداریی چالاکانەی هاونیشتمانان لە تێکۆشانی سیاسیو ژیانی مەدەنیدا.**

**٢- هەڵبژاردنو جێگۆڕکێ پێکردنی دەوڵەتەکان بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانە.**

**٣- پاراستنی تەواوی مافە بنەڕەتییەکان بۆ سەرجەم هاونیشتمانان.**

**٤- سەروەرییو کارپێکردنی بێلایەنانەی قانوونەکانو پرۆسەکانی لەهەمبەر هاونیشتمانان.**

**بە بڕوای دیامۆند خەڵک جگە لە مافی هەڵبژاردن، مافی ئەوەشیان هەیە کە چاوەدێریی چۆنیەتیی حکومەتکردنیش بکەنو لەهەمبەر کەموکوڕییەکان بێدەنگ نەبن.**

**هەروەها، لە ناسراوترین پێناسەکانی دیموکراسی، ئەم پێناسەیەی « ئابراهام لینکۆڵن»ە کە بریتییە لە: حکوومەتی خەڵک، لە لایەن خەڵکو بۆ خەڵک.**

**دێموکراسی لە دژایەتیکردنی حکوومەتی سەرەڕۆو دیکتاتۆرەوە سەری هەڵداوە. ئەم سیستمە بە تایبەت لە دوای سەردەمی ڕۆشنگەری، وەک بەدیلێک بۆ دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان لە لایەن لایەنگرانییەوە خراوەتە ڕوو. هەر چەند دەربارەی ئامانجی دێموکراسییش لەنێو خاوەنڕایاندا ناکۆکی هەیە. هەندێک بەتایبەت بە پێی خوێندنەوەی**

ئیدئۆلۆژیک ئازادی بە مەبەستی سەرەكیی دیموكراسی دەزانن‌و هەندێكی دیكە بەرابەری بە ئامانجی كۆتایی دیموكراسی دادەنێن.

بنەما فكرییەكانی دیموكراسی بەرابەریی مرۆڤ، ڕەسەنایەتیی تاكو قانوون، دەسەڵاتدارێتیی خەڵك، جەخت كردنەوە لەسەر مافی سروشتی‌و كۆمەڵگای مەدەنی‌و سیاسی لەخۆ دەگرێ. بەم پێیە فاكتۆرە سەرەكییەكانی دیموكراسی بریتین لە: جیا كردنەوەی دەسەڵاتەكان، كۆمەڵگای مەدەنی، چاوەدێری‌كردنی خەڵك، پێش‌خستنی ئازادیی تاكەكەسی بەسەر یەكسانیی كۆمەڵایەتی‌دا، جیاوازی‌دانان لەنێوان كەرتی گشتی‌و تایبەتی، پێكەوەهەڵكردن و هەڵسوكەوتی دیموكراتیک و مافی موڵكدارێتی تایبەتی.

لەبەر چاو گرتنی بایەخو مافەكانی مرۆڤ، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێكی ئازادو دەورەیی، حكوومەتی زۆرینەو هاوكات پاراستنی مافەكانی كەمینە، بەكارهێنانی كۆمەڵە میكانیزمێک بۆ ئەوەی دامەزراوە دەوڵەتی‌یەكان ناچار بن لە بەرابەر خەڵكدا وەڵامدەر بن، ئازادیی چالاكیی حیزبەكان‌و قبووڵكردنی فرەیی‌و جیاوازی لە كۆمەڵگادا، لەئارادابوونی ئوپۆزیسیۆن‌و دەرەتانی قانوونی بۆ چالاكبوونی، ئازادیی ڕادەربڕین‌و ئازادیی نووسین، بێ‌لایەنیی دەوڵەت لەبواری ئایینی‌و ئیدئۆلۆژیكی‌دا، دابەشكردنی دەسەڵاتەكان بۆ كۆنترۆڵكردنی دەسەڵات، حكوومەتی قانوون‌و بەرابەریی هەمووان لەهەمبەر قانووندا، پێكەوەهەڵكردنو كەلتووری سیاسیی دیموكراتیک و هتد، بەشێكن لەو كۆمەڵە پێوەرو بنەمایانە كە متمانە بە سەقامگیربوونی دیموكراسی لە هەر كۆمەڵگایەكدا دەبەخشن.

دیموكراسی، بەر لە هەر شتێک دەرەنجامی هەوڵدانی مرۆڤگەلێكی دیموكراتە كە پشت بە كەلتووری سیاسیی دیموكراتیک دەبەستن. لە ڕاستی‌دا ئەگەر ڕەفتاری دیموكڕاتیک وەک باوەڕ جێگیر نەكرابێ‌و دیموكراسی لەنێو كۆمەڵانی خەڵكدا جێگیر نەبووبێ‌و پشتیوانی‌یەكی بەهێزی كۆمەڵایەتیی بەدواوە نەبێ، ئەگەری سەركەوتنی زۆر لاوازەو ئەمە ڕادەی پێویستیی كەلتووری سیاسی- دیموكراتیک بۆ وەدی‌هێنانی دیموكراسی دەردەخا. لە پێناسەیەكی گشتی‌دا، كەلتووری سیاسیی كۆمەڵگایەک، بە واتای گشتی بوونی شناخت، باوەڕو گرۆیی بەهاكانی خەڵكی ئەو كۆمەڵگایە بە نیسبەت سیستمی سیاسیی زاڵە.

دیموكراسیی نوێ كە بەرهەمی سەردەمی ڕۆشنگەرییە پەیوەندی‌یەكی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پەروەردەی سیاسی‌و

دەرەتانێک بۆ بەردەوامبوونی دیموکراتیک هەیە. لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیکدا، هاونیشتمانان چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێ کە لە هەر ئاستێکو لە هەر بارودۆخێکدا هەست بە بەرپرسیارەتی، هاوپشتیو پێویستیی هاوکاری بکەنو ڕێز لە قانوونو هاوچەشنەکانی خۆیان بگرن. بە پێچەوانە ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا ئەم فاکتۆرانە لە لایەن خەڵکەوە لەبەر چاو نەگیرێن، ئەوە شانسی سەرکەوتنی دیموکراسی یەکجار زۆر لاوازە.

## ئایینو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی؛

ئایین لە پێناسەیەکی گشتیو سەرەتاییدا بریتییە لە پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئەو هێز یان هێزانەیە کە لەو دیوی ژیانی ڕۆژانەدا بەجێگیریان لە قەڵەم دەدا. ئەم پەیوەندییە بەشێوەی کۆمەڵێک ڕێساو بایەخی ئەخلاقیو مێژوویەکی تایبەت یان بەشێوەی کۆمەڵێک ئەزموونو ئامۆژگاری باسی لێدەکرێ. واتە بەم پێناسەیە ئایین بریتییە لە بەدامودەزگاییکردنی کۆمەڵایەتییانەی،و دواجار بە پیرۆزکردنی، پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە جەوهەرێک کە لەودیوی سروشتو ژیانی ڕۆژانە دایە. ڕاستە ئایین وەکوو کۆمەڵێک بنەمای ئەخلاقیو نۆرمی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکاندا کاری خۆی دەکا، بەڵام نابێ ئەوە لە بیر بکرێ کە زۆربەی ئایینەکان دەزگایەکی ڕەسمی وەک مزگەوت، کەلیساو کەنیسەیان هەبووەو هەیە، کە لەڕێی زانا ئایینییەکانیان لێکدانەوە بۆ ئەو بنەما ئەخلاقییانە دەکەن. لەم نێوەدا ئەوەی گرنگییەکی تایبەتیی هەیە ئەوەیە کە دامودەزگا ئایینییە ڕەسمییەکان لەڕێی شرۆڤەو خوێندنەوەی خۆیان بۆ نووسراوە پیرۆزەکانیانو گەڕانەوە بۆ هەڵسوکەوتو ئاخاوتنەکانی پێشڕەوانی ئایینییان هەوڵ دەدەن هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان دیاری بکەن.

ئایین وەک هەر سیستمێکیدیکەی فیکری خاوەن مێژوویەکی تایبەت بەخۆیەتی، ڕابردوویەکی هەیە کە زۆر وەک شوناسو کارکردەکانی ئێستای ناچێ، هەروەها ئەگەری ئەوە زۆرە کە داهاتوویەکی جیاوازیشی هەبێ. واتە ئایین بە گوێرەی بارودۆخو هەڵکەوتەی شوێنو کات، چۆنیەتیی بەکارهێنانی لە لایەن پێشەواکانی ئایینیو هەڵکەوتوانی سیاسیو هەروەها شێوازی هەڵسوکەوتکردنی لە لایەن خەڵکەوە نەخشی تایبەتیی خۆی دەبێ. لەو کۆمەڵگایانەدا کە هێشتا تاکەکان بەشێوەیەکی چالاک ناتوانن داکۆکی لە مافو ئازادییەکانیان بکەن هەڵکەوتووانی سیاسی- ئایینی ئاسانتر دەتوانن تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕێگەی بەکارهێنانی سێمبولو هێمای ئایینی بۆ مەرامی خۆیان تەیار بکەن.

ئەگەر ئایین وەکوو دەسەڵاتی سیاسییش لەبەین بچێ، وەکوو نۆرمی کۆمەڵایەتی تا ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێنێ، بە تایبەت ئەگەر لەسەر بنەمای پێویستیو بە شێوەیەکی گەڵاڵەدارێژراوو مەبەستدار کاری بۆ نەکرێ. ئایین لە هەر کۆمەڵگاو نەتەوەیەک تا ڕادەیەکی زۆر ئاوێتەی کەلتووری ئەم کۆمەڵگاو نەتەوەیە دەبێ، بۆیە لێکجیاکردنەوەی ئەو دووانەو دیاریکردنی ئەوە کە کامە نۆرم یان بایەخ پەیوەندیی بەئایینەوە هەیەو کامەیان بە کەلتوور، کارێکی ئاسان نیە. بەڵام پرسی سەرەکی ئەوەیە کە ئایین ناتوانێ بەشێک یان لانیکەم بەشێکی بنەڕەتی بێ لە کەلتووری نەتەوەیەک ئەگەریش خۆی بەباشی لەگەڵ ئەو کەلتوورە گونجاندبێو تەنیا دەکرێ کە سنوورەکانی ئاوێتەبوون کەمڕەنگتر ببینرێن. بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی باوەڕمەندانی ئایینی لە کوردستان پێڕەوی لە ئایینی ئیسلام دەکەن، وردتر ئاوڕ لەم ئایینە دەدرێتەوە.

لە کۆمەڵگەیەک کە خەڵکی موسوڵمانی تێدا دەژین، تەنانەت ئەگەر ئایینی نەبێ کەسانێک هەن کە کۆمەڵێک نەریتو ڕێوڕەسمی ئایینی پەیڕەو دەکەن. ئەمانە زیاتر لە چوارچێوەی تاکەکەسیو کۆمەڵێک نەریتی گشتیدا هەڵسوکەوت لەگەڵ ئایین دەکەنو زۆربەیان هەوڵ نادەن کە لە ڕەفتاری سیاسییاندا پێناسەی ئایینییان کاریگەریی جیدیی هەبێ، بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی گشتگیر نیە. هەر لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەدا کەسانی دیکە هەن کە یان وەک ئێلیتی ئایینی یان وەک ئەکتیڤیستی ئایینی هەوڵ دەدەن کەشی ئایینی زاڵ لە چوارچێوەی مامەڵەی تاکەکەسیدا بۆ بەستێنێکی سیاسیی یان کاریگەری کۆمەڵایەتی بخەنە گەڕ. ئەمانە زیاتر لەژێر کاردانەوەی ڕەوتە ئیسلامییە توندئاژۆکان بەشێوەیەکی توندڕەوانە پەیڕەویی بنەماکانی ئیسلام دەکەن یان خوێندنەوەی توندئاژۆیانەیان هەیەو لەحاڵێکدا کە زۆرکات نکووڵی لە خواستی سیاسی بە تایبەت بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دەکەن، بەڵام خوێندنەوەو ڕێکارو هەنگاوەکانیان بەرەو گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسییە. بۆ ئەم مەبەستەش تەنانەت تەکفیری گشت خوازیارانی جیایی ئایینو دەسەڵات یان خود نەیارانی ئیسلامو ئەو هێزو دەسەڵاتانە دەکەن کە ڕێگرن لە بەردەمیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسیو دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی. دژایەتیی ئەمانە زۆر کات خۆی لە قۆناغی کردەوەییدا دۆزیوەتەوەو بەشێوەیەکی نەگونجاو لەگەڵ سەردەمی دیالۆگو لۆژیک مامەڵەیان کردووە.

دامەزراوەی دێموکراسی، وەک هەر سیستمێکی دیکەی خۆبەڕێوەبردنو پیادەکردنی دەسەڵات، کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا دادەنێ، بۆ نموونە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتو تێڕوانینیان بەرامبەر ئایینو کەلتوور. لە سیستمی دێموکراسیدا تاکەکان خاوەن مافی مرۆییو هاونیشتمانینو

بەشێوەیەکی ڕەها لە ئایینو کەلتوور ناڕوانن، چونکە ئازادیی ئایینو ئازادیی بیروڕا بەرقەرارە. بوونی ئازادیی بیروڕاو ئازادیی ئایین لە کۆمەڵگاکانی دێموکراتیکدا بوارێکی لەبار دەڕەخسێنی بۆ تاکەکان کە پێداچوونەوەیەک بەسەر بەها ئایینیو کەلتووریەکانیاندا بکەن. ئەمەش ئاستێکی بەرچاوی کاریگەریی دێموکراسی بەسەر ئایینو کولتووردایە، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئایینو نۆڕمەکانی کۆمەڵگاش لە جێگەی خۆیدا کاریگەرییان لەسەر شێوازو فۆڕمی دێموکراسی هەیە.

بەڵام ئەو پرۆسانەی کە پێگەی ئایینو کەلتووری باو دادەبەزێننو سەرەوژێریان دەکەنەوە، بریتین لە پرۆسەی ڕۆشنگەریو مۆدێرنیزم، هەروەک پرۆسەی چاکسازی ئایینیو سێکولاریزم لەسەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا. ڕۆشنگەریو مۆدێرنیزم سیستمی فیکری ئایینیو کەلتووری دەگۆڕن، بەو مانایە کە پیرۆزیەکان دەخرێنە ژێر پرسیارەوە، لەکاتێکدا سێکولاریزمو چاکسازیی ئایینی سیستمی خۆبەڕێوەبردنو حوکمکردن دەگۆڕن بەو مانایەی کە ئایین دەبێتە مەسەلەیەکی شەخسیو لە کاروباری خۆبەڕێوەبردن دوور دەکەوێتەوە. لەم حاڵەتەدا ئایین لە دەسەڵات دوور دەکەوێتەوە. هەموو ئەو پرۆسانە پێگەی تاک بەهێز دەکەن بەو مانایە کە مافو ئازادیەکانی تاک، هەروەها ئەرکەکانیشی، دەبن بە بەشێکی گرنگ لە کارو ئەرکەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەت. بارودۆخێکی لەم شێوەیە، لەکاتێکدا کە بایەخە هاوبەشە ئایینییەکان لاوازدەبن، هەندێ بایەخو نۆرمی نوێ دەکا بە پێویستی بۆ باشبەڕێوەچوونی دامودەزگاکانی وڵاتو کۆمەڵگا بەگشتی، بۆ نموونە هەستی بەرپرسیارێتی لای تاکەکانی کۆمەڵ یان هاونیشتمانان بەرامبەر بە یەکترو بەرامبەر بە کۆمەڵگا، هەروەها گیانی بەشداریکردن لە پرسە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا. ئەمەخۆی لەخۆیدا لایەنێکی گرنگی ژیانی دیموکراسیی ئەم سەردەمەیە.

ئەگەر پرۆسەی دێموکراتیزەبوونی کوردستانو پێگەی ئایینو کەلتوور لەو نێوەدا ببەستینەوە بەو مۆدێلە ڕۆژئاواییەوە، تێدەگەین کە کێشەکان لەچیدان. بەر لە هەمووشتێک پرۆسەی دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا زەحمەت دەبێ ئەگەر دەوڵەتێکی سەقامگیر لەڕووی سیاسیو ئابووریەوە لە ئارادا نەبێ. نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسیی سەقامگیر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکە لە قەیرانەکە. لە بارودۆخێکی ئاوادا ناکرێ چەمکی هاونیشتمانبوون پیادەبکرێو ببێتە بنەمای کاروباری ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵو دامودەزگاکان. هاونیشتمانبوون کە کۆڵەکەیەکی بنەمایی دێموکراسیی ئەم سەردەمەیە، مافو ئەرکەکانی هاونیشتمانان لە پەیوەندی لەگەڵ یەکترو لەنێو کۆمەڵگادا دیاری دەکا. جگە لەمانەش، کۆمەڵێک بایەخی ئایینیو کەلتووری لەو نێوەدا ڕێگرن لە کوردستانو هەم لە دنیای ئیسلامیش هێشتا چاکسازی ئایینی بەمانای دوورکەوتنەوە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆبەڕێوەبردنی خەڵکو

دەسەڵات ڕووی‌نەداوە، هەر بەوشێوەیە کۆمەڵێک پەیوەندیی خێڵەکی‌و نۆرمی کۆمەڵایەتی هێشتا باڵادەستن کە ڕێگرن لەبەردەم پرۆسەی بە دیموکراتی‌بوون. سەردەمی ڕێنێسانس بە ڕەخنەگرتن لە ئایین دەستی پێکردو بە جیابوونەوەی ئایین لە دەسەڵات کۆتایی هات.

ڕاستگۆیی‌و واقیع‌بینی‌و بێلایەنی لە ئاوڕدانەوە لە بزووتنەوە لە بزووتنەوە سیاسی- ئیسلامی‌یە بناژۆخوازەکاندا کە گەلانی جیهانی تووشی کێشەیەکی قووڵ‌و جیددی کردوە، یارمەتیدەر دەبێ تا مێژووی سیاسیی چالاکیی هەنووکەیان هەر یەک لە بازنەی خۆیدا بکەوێتە بەرباس. لە درێژەی ئەم باسەدا هەڵسوکەوتی بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکان لە قەوارەی خۆیاندا هەڵدەسەنگێندرێ.

لایەنگرانی بزووتنەوە ئیسلامی‌یە سیاسی‌یەکان بە ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازەوە ئیسلامیان خستۆتە گەمارۆی بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌یەکانیان و لە نێو خۆیاندا دوو بەرەی ناکۆک بە لێکدانەوەی جیاواز و دژ بەیەک بۆ بەرژەوەندیی تایبەت هەریەک ئەوی‌دیکە بە ناشەرعی و لادەر لە ڕێگای ئیسلامی ڕاستەقینە تاوانبار دەکا. هەریەک بە ڕوخساری ئیسلامی سیاسیی سەردەم و ئیسلامی سیاسیی سوننەتیی سەلەفی و سەرەتایی دروشمی پێداچوونەوەو ڕەوایی بەخۆ دەبەخشن. لایەنگرانی بزووتنەوە ئیسلامییە سوننەتی و سەلەفی‌یەکان بڕوایان بە بەشداری لە هەڵبژاردن و حکوومەتدا هەیە و توندوتیژی و ڕەشەکوژی و کردەوەی تیرۆریستی پەسند ناکەن و باوەڕیان بە سیاسەتی ئاشتی و برایەتی و تەبايي هەیە. ئەوان وا بیر دەکەنەوە ئەگەر بە ئەقڵی سەلیم و دوور لە خوێندنەوەی ئیدئۆلۆژیکیی توندڕەوانە بێ، بەستێنی ئەمن و ئاسایش و پێکەوە ژیان پێکدێ. وێنەی ئەم هەڵوێستانە لە وڵاتانی میسر، ئەلجەزایر، سوودان، تورکیە، ئۆردۆن و توونس بەرچاو دەکەوێ. لایەنی¬دیکە، ڕادیکاڵ و توندوتیژخوازن و خوازیاری پێداچوونەوەی ئیسلام بە خوێندنەوەیەکی سیاسی و ئامانجدار و گەیشتن بە دەسەڵات و حکوومەتی ئیسلامی لەسەر بنەمای توندوتیژی و بە دروشمی یەک جیهان و یەک حکوومەت هێڵیان بۆ کێشاوە. واتە، بەرنامە و پرۆژەی چەندین ساڵەیان لەسەر داڕشتوە و بنیات ناوە. هەر بۆیە هەموو ئەو حکوومەت و ڕێکخراوە ئیسلامی‌یە کۆنەپارێزانە بە لائیک و غەیرە لائیک بە بێ کیفایەت و بەرژەوەندیخواز لە ئیسلام بە لاڕێیی تۆمەت بار دەکەن. بانگەشەی جیهاد لە ڕێگای شەڕ و توندوتیژی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بە ئەرکی پێ ئەسپێردراوی ئیلاهی دەزانن. بە هۆی تێکەڵاویی نەتەوەیی، کەلتووری، جوغرافیایی، ئابووری لای زۆربەی گەلانی وڵاتانی ئیسلامی بووەتە مەترسی‌یەکی جیددی و ئەو پرسیارەی دروست کردوە کە ئێستا سەردەمی گۆڕان و

پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیا و زانستە و گەلانی دنیای ئیسلام لەسەر شێوەی ژیان و حکوومەتی داهاتوو دەبێ چۆن بیر بکەنەوەو چۆن بەرەوڕووی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریەکان ببنەوە؟

ململانێی ئیسلام و دێموکڕاسی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و ڕەنگە بەم زووانەش کۆتایی پێنەیە و بە تەواوی هیچ لایەکیان جێگا بۆ ئەوی دیکە چۆڵ نەکا. دوور نیە ئیسلام باوەش بۆ دێموکڕاسی و مافی مرۆڤ بکاتەوەو جۆرێک هاوکاری و تێکەڵاوی لەسەر بنەمای دێموکڕاسی و ئایین وەک بڕوای دەروونی و تاک پێک بێ، چونکە زۆر هۆکار سەلمێنەری ئەوەن و لە گەڵ یەک ناتەبا نین و پێویستە مەیدان بە یەکتری بدەن و لە گەڵ یەک هەڵبکەن. دێموکراسی و ئایین لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە لە گەڵ یەک دەژین و مێژووی تێکەڵاوی و هەڵکردن و کەلتووری پێکەوەژیانیان بەهێزە. هەرچەندە تاڕادەیەک چۆنیەتیی هەڵکردنی ئیسلام و دیموکراسیی جیاوازیی هەیە و لە هێندێک شوێن گرژی و ئاڵۆزیی لێکەوتۆتەوە، بەڵام گرژی و ئاڵۆزی بە مانای ناتەبایی و لە گەڵیەک هەڵنەکردن نیە و کەلتووری پێکەوە ژیان گەلێک لە تەنگ و چەڵەمەکان بەهێزترە.

دێموکراسی وەک ئەڵترناتیڤێک بۆ حکوومەتە پاوانخواز و نابەرپرسەکان، مێژووی بۆ حکوومەتەکانی زۆر کۆنی «ئاتێن» دەگەڕێتەوەو لەسەر تێپچووی ئەو حکوومەتانە سەری هەڵداوە و بۆتە داخوازێکی گشتی. مێژووی ئیمپراتۆر و حکوومەتە سەرەڕۆکان ئەوەی سەلماندوە کە ئەوەندەی حکوومەت و بزووتنەوە ئایینیەکان بۆ یەکتر ئاستەنگ بوون، قەت دێموکراسی و حکوومەتە لائیکەکان ئاستەنگ نەبوون. ناکرێ حاشا لەوە بکەین کە ئیمپراتۆرەکانی ئەمەوی، عەباسی، عوسمانی و سەفەوی بە ناوی ئیسلام لە خزمەت بەرژەوەندیی تایبەتیی بنەماڵەییدا بوون و بە ناوی ئیسلام دژی هەر بۆچوونێکی جیاواز وەستاون و هەر بۆچوونێکی لەوبابەتە بە دژی ئیسلام لێک دراوەتەوە و سەرکوت کراوە. هەنووکە بە بیرۆکە و بەناو پێداچوونەوە و چاکسازی و لاساکردنەوە لە ئیمپراتۆرە ئیسلامی و حکوومەتە بەناو ئیسلامیەیە سەرەڕۆکان و تاقمە بناژۆخوازەکان هەر ئەو ڕێگایە دەپێون کە پێشتر تاقی کراوەتەوە و ناسەرکەوتوو بووە.

بزووتنەوە ئیسلامیە توندڕەوەکان بەرژەوەندی و ڕای گشتی و مافی تاک لە گەڵاڵە نەخوازراوەکەی خۆیان لێک دەدەنەوە و هیچ ڕێزێک بۆ ڕای گشتی و ئازادی و مافی تاک دانانێن، بەڵام ئەوە لەبیر نەکەین کە ئەو بیرۆکە سەرەتا و هەمیشەیی و شەڕخوازانەیە هی تاقمێکی چەقبەستووە کە پێ لەسەر ڕای گشتی دادەنێن.

بیرۆکەی سیاسی ئیدئۆلۆژیکی حکوومەت و تاقمە بناژۆخوازەکان جێگای فەلسەفەی گشتیی ئیسلامی گرتۆتەوە و حەق و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئیسلامی ئەوەندەیە کە ئەوان بیری لێدەکەنەوە. هەرچەند ڕێبەرانی بزووتنەوە ئیسلامییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان دەسەڵاتداران و لایەنگرانیاندا نیە و هاوسەنگییەکی تەواو هەیە، بەڵام ڕای گشتی و ئیرادەی خەڵک جۆرێکی دیکە بیر دەکەنەوە. بۆچوونی تاقمە بناژۆخوازەکان لە نیزامی ئیسلامیدا ئیرادەی گشتی لە لایەن خواوە دیاری دەکرێ و دەبێ تاک لەو بازنەیەدا خۆی بدۆزێتەوە و نابێ جۆرێک بجووڵێتەوە کە پێچەوانەی بێ. ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان داخوازی تاکەکان و کۆمەڵگا بە هەند ناگرن و بە بڕوای ئەوان تاکەکان و کۆمەڵگا هەردەم دەبێ لە ژێر چاوەدێریی تەواودا بن. بەختەوەریی تاک بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندیی گشتیی ئیرادەی دەسەڵاتی سیاسی کە بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتیی پێک دێنێ.

پابەندبوونی تاک دەبێ بە ئیرادەی گشتی بێ و دەرفەت بە هیچ کەس نەدا بۆچوونی خۆی تێدا بگونجێنێ و رووحیاتی گشتی لە ڕاستیدا بەرژەوەندی و سەربەخۆیی تاک ڕەت دەکاتەوە و حکوومەت دەبێتە ئامرازی شەڕ و مشتومڕ و هەڵاواردن و مافی تاک پێشێل دەکرێ.

زۆر جار باسی دامەزراوەی «شووڕا» لەسەر بنەمای شەریعەت دەکرێ و دەبێ ببێتە سەرچاوەی ئیرادەی گشتی و داخوازەکان بە شێوەی تەگبیرورِا یەکلا بکرێنەوە و مافەکان بۆ خاوەنیان بگەڕێنەوە و سەربەخۆیی ژیان بۆ خەڵک دابین بکرێ. ئەو کاتەیە حکوومەت ڕێز لە ئیرادەی خەڵک ناگرێ و لە بەرامبەر داخوازەکاندا وڵامدەر نابێ و بە پاساوی ناشەرعیبوون هەر داخوازێک دەمکوت دەکا و هێرشی دەکاتە سەر. ئەسڵی شووڕا دەچێتە ژێر پرسیار و حکوومەت لە ئاست داخوازە گشتییەکاندا دەبێتە حکوومەتێکی سەرەڕۆ و نادێموکراتیک و دامەزراوە کۆنترۆڵکراو و نادێموکراتیکەکان بەسەر خەڵکدا فەرز دەکا. بە بڕوای بناژۆخوازەکان ئەوە ئەرکی ڕێبەرانی ئایینی و حکوومەتی ئیسلامییە کە دڵنیا بن خەڵک (ئوممەتی ئیسلامی) لە ڕاسپاردەکانی ئەوان لایان نەداوە.

بەم جۆرە دەردەکەوێ جارێکی دیکە خەڵک لە مافی تاک بێبەش دەکرێ و مافی چاوەدێری بەسەر حکوومەتی لێزەوت دەکرێ. سەید قوتب یەکێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی ڕای خۆی بەم جۆرە لە سەر حکوومەت دەردەبڕێ: «خەڵک لە دیاریکردنی سیستەمی سیاسی- کۆمەڵایەتیدا سەربەستن بەو جۆرەی لە بەرژەوەندییاندایە، دیاری بکەن، چونکە سەرەکیترین ئەرکی حکوومەت لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی خەڵک و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگایە». هەرچەندە دەستووردانی تاک ڕەت دەکاتەوەو کۆمەڵ و تاک دەبێ پێڕەوی لە یاسا

بكەن، بەڵام لەسەر ئەو باوەڕەیە كە پێڕەویكردن لە حكوومەت نە موتڵەق و نە لە كات بەدەرە، بەڵكوو خەڵک ئەركدار دەبێ. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە: »ئەگەر حكوومەت بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی خەڵک و ڕاسپاردەكانی خوا هەڵسوكەوت بكا، خەڵک بە پێی دەستووری قورئان دەتوانن دژی بوەستن و تەنانەت شۆڕشیش بكەن». هەڵەی حكوومەتە ئیسلامیيەكان لەوەدایە كە پێیان وایە ئەو ئەركە لە لایەن خواوە پێیان دراوە، واتە نە خەڵک پێی داون و نە خۆشیان وەدەستیان هێناوە، بەڵكوو ڕاستەوخۆ لە لایەن خواوە پێیان سپێردراوە. سەید قوتب باوەڕی بە دەسەڵاتی تاک نەبوو و ئەو سیستەم و حكوومەتانەش كە لە لایەن خەڵكەوە دیاری دەكرێن ڕەت ناكاتەوە، بەڵكوو لە بەرژەوەندیی خەڵكیان دەزانێ و هەروەها چاوەدێری بە سەر دەسەڵاتدا بۆ خەڵک دەگێڕێتەوە.

ڕێكخراوە ئیدئۆلۆژیكیيە سیاسی- ئایینیيەكان خوازیاری گەیشتن بە دەسەڵاتن، زۆر كات سەربەخۆ نەبوونە و گوێلەمستی حكوومەتەكانی بەناو ئیسلامي بوون و زیاتر كەوتوونەتە ژێر ڕكێفی سیاسەتی ئەوان و بۆ بەرژەوەندی ئەو حكوومەتانە دژایەتیی یەكتریان كردوە و پێكهێنەری ڕقەبەرایەتی و خولقێنەری قەیران لە نێو خۆیاندا بوون.

مێژووی ڕێكخراوە ئیسلامیيە سیاسیيەكان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی زایینی یانی سەرەتای ئیسلام و «خولەفای راشیدین»، ئەوكات وەک هەر ڕووداوێكی دیكەی مێژوویی تووشی جیابوونەوە و لێكدابڕان بوون. بزووتنەوە ئیسلامیيەكان وەک بزووتنەوەیەكی جەماوەری لە دەوری بیرۆكەی ئیسلامی ڕاستەقینە كۆبوونەوە، بەڵام ڕێكخراوێكی بە مانای ئەمڕۆیی نەبوون و تەنیا وەک بزووتنەوەیەكی سیاسی سەرەتا هەڵوێست دەگیرا. زۆربەی ئەو بزووتنەوە ئایینیيانە نە تەنیا مەبەستیان ئاڵوگۆڕی سیاسی و قەوارەیی بوو، بەڵكوو هەڵوەدای وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسییش بوون. بەشێک لەو بزووتنەوانە بە ناوی «تەشەییوع» وەک بزووتنەوەیەكی سیاسی و لە بواری ئیدئۆلۆژیكیيەوە بە جۆرێک داڕێژراون كە تایبەتمەندیيەكانیان بە تەواوی لە لایەنی بەرامبەریان جیا دەكاتەوە. ئەگەر ئەوكات وەک بزووتنەوەیەكی سیاسی - ئایینی سەری هەڵدا، ئێستاشی لە گەڵدا بێ دوای سەدان ساڵ هەر بە دوای ئەو بیرۆكەیەوەن. ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ كە ئەگەر ئەو بزووتنەوە ئیسلامیيانە قاڵكراوی مەكتەبی ئیسلامی ڕاستەقینەن و تەنیا مەبەستیان بەجێ گەیاندنی ڕاسپاردە و ئەركی ئیلاهیيە، بۆچی ئەم ڕێكخراوانە بەرەو لاوازی چوون؟

حاشا هەڵنەگرە کە ئەو بزووتنەوە بەناو ئیسلامی‌یانە بە تەواوی تێکەڵاوی سیاسەتن و بەدوای دەسەڵاتەوەن و مەبەستیان کەڵکوەرگرتنی خراپ لە هەست و نییەتی پاکی کۆمەڵانی خەڵکە بۆ مەبەستە سیاسی‌یەکانیان. بۆ وێنە کۆمەڵێک فاکتۆری حاشاهەڵنەگر وەکوو لادان لە بەرژەوەندیی گشتی، گەڕان بەدوای قازانجی تاک و تاقمی ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوانەدا، یارمەتی و پشتیوانی هێندێک حکوومەتی بەناو ئیسلامیی ناوچە، و بارودۆخی سیاسی و کەلتووری خوڵقێنەری ئەم بارودۆخە بووە.

ڕێکخراوەکانی بناژۆخوازی ئیسلامی لە بواری تیۆریک و سیاسی‌یەوە بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو نین، بەڵام لەسەر بنەمایەکی ڕواڵەتی و شەرعییەتدان بە خەبات و پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی کۆکن. هەرچەند ئەو بۆچوونانە بوونەتە فەلسەفەی سیاسی - تیۆریی ئەم ڕێکخراوانە، بەڵام لە ڕاستی‌دا هێندێک بۆچوونی تاکە کەسی و گرووپیی فۆرمۆلەکراو بوونە نێوئاخنی میتۆدی فیکری و نانەوەی جیاوازی و پاوانخوازی و سەرچاوەی ناتەبایی. حەقیقەت و ڕاستی هەر لای ئەوانە و بەس. یەکلایەنەبوونی حەقیقەت و ڕاستی‌یەکان، گیانی مەزنی‌خوازی و پاوان‌خوازی و ئیددعای نیازپاکی و دڵسۆزی و شارەزایی، هەر کەس و لایەنێک لە خەت و بانگەوازی ئەوان لا بدا بە لاڕێدا چووە و لە خۆیانی نازانن. ئەو ئیددعایە بۆ خۆی نیشانەی بەرچاوتەنگی و نەزانی‌یە. لە نیزامی ئیسلامی سیاسی‌دا ئیرادەی گشتی بە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی ئاسمانی تەعبیر کراوە و کەس بۆی نیە دژی بوەستێ. توندڕەوەکان ئازادی و مافی تاک بە هەند ناگرن و تاک دەبێ بە تەواوی لە ژێر چاوەدێریی ئەواندا بێ. ئەرکی حکوومەتی بەناو ئیسلامی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و ئامرازی هاوئاهەنگی و کۆنترۆڵکردنی تاک و پێشگرتن لە هەڵەیە. بەم جۆرە هیچ مافێک بۆ تاک نامێنێتەوە و کەسایەتیی بەرەو لەنێوچوون و توانەوە دەچێ. مرۆڤ بۆی نیە دژی حکوومەتی ئیسلامی بوەستێ و پێش بە یاسای شەریعەت و ئیلاهی بگرێ و پێڕەوی لێ نەکا، چونکە ئەو بزووتنەوە شەڕخوازانە گەلاڵە و بەرنامەی خۆیان بە جێگای بەرنامەی ئیلاهی دەرخواردی خەڵک دەدەن و بەسەر خەڵکدا فەرزی دەکەن و بە جێگای حکوومەتی خەڵک و بەرژەوەندیی گشتی دەی‌سەپێنن. ئەو کاتەیە کە سەرەتای دەسەڵاتی دیکتاتۆری دەست پێ‌دەکا و هەموو ئازادی‌یەکی تاک و کۆمەڵ زەوت دەکا و لە بەرژەوەندیی دەوڵەت و ئیرادەی حکوومەتی دیکتاتۆری‌دا قاڵ دەبێتەوە. ئەو تاقمە بناژۆخوازانە ئەوە بە ئەرکی حکوومەت دادەنێن و بە واجباتی ئیلاهی دەی‌سەپێنن، بە لێکدانەوەی خۆیان نابێ خەڵک لە ئامۆژگاری‌یەکانیان دەربچن.

سەید قوتب، ڕەوایی تاک ڕەت دەکاتەوە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ ئەو دەسەڵاتە کە لە لایەن خەڵکەوە دیاری کرابێ، دەبێ لایەنگری و پشتگیریی لێ‌بکرێ و لە گەڵ شەریعەتی ڕاستەقینەی ئیسلام دژایەتی نەکا. بۆچوونی

سەیید قوتب ئەوە دەگەیەنێ کە حکوومەت بە پێی ڕێکەوتنی گشتی و دەسەڵاتی زۆرینە پێک بێ. ئەو بزووتنەوە ئیسلامییانە نوێنەری زۆرینەی موسوڵمانان نین و تەنانەت نوێنەری هەموو بزووتنەوە ئیسلامییەکانیش نین، بەڵکوو تەنیا تاقمێکی بناژۆخواز لەخۆ دەگرن. لە ڕاستیدا ئەو بزووتنەوە ئیسلامییانە لەسەر بەرژەوەندیی سیاسیی حکوومەتە بەناو ئیسلامییەکانی ناوچە پێک هاتوون و لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی ئەواندا چالاکن و هەموو پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی ئەو بزووتنەوانە لەو حکوومەتانەوە دابین دەبن و مەبەستی سەرەکی لە پێکهاتنی ئەو گرووپانە ئاژاوەنانەوە و قەیرانخوڵقێنییە، چونکە خۆیان هەڵقوڵاوی قەیرانن.

بەشێک لە ڕێژیمەکانی وڵاتانی ئیسلامی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە و دەست تێوەردان پەسند ناکەن و سیاسەتی ئاشتی و پێکەوەژیان پەیڕەو دەکەن و بەرژەوەندیی گشتی و ئەمنییەتی وڵات بە گرینگ وەردەگرن. هەرچەند لەو وڵاتانەش نەبوونی ئازادیی ڕێکخراوەیی، نەبوونی ئازادیی ڕۆژنامەوانی و ڕادەربڕین، نەبوونی یەکیەتی و ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکان و ... هتد، جێگای ڕەخنەیە و بۆتە هۆکاری توندوتیژی و هەستی تۆڵە و کردەوەی ناشیرین لە لایەن دژبەرانیانەوە. بە واتایەکی دیکە ئەگەر ئەو حکوومەتانە ڕێگای ئازادی و بەرەو دێموکراسییان بڕیبایە، وێ دەچوو تاقمە توندڕەوەکان دەرفەتی ئەو هەموو کردەوە ناشیرینەیان بۆ نەڕەخسایە. زۆربەی بزووتنەوە ئیسلامییە میانەڕەوەکان باوەڕیان بە هەڵبژاردن و هەڵبژێران و بەشداربوون لە حکوومەت و پارلماندا هەیە. ڕێبەرانی ئیسلامی میانەڕەو پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئازادی و مافی تاک و کۆمەڵ لە ئیسلامدا دەبینن و بۆچوونیان وایە کە گەلانی ژێر چەپۆکەی حکوومەتە ئیسلامییەکان مافی بێ ئەملاوئەولای خۆیانە حکوومەتێکی دێموکڕات کە وەڵامدەر بە داخوازی گشتی و مافی تاک بێ و ڕێز لە ئازادی بگرێ، هەڵبژێرن. ئەرکی حکوومەت بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتە و چونکە خەڵک بە ڕەغبەتی خۆیان دەنگیان پێداون و هەڵیانبژاردوون ئەو مافەشیان هەیە هەر کاتێک سەرەڕۆ و لاڕێ بوون،و مافی خەڵکیان پێشێل کرد بگۆڕدرێن. سەرەڕای ئەو ڕاستییە ئەو حکوومەتانەی باوەڕیان بە دێموکڕاسی نیە بانگەشەی ئەوە دەکەن لەمپەری بەردەم دێموکراسی و ئازادی کولتووری دواکەوتووانەی کۆمەڵگایە. بەشێکی دی وا بیر دەکەنەوە هەنووکە بەستێنی دێموکراسی و ئازادی پێک نەهاتوە. کەم نین ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە و پێیان وایە کە دێموکڕاسی تاقیکراوەی ڕۆژئاوایە و لە گەڵ کەلتووری گەلانی ناوچە ناتەبایە و گواستنەوەی ئەو کەلتوورە نامومکینە. ئەو بۆچوونانە بنەمای ڕاستەقینەیان نیە و لە ڕاستییەوە دوورن و پاساوی مانەوە بۆ دەسەڵاتی پاوانخوازانەیانە. بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە و باس و خواسێکی زۆریشی لە پێوەندی لە گەڵ چالاکیی مەدەنی و بەشداریی گشتی بۆ دیاریکردنی حکوومەتی زۆرینە و پاراستنی مافی کەمینە و حکوومەتی

شەراکەتی، تەوافوقی و وەڵامدەر هێناوەتە گۆڕێ. ئەگەر هێندێک لەو تاقمە سەرەڕۆ و ئاژاوەگێڕانەیان لێهەڵاوێرن، بەشێک لەو ڕێکخراوە ئیسلامییانە باوەڕیان بە توندوتیژی نیە و خوازیاری بەشداریکردن لە پرۆسەی مەدەنی و هەڵبژاردن و هەڵبژێران و بەشداری لە حکوومەتداری دان. بەڵام زۆربەی حکوومەتەکان لە گەڵ دابەشکردنی دەسەڵات دژایەتی دەکەن و دەرفەت بە ڕێکخراوەکانی مەدەنی، پیشەیی، فەرهەنگی، ئایینی، خوێندکاری، ژنان و... هتد، نادەن و دەرفەتی بەشدارییان بۆ نارەخسێنن. هاوکات لەگەڵ شەپۆلی دێموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٨٠ی زایینی سەرەڕای زۆربەی ڕێکخراوە ئیسلامی و لائیکەکان، خوازیاری بەشداری لە ڕەوتی دێموکڕاتیزە بوونی وڵاتن، بەڵام لە لایەن حکوومەتە نادێموکڕاتیک و نەخوازراوەکان دەرفەتی بەشدارییان لێزەوت کراوە و لە هێندێک وڵاتدا ئەگەر دەرفەتیان بۆ ڕەخسابێ و مافی بەشدارییان پێ دابن، هەرکات هەستیان بە مەترسی کردبێ، بە هێزی سەربازی سەرکوتیان کردوون. بەشداریی بەرەی ڕزگاریی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینی لە ئەلجەزایەر و دوای ئاشکرابوونی ڕای گشتی و سەرکەوتنی بەرچاوی لە هەڵبژاردندا هێرشی نیزامییان کرایە سەر و بە هەزاران کەس لە ڕێبەران و کادرو لایەنگرانیان کەوتنە بەندیخانە و دەست بەسەر و دەربەدەر کران. بەشداریی حیزبی «رفاه» لە ساڵی ١٩٩٥ لە تورکیە و بە دەیان نموونەی دیکە دەردەکەوێ کە زۆربەی حکوومەتە ئیسلامییەکانی ناوچە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە گەڵ تاقمە بناژۆخوازەکان نیە و لە زۆر شوێن و کردەوەی تیرۆریستی یارمەتیدەریان بوون. بۆیە وەک زەروورەت و پێویست هەست پێدەکرێ کە ئەو حکوومەت و تاقمە سەرەڕۆ و نابەرپرسانە دەست لە کردەوەی ناشیرین هەڵ بگرن و بەرەو ئاشتی و پێکەوە ژیان هەنگاو بنێن. ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی عەرەبی و باکووری ئەفریقا دەریخست کە یەکگرتوویی نەتەوەیی و شێوە چالاکیی جەماوەری ناتوندوتیژ توانای گۆڕینی حکوومەتە تاکڕەو و دیکتاتۆرەکانی هەیە و ڕێرەوی سیاسیی وڵات بکەوێتە دەست کەسانێک کە لە بەرژەوەندیی گەل لانادەن و لە هەمان کاتدا پێویستە گەلیش بە پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی هەمەچەشنی مەدەنی، چاوەدێر بێ بەسەر حکوومەتدا تا ئیزن بە دەسەڵات نەدا لە بەرژەوەندیی گشتی وڵات لابدا و بەرەوە تاکڕەوی بڕوا.

هەرچەند شانۆی سیاسی - ئیسلامی تا ئێستاش بوونی ڕژێم گەلێک بە ناوئاخنی سیاسەتی تاکڕەوانە و سەرکوتکەرانەوە، کە لەگەڵ هەر چەشنە داخوازێکی دێموکڕاتیک ناتەبان و سیاسەتی نیزامیگەریی سەرکوت پێڕەو دەکەن و وڵات بەرەو وێرانی دەبەن، تەحەمول کردوە؛ بەڵام گەلانی ژێردەستە لە پێناو وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی، دێموکڕاتیک و ئازادیخوازانە جگە لە تێکۆشان بۆ لادانی ڕێژیمی پاوانخواز، ڕێگایەکی دیکەیان لەبەردەمدا نیە تا وڵات لەم جیاوازییانە پاک بکەنەوە و مافەکانیان دەستەبەر بکەن.

جیهان بە هۆی پێشکەوتنی عیلم و زانستەوە بۆتە گوندێکی بچووک، بۆیە شەڕوشۆڕ جێگای نابێتەوە و دەکرێ لە خۆی دوور بخەنەوە و ئاڵوگۆڕ بەسەر خۆیاندا بێنن. ئەوەیە پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی فیکریی هەمەلایەنە هەیە کە داهاتووی ئەو گوندە دیاری دەکا. ئەو گوندە بچووکە هی هەمووانە و دانیشتووەکانیشی داهاتوویەکی هاوشێوەی یەکیان هەیە بەو مەرجەی هەموویان لە ئاست پێشکەوتن و ئەمنییەتی کۆمەڵگادا هەست بە بەرپرسایەتی بکەن.

لە ژمارە ٦١٠ - ٦١١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوون و ٧ی جوولای ٢٠١٣

# بنەماکانی ڕێژیمی تۆتالیتێر

شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران بەرهەمی خەباتو خوێنی دەیان هەزار شەهید بوو، لەپێناو ئازادیو رزگاری لە چەنگ حکوومەتی پەهلەوی. گەلانی ئێران بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی چاوەڕوان بوون بە هاتنەسەرکاری حکوومەتێکی دیموکراتیکو وڵامدەر، وێڕای بەشداری کردن لە حکوومەتو سیستمی دەسەڵاتدارێتی وڵات، ئاوڕ لە مەینەتییەکانیان بدرێتەوەو بە داخوازییە مەدەنیو مافە نەتەوایەتییەکانیان بگەن. رێبەرانی مەزهەبی بە بیرۆکەیەکی لەپێشدارێژراوو لەسەر بنەمای دوگمو ئیدیۆلۆژی وشکی مەزهەبی دەسکەوتەکانی شۆڕشیان گەمارۆ داو بە مەبەستی بەلارێدابردنی، لە بەرامبەر هەر راوبۆچوونێکی جیاواز هەڵوێستیان گرت. بە زەقکردنەوەی دروشمی ئومەتی ئیسلامیو «حیزب تەنیا حیزب اللەو رێبەر تەنیا روح اللە»، هەنگاو بەرەو دەسەڵاتێکی تاکەکەسیو تۆتالیتێر هەڵێنرا. هەموو ئەو بانگەشەو دروشمانەی کە هەوێنی یەکریزی خەڵک بوونو شۆڕشی دژە دیکتاتۆری پەهلەوییان بە ئاکام گەیاندبوو، لەبیر کرانو کۆماری ئیسلامی لە رێفراندۆمێکی بەرتەسک بە دوو بەربژاری «بەڵێ و نەخێر» لەمەڕ سیستمی سیاسی وڵات، سەپێندراو بوو بە واقیعێک بە سەر گەلانی ئێراندا. واقیعێک، بە ناوەڕۆکی پاشکەوتوو و نەریتیو بە کارکردی شێوەمۆدێرن، کە نارێک لەگەڵ سەردەمو ناتەبا لەگەڵ هەموو یاساو رێسا سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بوو و دژایەتی لەگەڵ بنەما دیموکراتیکەکانو داخوازییە نەتەوایەتییەکان دەکرد، دەسپێکی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی مسۆگەر کرد.

ئەگەر داخوازییەکانی خەڵک لە سێبەری مۆدێرنیسمی خۆسەری پەهلەوی بێوڵام مانەوە، حکوومەتی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامیش لە وەدیهێنانی دروشمەکانی «خەڵکسالاری دینی» ناکام ماوە. زۆری نەخایاند دژایەتی لەگەڵ هەر راوبۆچوونێکی جیاواز نیشاندراو رێکخراوە سیاسییەکان بە بیانووی جۆراوجۆر لە چالاکی وەستێندرانو هەڵوەشاوە راگەیەندرانو هەڵسوکەوتیان کەوتە ژێر چاوەدێری. بە بەدامەزراوەکردنی ئیدیۆلۆژی وشکی مەزهەبیو بەم رێنماییە کە «هەر کەسو لایەنێک کە لەو بۆچوونەدا جێ ناگرێ، دژایەتی دەکرێ»؛ ئاستەنگ لە بەردەم نەتەوەکانیتر، بەتایبەتی گەلی کورد ساز کراو جیابیران کەوتنە ژێر گوشارو نۆستالژی تێفکرینی پەهلەوی وەڕمێن کەوتەوە؛ و «ئێران یەک وڵاتو یەک نەتەوەیەو هیچیتر» بوو بە تەوەری سیاسیکاری ناوخۆیی کۆماری

ئیسلامی. جیاوازییە نەتەوەیی، مەزهەبیو کلتوورییەکان پشت-گوێ خرانو هەنگاو بەرەو یەکدەستکردنو یەکڕەنگکردنی دەسەڵات هەڵگیرا.

مەبەست لە ڕژێمی ئیدیۆلۆژیک، ڕژێمێکی ئامانجدار بە پەرەپێدانی ڕێبازو ئیدیۆلۆژی خۆیەتی کە بە حەولدان بۆ گشتاندنی ئەو فکرو ئەندیشەیە لە سەرتاسەری وڵات، هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خەڵک لەو چوارچێوەدا کانالیزە دەکا. تایبەتمەندی سەرەکی ساختاری ئیدیۆلۆژیک ئەوەیە کە بەدەر لە ئیرادەی خەڵکەو کارتێکەری خەڵکی لەسەر نییە؛ بە پێچەوانەی دەزگای کردەکیو یاسادانان کە بە رواڵەت لە هەڵبژاردنەکاندا خەڵک کاریگەرییان هەیە.

لە ڕژێمە ئیدیۆلۆژیکەکاندا تەنیا ئەو کەسو لایانانە دەتوانن لە دەسەڵات نزیک ببنەوەو جێگا بگرن کە باوەڕی تەواویان بە ئیدیۆلۆژی دەسەڵات هەبێو لە دەزگای هەڵاواردنو گۆزینێشی حکوومەت دەرچووبن. دەردەکەوێ کە بنەمای بەشداری، شارەزاییو لێهاتوویی نییە، بەڵکوو ئەساس پێوەندی عەقیدەتییەو هیچیتر. ئیدیۆلۆژی ئاوێتە بە سیاسەت ، هەر چەشنە ڕێفۆرمێکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بە مەترسی لەسەر خۆی دەبینێو لە هەر ئاڵوگۆڕێک لە ساختاری دەسەڵاتی ئیدیۆلۆژیک نیگەرانەو هەر شێوە کردارێکی هاوڕاستا لەگەڵ تەوەری ئیدیۆلۆژیک پاساوهەڵگر دەکاو لەسەر بنەمای ئەو تێفکرینە، شەڕو بەکارهێنانی توندوتیژی بە ڕەوا دەزانێو لەگەڵ دێموکراسی، ئازادی، ڕادەربڕینی ئازاد، کۆمەڵگای مەدەنیو لیبراڵیسم دژایەتی دەکا. بەم پێیە لە سیستەمە ئیدیۆلۆژیکەکاندا ڕووبەڕووبوونەوەی حکوومەتو کۆمەڵگا بەردەوامو هەمیشەییەو هەنگاو بەرەوپێش نانی هەر کام لەو ڕکەبەرانە، ڕاستەوخۆ بە مانای پاشەکشەی ئەوی دیکەیە.

ئارمانی ئیدیۆلۆژیک، گریمانەو بەرتەسک بە ڕای جیاوازو ئازادی تاکو کۆمەڵ ناکرێو باوەڕمەندانی بۆچوونی ئیدیۆلۆژیک، لە سەرووی یاساو مافەکانی تاکو کۆمەڵ دادەنرێنو بۆ هەر چەشنە کردارێک ئامادە دەکرێنو دەرفەتی لادانو دەربڕینی ڕاوبۆچوونی جیاوازیان لێوەردەگیرێت؛ بەم هۆیە کە قایل کراون کە ئەوە ئەرکی پێئەسپێردراوەو جێبەجێکردنی بە هەر نرخێک پێویستە. بەستراوەیی بە قوتابخانەیەکی فکری داخراو کە هەم بانگەشەی ئارمانی دەکاو هەم بەرنامەکار دەخاتەڕوو و هەم سەرچاوەی شوناسی سیاسییە، جێگایەک بۆ پێداچوونەوەو دوورنواڕیو گۆڕانکاری ناهێڵێتەوە. چوارچێوەیەکی دوگماتیک، کە بە لێڕوانینی باوەڕمەندانی بە پێشهاتو واقیعی حەتمی دەبینرێت، تا ئەو جێگایە کە تووشی لەمپەرو بەربەست نەبێت، پێشڕەوی دەکا. خۆ بواردنی حکوومەتە تۆتالیتێرەکان لە چاکسازیو ڕێفۆرم، وێڕای تەواوی ناکارامەییو نەگبەتیو ڕەشەکوژییەکانیانو

پێداگرییان بۆ لەسەر دەسەڵات مانەوە؛ تا ئەو کاتە کە تووشی هەڵگەڕانەوەو سەرهەڵدانی خەڵک دەبن، سەرچاوەگرتوو لەو تێفکرینە وشکو نەچەمێنەیە.

هەنووکە ئیدیۆلۆژی ئیسلامی تووشی بێباوەڕێکی بەربڵاو هاتووەو ئەوە نیشانەیەکی بەهێزە کە حکوومەتی تۆتالیتێری ئیسلامی لە دەورانی کۆتایی خۆی نزیک دەبێتەوە. ئیدیۆلۆژی ئیسلامی وڵامدەری پێویستییەکانی سەردەم نییە، و سەرەڕای ئەوە کە بە رواڵەتو بە بانگەشە پارێزراوە بەڵام لەراستیدا لە کردەوەدا زۆر جیددی وەرناگیرێتو بەردەوام بە پێچەوانەی رێنماییە ئیدیۆلۆژیکەکان هەڵوێست دەگیردرێت. ئیدیۆلۆژی سەرپۆشێکە بۆ ناوەڕۆکێکی پوکو پووچ، کە بە کۆمەڵێک «حوکمی حکوومەتی»و فەرمانی رێبەری جێگۆڕکێی پێکراوە. فەلەجی ئەو دەزگا حکوومەتییە بۆ تەواوی سیستمی بۆرۆکراتیکی وڵات تەشەنەی سەندووەو لە راستیدا ئەگەر حکوومەتی دینی هەروا بەردەوامە، نەک بەهۆی توانای ئیدیۆلۆژی ئیسلامی بۆ وڵامدانەوە بە پێویستییەکانی کۆمەڵگا، بەڵکوو بەهۆی گۆڕانی حکوومەت بۆ دیکتاتۆرێکی تۆتالیتێر بووە. پێویستە دەرفەتی لەبار بقۆزرێتەوە بۆ لێدانی گورزی کاریگەر لە چەقی قورسایی حکوومەت. رووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی شیاوی رەخسانەو بەدەر لە توانای کۆمەڵانی خەڵک نییە.

لە ژمارە ٦٢٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٤

## دیاردەی داعش و گوتاری دەوڵەتی ئیسلامی

داعش، درێژەپێدەری ڕێبازی گرووپی «تۆوحید و جیهاد»ە کە بەرەی بەرەنگاری لە عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق پێکیهێنا. ئەو گرووپە چالاکییەکانی تەنیا بە هێرشکردنە سەر سەربازانی ئەمریکایی بەرتەسک نەکردەوە و بە هێرشی ئینتحاری، شیعە و مەسیحییەکانیشی کردە ئامانج. یەکەمین ڕێبەری «تۆوحید و جیهاد» ئەبومسعەب زەرقاوی، جیهادیی ناسراوی خەڵکی ئۆردۆن بوو. لە سەردەمی زەرقاویدا، گروپی «تۆوحیدو جیهاد» ڕێکخستنەکانی خۆی تێکەڵ بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کردو بە «ئەلقاعیدەی عێراق» ناوبانگی دەرکرد. زەرقاوی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە هێرشێکی هێزە تایبەتەکانی ئەمریکادا کوژرا و لەشوێن ئەو «ئەبوحەمزە ئەلموهاجر» بوو بە سەرۆکی «تۆوحید و جیهاد». هەر ئەو ساڵە «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق» بە ڕێبەری «ئەبوعومەر بەغدادی» و چەندین ڕێکخراوی چەکداری شیعەی وەکوو «جەیشی ئەلمەهدی» بەدژی داگیرکاری ئەمریکا، دروست بوون.

«دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق» چەندین چالاکی وەکوو ئازادکردنی زیندانیانی «ئەبوغرێب»، هێرشکردنە سەر بانکی ناوەندی عێراق و وەزارەتی دادی ئەو وڵاتەی لە کارنامەی خۆیدا تۆمار کرد. ئەلموهاجرو ئەبوعومەر لە هێرشی هێزە هاوبەشەکانی ئێراقو ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٠ کوژرانو «ئەبوبەکر بەغدادی» سەرۆکایەتی هەر دوو گروپی گرتە دەست.

«دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق» لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەبوبەکر بەغدادی چالاکییەکانی پەرە پێدا و لە بەهاری ٢٠١٣ بەدواوە وەکوو هێزێکی سەربازی دیار دەرکەوت. لەو کاتەڕا، ئەو ڕێکخراوە چووە ناو بەرەی شەڕی ناوخۆیی سووریە. یەکێک لەو ڕێکخراوە چەکدارانەی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە، «جیبهەی نوسرە» بوو کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١ وەکوو گروپێکی سەلەفی ئیسلامگەرای سەر بە ئەلقاعیدە خۆی ڕێکخستبوو. دەوڵەتی ئیسلامی عێراق لەشوێن بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و «جیبهەی نوسرە» بەدوای دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی لە شام بوو. ئەو دوو هێزە سەرەڕای هەندێ جیاوازی، لە خاڵێکی بنەڕەتیدا بە یەک دەگەیشتن: بناژۆخوازی ئیسلامی جۆری سەلەفی. ڕیشەی سەلەفی ئەو دوو جەریانە لە لایەکو پێویستی یارمەتیدانی نیزامی

یەکتر لە لایەکی تر، بووە هۆی ئەوە کە سەرەنجام لە ٩ی مارسی ٢٠١٣ ریزەکانی خۆیان یەکبخەنو «دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام» (داعش) دابمەزرێنن. ئەو ڕووداوە پاش ئەوە رووىدا کە هەر دوو ڕێکخراو، پێرەوی کردنیان لە ‹ئەیمەن ئەلزەواهێری» ڕێبەری ئەلقاعیدە راگەیاند.

تەقاندنەوەی ناوەندی ستادی هاوبەشی سووریە کە بووە هۆی کوژرانی وەزیری بەرگری ڕێژیمی ئەسەدو هەروەها تەقینەوە لە باشگای ئەفسەرانی ئەو وڵاتە، کاری هاوبەشی ئەو دوو ڕێکخراوە بوون. پاش چەند مانگ لە راگەیاندنی یەکگرتنی ئەو دوو هێزە، «ئەیمەن ئەلزەواهیری» بە ڕەخنەگرتن لە هەڵسوکەوتی داعش، هەر شێوە پێوەندییەکی لەگەڵ داعش رەتکردەوە. لەمەودوا داعش لێبڕاوانە وەدوای ئامانجی دوایی خۆی واتا دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی و بەڕێوەبردنی یاساکانی شەرع لە عێراق و سووریە، کەوتووە.

خەباتی چەکداری جیهادی، ڕێبازی سەرەکی ئەو ڕێکخراوەیە و « دەوڵەتی ئیسلامی» یۆتۆپیاو ئارمانشاری ئەو ڕێکخراوە بۆ عێراقو سوریەیە. بۆ ئەم مەبەستەش، بەدژی هەردوو حکوومەتی شیعی نووری مالیکی لە عێراقو دەوڵەتی عەلەوی بەشار ئەسەد لە سووریە شەڕ دەکا. بەکار هێنانی ناوی «شام» کە ناوچەیەک بە پانتایی سووریە، ئۆردۆن، لوبنان، ئیسرائیل، فەلەستین و بەشێک لە عێراق و سەحرای سینا لەخۆ دەگرێ، نیشاندەری شێوەی بیرکردنەوەو ئاواتی ئەو ڕێکخراوە بۆ گەڕانەوەی ناوچە بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارێتی خەلافەتی ئیسلامییە.
ئەو گروپە وەکوو دەوڵەت هەڵسوکەوت دەکاو گروپەکانی دیکە یا دەبێ لەگەڵ داعش تێکەڵ بن و یا ئەوەیکە هێرشیاندەکاتە سەر. لە حاڵێکدا کە گرووپەکانی دیکەی نەیاری ئەسەد لەشەڕی فەرسایشی دان، داعش خەریکی داگیرکردنی ناوچەکانی ژێرکۆنترۆڵی شۆڕشگێڕەکان دایە. لە ڕۆژهەڵاتی سووریە، داعش کۆنترۆڵی ناوچە نەوتییەکان، دامەزراوە پیشەییەکانو بەشێک لە سەرچاوە پڕداهاتەکانی بەدەستەوە گرتووە. لە عێراق، ماوە بە ماوە پارێزگایەک داگیر دەکاو یاسا و پرەنسیپەکانی خۆی دەچەسپێنێتو دەوڵەتداری دەکا. فەللوجە، ئەنبار و موسڵ لە ماوەی رابردوو شوێنی تاقیکردنەوەی دەسەڵاتدارێتی داعش بوونە.

هێزەکانی داعش بە چەند هەزار چەکدار مەزەندە دەکرێن کە زۆربەیان پاشماوەی حیزبی بەعسی عێراقنو هەروەها لە ریزەکانی خۆیدا ژمارەیەک چەکداری پسپۆڕی لە وڵاتانی چیچێن، لیبی، تونس، ئەفغانستان، پاکستان، ئۆردۆن و بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا کۆکردۆتەوە. ئەو تەرکیبە تایبەتەو بەستێنی ئاڵۆزی عێراقو سووریە بووەتە هۆی ئەوە کە ئەو گرووپە پۆتانسییەلی نیزامی بەرچاو و تواناى مانۆڕی زۆڕی هەبێ. هێزەکانی

داعش، بەباشی جموجۆڵ دەکەن، خاڵە لاوازو بەهێزەکانی ئەرتەشی عێراق بە باشی دەناسن، لە دابەشکاری ناوچە نیزامییەکانی عێراق ئاگادارن، بۆ بەکارهێنانی چەکە پێشکەوتووەکانی راهێنانیان پێکراوەو لە سێ ساڵی رابردوودا لە سووریە ئەزموونی پێویستیان لە شەڕی مەیدانیو رووبەڕوو وەدەست هێناوە.

«داعش» هەنووکە لە سێ بەرەدا شەڕ دەکا: دژی گرووپە شۆرشگێڕەکانی رکەبەریی خۆی لە سووریە، دژی رێژیمی بەشار ئەسەدو دژی ئەرتەشی عێراق.

## دژی هێزە رکەبەرەکانی لە سوریە:

سەرەڕای ئامانجی هاوبەشی داعش وەکوو هێزێکی ئیسلامگەراو ئەرتەشی ئازادی سووریە وەکوو هێزێکی سکولار بۆ لەدەسەڵاتخستنی بەشار ئەسەد، بەرنامەی جیاوازی هەر یەکیان بۆ داهاتووی سووریەی پاش ئەسەد، بووەتە هۆی ئەوە کە ئەو دوو لایەنە، وێڕای خەبات بەدژی هێزەکانی ئەرتەشی سووریە، لەگەڵ یەکتریش دەرگیر بن. ئەرتەشی ئازاد، کردەوە سەرەڕۆیەکانی داعشو هەروەها داسەپاندنو تەحمیلی شەریعەتی قبووڵ نییە. هەر بەو هۆکارەشە کە نەتەنیا لە وتووێژەکانی وڵاتانی دۆستی سووریە بەشدار نییە، بەڵکوو خراوەتە لیستی رێکخراوە تێرۆریستییەکانی جیهانیشەوە. شەڕی داعش و ئەرتەش ئازاد لەگەڵ یەکتر، نەتەنیا خەبات دژی رێژیمی بەعسی سووریەی لاواز کردووە بەڵکوو بۆتە هۆی نیگەرانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەمەڕ ئەوە کە سووریەی ژێردەسەڵاتی داعش، هاوشێوەی ئەفغانستانی ژێردەسەڵاتی تالیبان دەبێ.

لە لایەکیتر، هێزەکانی داعشو بەرەی نوسرە بە تۆمەتبارکردنی «پارتی یەکیەتیی دێموکرات» بە سازان لەگەڵ رێژیمی بەشار ئەسەد ، زۆر بە خەستی پەلاماری ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی «پەیەدە» لە رۆژئاوای کوردستان دەدەن. لە حەسەکە، قامیشلۆ، عامودا، کۆبانی، سەرێکانیو ژمارەیەک شارو شارۆچکەی دیکە، هێزەکانی داعش بە ترسو تۆقاندنو ئەشکەنجەو جێ-بەجێکردنی یاساکانی شەریعەت حەولی خستنەژێر کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی داوە، بەڵام لە لایەن «یەکینەکانی پاراستنی گەل» بەرپەرچیان دراوەتەوە. جگە لەوە، داعش رکەبەری هێزە سەلەفییە جیهادییەکانی دیکەی ناو گۆڕەپانی شەڕی نێوخۆیی سووریە دەکاو لەگەڵ «بەرەی نوسرە» لەسەر ناوچە ئازادکراوەکانی حەلەب، ئەدلیب و رقە لە باکووری سووریە تووشی پێکدادان هاتووە.

## دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد

داعش لە سووریە، لەگەڵ بەشێکی هەرەزۆری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنو هەروەها هێزەکانی ڕێژیمی ئەسەد دەرگیرە. ئەگەرچی ئەو گرووپە ژمارەیەک شارو شاروچکەی کۆنترۆڵ کردووەو شاری «رەقەی» لە باکووری سوریە وەکوو ناوەندی کاتی حکوومەتی خۆی راگەیاندووە بەڵام لەراستیدا نەیتوانیوە چەندان سەرکەوتوو بێ. رەنگە هەر ئەوەش وایکردبێ کە روو لە بنکە سروشتییەکانی سەرهەڵدانی خۆی لە ناوچە سوننینشینەکانی عێراق بکاتەوە تا بە راکێشانی جەماوەر بۆ لای ریزەکانی خۆیو کردنەوەی ڕێگای تەدارۆکاتیو دابینکردنی چەکوچۆڵ، حەولی یەکخستنەوەی شەڕگەکانی لە سووریە و عێراق بدا.

## دژی حکومەتی عێراق

پاش رووخانی رێژیمی سەدام حوسێن، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنو بەشداری چالاکانەی هێزە سکولارو سوننیمەزهەبەکانو هیوای ئەوان بۆ دابەشکرانی هاوسەنگی دەسەڵاتی سیاسیو پێکهێنانی دەوڵەتی هاوپەیمانی، چالاکی هێزە بناژۆخوازەکانو گروپە تێرۆریستیو پاشماوەکانی حیزبی بەعسی تا رادەیەک کەمتر کردەوە. بەڵام داگیرکردنی جومگەکانی دەسەڵات لەلایەن هێزە شیعەمەزهەبەکان، پیلانگێڕی بەدژی سەرکردە سیاسییەکان، هەڕەشەکردنو حەولدان بۆ یەکدەستکردنی حکوومەت بەتایبەتی لە سەردەمی نوری مالیکی وایکرد کە زۆرێک لە هێزە سیاسییەکانی خاوەن قورسایی بەتایبەت کوردو سوننیمەزهەبەکان بەرامبەر بە داهاتووی عێراقی هاوئاهەنگو رەشبین بن.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣و سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ داعش هێرشی کردە سەر رومادیو فەللوجە، بەڵام دواتر لەگەڵ دژکردەوەی هێزەکانی ئەرتەشی عێراق رووبەڕوو بوو و کۆنترۆڵی لەسەر بەشێکی بەرچاوی ئەو ناوچانە لەدەست دا. بەڵام هێرشی ئەو دواییانەی بۆ سەر موسڵو داگیرکردنی ناوچە سوننی-نشینەکانو جوڵەیان بەرەو بەغدا نیشاندەری هاوپەیمانێتییەکی تاکتیکی نێوان زۆرینەی هێزە سوننییەکان، حیزبی بەعسو گرووپە ئیسلامییە بناژۆخوازەکانە. جگە لەوە بەشێک لە دەوڵەتانی ناوچە، لە سەرکەوتنی شیعەکان لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی عێراق ناڕازینو حەول دەدەن تا بە بەکارهێنانی داعشو کردەوەی توندوتیژ، کاریگەری لەسەر کەشی سیاسی

عێراق دانێنو مالیکی لاواز بکەن.

.....لە کۆتایی ساڵی ۲۰۱۳و سەرەتای ساڵی ۲۰۱٤ داعش هێرشی کردە سەر رومادیو فەللوجە، بەڵام دواتر لەگەڵ دژکردەوەی هێزەکانی ئەرتەشی عێراق ڕووبەڕوو بوو و کۆنترۆڵی لەسەر بەشێکی بەرچاوی ئەو ناوچانە لەدەست دا. بەڵام هێرشی ئەو دواییانەی بۆ سەر موسڵو داگیرکردنی ناوچە سوننیـنشینەکانو جوڵەیان بەرەو بەغدا نیشاندەری هاوپەیمانێتییەکی تاکتیکی نێوان زۆرینەی هێزە سوننییەکان، حیزبی بەعسو گرووپە ئیسلامییە بناژۆخوازەکانە. جگە لەوە بەشێک لە دەوڵەتانی ناوچە، لە سەرکەوتنی شیعەکان لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی عێراق ناڕازینو حەول دەدەن تا بە بەکارهێنانی داعشو کردەوەی توندوتیژ، کاریگەری لەسەر کەشی سیاسی عێراق دانێنو مالیکی لاواز بکەن.

## پێشڕەوی هێزەکانی داعش، بە چەندین هۆکاری بنەڕەتیە

**هۆکاری یەکەم،** ناکۆکی سیاسییەکانو پەراوێزخرانی بەشێکی هەرەزۆری هێزە خاوەن پێگەکانی عێراقە، کە هەر یەکە بەرادەی خۆی حەولی کەمکردنەوە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیو داکشاندنی هێژمۆنی هێزە شیعەمەزهەبەکان دەدەن.

**هۆکاری دووەم،** پێکهاتەی هێزە ئەمنییەتی - نیزامییەکانی عێراق لەبەرامبەر تەرکیبی ڕێکخراوی داعش کە هەردووکیان لە هێزەکانی بەعس کەڵک وەردەگرن، بووەتە هۆی دروستبوونی درزو کەلێنی ئەمنییەتی.

**هۆکاری سێیەم،** ناهاوئاهەنگی دوژمنانی ئەو گروپەیە. بە واتایەکی تر، یاساکانی دژەتێرۆر لەپاڵ هەندێ هۆگری فێرقەیی لە پێکدادانە نیزامی‌یەکان لە ناوچە سوننییەکان، بووەتە هۆی دڵساردی خەڵکی سوننەمەزهەب لە دەوڵەتی ناوەندیو ئەوە بەستێنی لەبار بۆ یارگیری داعش دەرەخسێنێت. سیاسەتە ناکارامەکانی دەوڵەتی ناوەندی، بووەتە هۆی ئەوە کە سوننەمەزهەبەکان کە زۆرینەی ئەرتەش عێراق لەو ناوچانە پێکدەهێنن، خۆیان بۆ بەرگری‌کردنو شەڕکردن دژی داعش بەرپرسیار نەبینن؛ بەو هۆیە کە دەوڵەتی ناوەندی خراپتر لە دەوڵەتی ئیسلامی دەبینن. جگە لەوە، سەربازە شیعەکانی ناو ئەرتەشی عێراقیش ئامادە نین بۆ پاراستنی ئاسایشیو ئەمنییەتی ناوچە سوننەمەزهەبەکان گیانفیدایی بکەن. پاشەکشە و چۆڵکردنی یەک بەدوای یەکی بارەگا نیزامییەکان و لە ئاکامدا شار و شارۆچکەکان زیاتر بەو هۆکارە بووە.

**هۆکاری چوارەم**. روونی ئیدیۆلۆژیو ڕێبازی ئەوان بە بەراورد بە ڕێکخراوە سەلەفی-جیهادییەکانی دیکەی ناوچەیە. بانگەشەی داعش بۆ دامەزراندنی «دەوڵەتی ئیسلامی»و دروستکردنی چەترێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئوممەتی ئیسلامی، بۆ خەڵکانێکی زۆر سەرنجڕاکێش‌و پیرۆزە.

**هۆکاری پێنجەم**. توانای ئەو گرووپە بۆ وەدەستخستنی بودجەی زەبەلاحە. ئەو گروپە جگە لە شیوازە باوەکانی وەدەستهێنانی داهات وەکوو وەرگرتنی باجو تاڵانکردن، بە هێرشکردنە سەر بانکە ناوەندییەکان تا رادەیەکی زۆر تێچووی ماڵی کردەوەکانی خۆی دابین کردووە.

## کاریگەری هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان

داعش لە پشتیوانی ماڵی، سەربازیو لۆجیستیکی قەتەرو عەرەبستانی سعودی بەهرەمەندە. عەرەبستانی سەعودی، عێراق بە سەرەکیترین سنوری نێوان بەرەی شیعەو سوننی دەزانێ. پاش رووخانی سەددام حوسێن، کاتێک کە لە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارڵەمان لە ساڵی ٢٠٠٥، دەسەڵاتی سیاسی کە بۆ ساڵانێکی زۆر بەدەست کەمینەی سوننی لە عێراق بوو، کەوتە دەست شیعەکان، بەرژەوەندیو هێژمۆنی خۆی لە ناوچەدا لە مەترسی دیت. پەراوێزخرانی هێزە سوننیمەزهەبەکانو ئەو راستییە کە چیتر ناتوانن بڕیاردەری پرسە بنەڕەتییەکانی عێراق بن، دژکردەوەی توندوتیژو لایەلایە بوونی بڕیاری سیاسی ئەوانی لێکەوتەوە؛ کە سەرەتا بە هێرشکردنە سەر هێزەکانی رۆژئاوا وەدیار کەوت. ئەو دژکردەوە، ئەمریکا و هاوپەیمانانی وادار بە هاوکاری زیاتری هێزە شیعەمەزهەبەکان کرد کە لە پشتیوانی ئێران، وەکوو پێشەنگی بەرەی شیعەش، بەهرەمەند بوون. ئەو هۆکارانەو ئامادەبوونی «ئەلقاعیدە» لە عێراقو باڵکشانی ئیدیۆلۆژی بناژۆخوازی ئیسلامی بەسەر ناوچەکەدا، ناکۆکییە فێرقەیی-مەزهەبییەکانی خەستتر کرد کە بە دروستبوونی چەندین گروپی جۆراوجۆر و یەک لەوان «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق» رەنگی دایەوە.

ئێستا عەرەبستان پێشەنگایەتی بەرەیەک دەکا کە لەشوێن گورزوەشاندن لە هێژمۆنی ئێرانەو تێدەکۆشێ تا بازنەی ئێران، عێراق، سووریەو حیزبوللا تێکبشکێنێ؛ بەو پێیە لە هەر تەقەللایەک بۆ شکستپێهێنان بە هەر یەک لە ئەندامانی ئەو بازنە سڵ ناکاتەوە. جێی ئاماژەیە کە عەرەبستان بۆ ئەم مەبەستە، زۆر جار بەپێچەوانەی ڕێنوێنییەکانی ئەمریکا بۆ ناوچە، کاری کردووەو تەنانەت هەندێ جاریش تووشی تەزادی بەرژەوەندی بوون؛ لە

راستیدا عەرەبستان چاوەڕوانی پشتیوانی هەمەلایەنەی حکوومەتی واشینگتۆن لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریە و لێدانی گورزی سەربازی لە بەشار ئەسەد بوو کە حکوومەتی ئۆباما کاری بۆ نەکرد.

قەتەر، لەلایەک خەریکی رکەبەری لەگەڵ عەرەبستان بۆ رێبەریکردنی بەشێک لە هێزەکانی بەرەی سوننییە و لەلایەکیتر نایهەوێ راستەوخۆ لەگەڵ ئێران دەرگیر بێ. سیاسەتی قەتەر، سیاسەتێکی هەلپەرەستانەیەو لە رێگەی دابینکردنی تێچووە ماڵییەکانی ئەو پێکدادانانە حەولی زیادکردنی کاریگەریو کارتێکەری خۆی دەدا. سیاسەتێک کە کەم و زۆر لە لایان تورکیەشەوە پێڕەوی دەکرێ.

بە سەرنجدان بە ریشەکانی ئیسلامی سەلەفی و بانگەشەی گەڕانەوە بۆ سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی - بە پێچەوانەی شیعەکان کە زیاتر دەڕوانە داهاتوو و چاوەڕوانی هاتنی «مێهدی» دەکەن، تیۆری رێکخستنو پشتیوانی لێکرانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە زۆر بە جیددی وەرناگیرێ؛ بە تایبەت کە هەرێمی ئیددیعایی داعش بۆ دەوڵەتی ئیسلامی ناوچە شیعەنشینەکانی عێراقو باشووری لوبنانیش لەخۆدەگرێ.

لەراستیدا ئێران بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە دەوڵەتی عێراق بە سەرۆکایەتی هێزە شیعەمەزهەبەکان دەکا. لاواز بوونو رووخانی دەوڵەتی عێراق بە رێبەری شیعەکان، و ئەگەری دابەشبوونی ئەو وڵاتەو ئامادەبوونی گرووپی سوننی سەلەفی لە سنوورەکانی ئێران، تێکڕا جێی نیگەرانی ئێرانن، جگە لەوە هەندێ ئاماژە لە داعشەوە باس لەوە دەکەن کە پاش عێراق، ئێران دەکرێتە ئامانج. بەڵام دۆخی نێونەتەوەییو مەترسی دژکردەوەی هەندێ لە رکەبەرە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامی، ئیحتمالەن لە هەلومەرجی ئێستادا دەبێتە کۆسپی سەر رێگەی بەشداری راستەوخۆ و بەرفراوانی نیزامی ئێران لە عێراق. جگە لەوە بەشێک لە رێبەرانی سیاسی، بارودۆخی عێراق بە تایبەتی لە سەردەمی سەرۆکایەتی نووری مالیکی، ئاکامی دەستێوەردان و سیاسەتە هەرێمییەکانی ئێران دەزانن و پێشوازی لە دەستێوەردانی زیاتری ئێران ناکەن. بە هەموو ئەوانەشەوە، چاوەڕێ دەکرێ کە یارمەتییەکانی ئێران بۆ عێراق، پشتگیری لۆجێستیکی زانیاریو سیاسی لە دەوڵەتو هەروەها پاڵپشتی تەسلیحاتیو رێنوێنی نیزامی بۆ چەکدارانی شیعەو ئەرتەشی عێراق لەخۆ بگرێت.

ئەمریکاش بە پارێزەوە رایگەیاندووە کە پاڵپشتی لە خەڵکو حکوومەتی عێراق دەکات. ئەو وڵاتە پاش ئۆپەراسیۆنی «ئازادکردنی عێراق» لە ساڵی ٢٠٠٣ و دەرگیربوونی چەند ساڵە لەگەڵ کێشە ئەمنییەتییەکانی

عێراق، لە ساڵی ٢٠١١ بەشێکی زۆر لە هێزەکانی خۆی لەو وڵاتە کشاندەوە، بەڵام بە گرێدانی چەندین گرێبەستی نیزامی بۆ پاڵپشتی نیزامیو فرۆشتنی چەکوچۆڵ، هەروا دەرگیری پرسە ئەمنییەتییەکانی عێراق ماوە. باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری ئەمریکا، وێڕای جەختکردن لە پشتیوانی ئەمریکا بۆ عێراق ، داوای لە هەموو گرووپە نەتەوەییو مەزهەبییەکان کردووە بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە لە یەک بەرە دابن. واشنگتۆن لەوانەیە ئەگەر ناچار نەبێ، نەیەوێ راستەوخۆ خۆی تووشی ئەو سەرئێشە بکات.

بەشێک لە چاوەدێران رایانگەیاندووە کە بە سەرنجدان بە داشکانی هێزەکانی ئەرتەشی عێراق لە بەرامبەر کردەوەی گرووپی داعش، ئاڵترناتیڤی مەنتیقی پاشەکشەپێکردنی داعش، کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونو توانایی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە هەم تەجروبەی شەڕی پارتیزانیو سەنگەریان هەیەو هەم شارەزای ناوچەکەن. بەڵام بە سەرنجدان بە شێوە سیاسەتی حکوومەتی هەرێمو ئاستی پێوەندییەکانی لەگەڵ واشێنگتۆن، بەغداو تاران پێشبینی ناکرێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان راستەوخۆ دەرگیری شەڕی داعش بێ مەگەر ئەوەی کە بکرێتە ئامانج. هێرشی داعش تا ئێستا سوودی بە چارەسەری مەسەلەی ناوچە کورستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێم گەیاندووە و ئەگەر بڕیار بە بەشداری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕ بەدژی داعش دابێ، پێویستە لەبەرامبەر پوان و ئیمتیازی بەهێز وەکوو دانپێدانانی حکومەتی بەغدا بە پرسی هەناردەکردنی نەوت و چارەسەری مادده لەبیرکراوەکانی یاسای بنەڕەتی عێراق و یەک لەوان ماددەی ١٤٠ بێ.

### ئاکامبەندی:

لە راستیدا، مەسەلە ناوخۆییو دەرەکییەکانی عێراق لە گشت رەهەندەکانی سیاسی، ئەمنییەتیو ئابووری ئەو تێکەڵاوێک لە بەرژەوەندی زۆرێک لە وڵاتانی ناوچە، بەتایبەتی دراوسێکانو بەشێک لە ئەکتەرانی نیودەوڵەتییە. لەلایەک حیزبەکان، گرووپەکان و هێزە ناوخۆییەکان لە عێراق چ مەزهەبی، قەومی و نەتەوەیی لەگەڵ ئەکتەرانی دەرەکی پێوەندییان دروست کردووە و کارتێکەرییان لێوەردەگرن. هەر بەو هۆکارەشە، کە لە بارودۆخی ئێستادا ناتوانرێ سیاسەتێکی گشتگیری تەواو سەربەخۆ و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بگیردرێتەبەر.

ئەگەرچی پێکدادانەکانی نێوان داعش‌و هێزە دژبەرەکانی لەوپەڕی گەرماوگەرمی خۆیان دان، بەڵام پێشبینی ناکرێ کە چالاکییەکـانی ئەو گـروپە لە مانگەکـانی داهـاتوودا بە تەواوێتـی کـپ بکـرێ، بەو هـۆیە کە ئەو پرسـە بەستراوەتە بە نـاکۆکییە سیاسییەکانی عێـراق‌و مەسەلە نـاوچەیی و نێودەوڵەتییەکـان. هێرشـی داعـش، خـاڵێکی وەرچەرخـان بـۆ دەرگیـری بەرەی شیعە و سـوننییە. بە هەر شێوە، ئەگەر هێرشەکانی داعش ڕانەوەستێندرێن‌و لە ناوچەکـانی ژێـر هێژمۆنی خۆیـاندا دەر نەکرێن، دەوڵەتـی عێـراق تەواو دەکەوێتە مەترسییەوە. بـوونی قەیرانـی سـووریە و عێـراق، دەتـوانێ ئەگەری پێکهێنـانی حکـومەتێکی یەکگرتـوو لە ناوچەکـانی ڕۆژهەڵاتـی سـووریە و ناوچەکانی ڕۆژئاوای عێراق، واتا هەمان یۆتۆپیای جیهادییەکان، بەهێز بکا.

لە ژمارە ٦٣٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٤

## سیاسەتی دەرەکیی ئێران و ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان

سیاسەتی دەرەکی هەر وڵاتێک ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆیی ئەو وڵاتەیە. پێوەری سەرەکی لە ڕەچاوکردنی هەڵوێستەکانی سیاسەتی دەرەکی، بەرژەوەندی نەتەوەییە کە بەرپرسان بەدوور لە هۆگری تاکەکەسی و گرووپی، بە لەبەرچاوگرتنی ڕادەی هێز و سەرنجدان بە پێداویستی و بارودۆخی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی، پلان دادەڕێژن و حەولی کردەیی کردنیان دەدەن. کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک لەو دەگمەن حکوومەتانەیە کە زۆر جار بە پێچەوانەی ئەو پێوەرانە سیاسەتی کردووە. سیاسەتی دەرەکی ئەو وڵاتە سەرەڕای ئەوە کە ڕەنگدانەوەی لێڕوانینی دەسەڵاتدارانی تاران بۆ چارەسەری کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە، بەڵام کەمتر بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکانی ئێران تەعقیب دەکا.

کۆماری ئیسلامی ئێران حکوومەتێکی دیکتاتۆرییە و دیکتاتۆڕەکان بەر لەوەی بیر لە بەرژەوەندی نەتەوەیی و خۆشبژێوی خەڵک بکەنەوە، بیر لە بەرژەوەندی تاکەکەسی و پاراستنی پرێستیژ دەکەنەوە. تەوەری سەرەکی سیاسەتی دەرەکی ئەو شێوە حکوومەتانە، دروست کردنی حکوومەتی داردەست و گوێڕایەڵە، نەک هاوبەش و هاوپەیمان. ڕێبەری ئێران، بە هەمان شێوە کە ئەحمەدی نژادی سەرەڕای دژایەتی زۆرینەی خەڵک و بە بەهایەکی قورس بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاند و بە هەمان شێوە و بە تێچوویەکی زۆر گرانتر دەسەڵاتی بەشار ئەسەدی پاراست و بە موهەندیسی کردنی هەڵبژاردنەکان، ناوبراوی بۆ جاری سێیەم لە کورسی سەرۆکایەتی کۆمار ڕاگرت؛ ئێستا بە هەمان مەبەست و خولیا، و بۆ سەلماندنی پرێستیژی خۆی، حەول دەدا تا سەرەڕای دژایەتی زۆربەی پێکهاتەکانی عێراق وەکوو کوردەکان و سوننییەکان و بەشێک لە لایەنە شیعەکان و یەک لەوان ئایەتوڵڵا سیستانی، لایەنی گوێڕایەڵی خۆی لە بەرەی شیعە، بە نوێنەرایەتی نوری مالیکی، بۆ جارێکی دیکە بە خەڵکی عێراقدا داسەپێنێ.

ئێران، وەکوو بەهێزترین ئەکتەری گۆڕەپانی سیاسی عێراق، بەردەوام کاری بۆ عێراقێکی یەکپارچە و سەقامگیر، لەژێر کۆنترۆڵ و حاکمیەتی سیاسیی لایەنی شیعە کردووە. شێوازێک کە بەتایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتداریتی نوری مالیکی تەواو بەرچاو بووە. نوری مالیکی بەپێچەوانەی بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکانی عێراق، مەیدانێکی

بەرفراوانی بۆ سیاسەتوەرزی ئێران دابین کردووە، بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕیوە، لایەنە سوننییەکانی پەراوێزخستووە و وڵاتی پەرتەوازە کردووە؛ بەشێوەیەک کە ئێستا، عێراق بە کردەوە دابەش بووە و بەشێکی هەراوی خاکەکەی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی گروپی تیرۆریستی داعش، شەڕی ناوخۆیی لێکەوتۆتەوە و تەجروبەی عێراقی نوێ لە بەرەبەرەی هەڵوەشانەوە دایە. چارەنووسێک کە زیاتر لە هەمووان، بەگوێرەی راسپاردە و دەستێوەردانەکانی ئێران، بۆ بەهێزکردنی کەوانەی ئێران-عێراق-سوریە و حیزبوڵلا لە لوبنان بووە.

نوسخەی ئورژانسی کۆماری ئیسلامی، بەرپەرچدانەوەی نیزامی داعش بوو کە بە ناردنی هێزەکانی قودس، راهێنانی هێزەکانی عێراق، پێدانەوەی فرۆکە شەڕکەرەکان و پاراستنی مەزارگە ئایینییەکان دەرکەوتووە. نوسخەیەک کە کاریگەرێکی ئەوتۆی لەسەر چارەسەری پرسەکە نەبووە و بگرە تووشی شکستیش هاتووە. سپای قودس، بە فەرماندەیی قاسم سولەیمانی، کەسێک کە وەکوو پیاوی ژمارە دووی ئێران لە پرسی عێراق لە پاش خامەنەیی ناسراوە، نەتەنیا لە پێشبینی سەرهەڵدانی داعش و وەدەستهێنانی زانیاری سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکوو لە ڕێکخستنەوەی سپای عێراق و بەرپەرچدانەوە و پاشەکشەپێکردن بە داعش تووشی کێشەی جیددی بووە.

لە ڕاستیدا لاوازکردن و پاشەکشەپێکردن بە تێرۆریسم تەنیا لە ئەگەری حاکمیەتی حکوومەتێکی دێموکراتیکی بنکەفراوان کە مافی هەموولایەنەکانی لەبەرچاو بێ، و کەمکردنەوەی رۆڵ و دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان لە کاروباری بەغدا، شیاوی رەخسانە. بەپێچەوانە، داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە، بە کەڵکوەرگرتن لە ناکۆکییە سیاسییەکان و هەلومەرجی نالەبار، دەتوانن ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان پەرەپێبدەن و جەهادێکی توندوتیژانەی جیهانی ڕێنوێنی بکەن. ئەگەرێک کە بە سەرنجدان بە جیهانی ناعەقڵانی داعش، بەدڵنیاییەوە کارەساتبار دەبێت.

ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی عێراق و بەتایبەتی شکستی مالیکی لە بەڕێوەبردنی وڵات و سەرهەڵدانی داعش، نەک بە پێی پلانێکی پێشوەختەی دیاریکراو بەڵکوو لە ئاکامی شێوەی سیاسەتوەرزی و تا رادەیەکیش بەهەڵکەوت، لەسەر بەرژەوەندی-یە نەتەوەییەکانی کوردستان کاریگەری ئەرێنی دەبێ و لە هەمان کاتدا لەسەر پلانە ستراتێژیکەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بردنەسەرێی کارتێکەری خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری نەرێنی بەجێدێڵێت.

دامەزراندنی حکوومەتێکی بنکەفراوان، بە بەشداری هەموو لایەنەکان و بەتایبەتی لایەنە سوننییەکان، کۆنترۆڵی بەشێک لە جومگەکانی دەسەڵات لە دەستی لایەنی شیعە و بەو پێیە لەژێر کۆنترۆڵی ئێران دەردێنێ و بەو هۆیە کە ئێران، وەکوو بەرپرسی سەرەکی تاکرەوییەکانی مالیکی، پەراوێزخستنی لایەنە سوننییەکان و دۆخی نالەباری عێراق دەناسرێ، پێگەی خۆی لەو وڵاتە لەدەست دەدا. بە فەرمی ناسینی پێگەی سوننییەکان و ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەت، ڕەنگە سەرەتایەک بۆ چارەسەری کێشەی عێراق بێ، بەڵام ڕاستەوخۆ پێگەی عەرەبستانی سعودی و هاوپەیمانانی لە ناوچە، و بەتایبەتی لە پرسی سوریە بەهێزتر دەکا. لەلایەکی دیکە، ئەگەر گریمانە بکەین کە پاش ڕێککەوتنی سیاسی و پێکهاتنی حکوومەتی ناوەندی بنکەفراوان بە بەشداری هەموو لایەنەکان، ئەرتەشی عێراق بە یارمەتی ئێران و ئەمریکا بتوانێ داعش سەرکوت بکا و بەرەو سووریە پاشەکشەیان پێ بکا، ناچارە لەگەڵ لایەنی کوردی سازان بکا.

لەلایەک سەرکردایەتی کوردستان بڕیاری داوە کە پاشەکشە لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە نەکا و تەنانەت لەسەر کۆمەڵێک خاڵی ئەساسی دیکەش وەکوو دابەشکردنی دەسەڵات، هەناردەکردنی نەوت، پرسی بودجە، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان، مافی ئەنجامدانی گشتپرسی داوای هەموار کردنەوەی یاسا و ڕێساکان دەکا. باشووری کوردستان، بە وەدەستهێنانی ئەو ئیمتیازانە، وێڕای هاوکاریکردن بۆ کورتکردنەوەی دەستی ئێران لە عێراق و کوردستان، پرۆسەی فێدراڵیی عێراق بەرەوپێش دەبا و بەبێ ئەوەی کە بە فەرمی سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ، سەربەخۆیی وەدەست دەهێنێ.

لە لایەکی دیکە، هەولێر، لێبڕاوانە لەڕێگەی وەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری و کەڵک وەرگرتن لە دیپلۆماسیی وزە، لایەنگر بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان پەیدا دەکا. ئێستا، بڕوای زاڵ لە باشووری کوردستان ئەوەیە کە هەلێکی زێڕین بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆییە. کوردەکان ئێستا لە خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی‌دان و دەتوانن بەبێ ئەوەی کە بە تێکدانی دۆخی عێراق تۆمەتبار بکرێن، چارەنووسی خۆیان لە چارەنووسی عێراق جیا بکەنەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر ئێران دەستبەرداری کاندیدکردنەوەی نوری مالیکی نەبێ، کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر چارەسەر نەکرێن و بەشداری لایەنی کوردی لە حکوومەتی ناوەندی عێراق بە پێدانی ئیمتیازی گرینگ مسۆگەر نەکرێ، بە ئەگەری بەهێز، پرسی سەربەخۆیی کوردستان بە بڕیاری کۆمەڵانی خەڵک و لەڕێگەی ڕێفراندۆم یەکلایی دەبێتەوە.

سەربەخۆیی کوردستان، گۆڕانکاریەکی جیددییە، هاوکێشە سیاسیە ئارایی-یەکان تێکدەدا و هاوکێشەی سیاسی نوێی دەخاتەڕوو. ئێستا، هەم لە ئاستی عێراق، و هەم لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەیی‌دا، دژایەتییەکان لەهەمبەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان، بە بەراورد بە ڕابردوو، کەمتر و لاوازترن. بەغدا، تەواو لاواز بووە و جگە لە سپایەکی تێکشکاو و بێورە هیچ ئامرازێکی دیکەی بۆ دژایەتی بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان نییە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرەڕای ئەوە کە بە فەرمی پشتیوانی لە یەکپارچەیی خاکی عێراق کردووە بەڵام پێناچێ دژایەتی تەجروبەی کوردستان بکا و لەبەرامبەر لەدایکبوونی دەوڵەتێکی دێموکرات، سکولار و لیبراڵ هەڵوێستی نەرێنی هەبێ. تورکیە لە باشووری کوردستان خاوەن بەرژەوەندی ئابووری گرینگە و پێدەچێ پێشوازی لەو بڕیارە بکا. ئیسرائیل بە فەرمی پشتگیری سەربەخۆیی کوردستانی کردووە و ئەگەری پشتیوانی ژمارەیەک لە وڵاتانی ئورووپایی، و عەرەبی وەکوو کوەیت و ئۆردۆن بەهێزە.

کۆماری ئیسلامی ئێران سەرسەختترین دژبەری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. ئێران بە سێ هۆکار لە داهاتووی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نیگەرانە:

**یەکەم**. کاریگەری وەرگرتنی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە یەکتر، کە بە سەرنجدان بە ڕوانینی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی کورد ، ئەگەری هەیە کێشەی ئەمنییەتی زۆر جیددی بۆ تاران دروست بکا. لەڕاستیدا لە ئەگەری ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان، کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ.

**دووەم**. مەترسی ئێران لە ڕۆڵی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئیسرائیل لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. کۆماری ئیسلامی بانگەشەی ئەوە دەکا، کە لە ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان، دەستی ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ دامەزراندنی پێگەی سیخوڕی بۆ وەدەستهێنانی زانیاری لەسەر بنکە ئەتۆمی و نیزامییەکانی ئێران ئاوەڵاتر دەبێ.

**سێیەم**. ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان دەتوانی دەسپێکی دابەشبوونی عێراق بۆ سەر سێ پارچە بێ کە جگە لەوەی ڕۆڵ و کاریگەری ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم دەکاتەوە، مەترسی ئەمنییەتی بۆ سەر ئێران بەدەواوە دەبێ.

ئەو هۆکارانە، لە ڕاستیدا بۆ درێژەکێشانی دەسەڵاتداریتی تاران مەترسیداران، بەڵام هیچ کامیان ڕاستەوخۆ ئاکامی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە ئەژمار نایەن. بزووتنەوەی نەتەوەیی، دێموکراسیخواز و مافخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بە دراوسێیەتی دەوڵەتی دێموکراتی سکولاری کوردستان کە بۆ ئاوەدانی و خوشبژێوی خەڵکەکەی تێدەکۆشێ، وره و وزەیەکی نوێ وەردەگرن. کۆماری ئیسلامی ئێران، بەندیخانەیەکی گەورەی دروست کردووە و بە دڵنیاییەوە هەر شێوە حەرەکەتێکی دێموکراتیک بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکان، بۆ حکوومەتێکی دیکتاتۆڕ و داخراو مەترسیدار دەبێ. ئەو بزووتنەوە، ئێستا، کە باشووری کوردستان هەرێمی فێدراڵ و شێوە سەربەخۆیە، هەر بەهێزە و بۆ داهاتووی کۆماری ئیسلامی مەترسیدارە.

**دووەم**. هەرێمی کوردستان تەجروبەی دەسەڵاتداریتییەکی چەند ساڵەی هەیە و لەو ماوەیەدا سەلماندویەتی کە هیچ مەترسییەک لەسەر دراوسێکانی دروست ناکا، لە هەڵوێستە سیاسەیەکانیدا سەربەخۆیە، زێدەخواز نییە و دەستێوەردانی کاروباری وڵاتانی دیکە ناکا. هەولێر، پابەندی ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکانە و ڕێز لە سەروەری هەموو وڵاتان دەگرێ. بەو پێیە، ئەگەرچی دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە ئیمتیازێکی گرینگ بۆ هەرێمی کوردستان دەزانرێ، بەڵام دامەزراندنی بنکە و بارەگای سیخوڕی بە مەبەستی وەدەستهێنانی زانیاری لەسەر بنکە ئەتۆمی و نیزامییەکانی ئێران، تەنیا وەهم و گریمانەیەکی وێناکراوی دەسەڵاتدارانی ئێرانە و زیاتر بە پرۆپاگەندە دەژمێردرێ کە سەرچاوە سەرەکییە-کەی، «تیۆری پیلانگێڕان»ە. جگە لەوە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی، فاکتەری ئەرزی و جوغرافیایی بۆ وەدەستهێنانی زانیاری زۆر لاواز کردووە.

**سێیەم**. دۆخی عێراق بە هیچ شێوەیەک بۆ دۆخی بەر لە هێرشەکانی داعش ناگەڕێتەوە. گرینگترین چارەسەری سیاسی ئەو کێشە، بەشدارکردن و بە فەرمی ناسینی پێگەی سوننییەکان لە عێراقە. ڕەوتێک کە بە ئەگەری بەهێز، بە دەستەوەگرتن و بەڕێوەبردنی ناوچە سوننینشینەکان بە هێزە سوننەکان دەدا؛ کە دەتوانێ لە دروستبوونی هەرێمی فێدراڵی سوننەدا خۆی ببینێتەوە.

بە سەرنجدان بەو خاڵانە، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، کۆماری ئیسلامی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەتوانێ چ بکا؟

ئێران، هاوشێوەی ڕابردوو، شانسی دروستکردنی گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕوونەوەی پرسی سەربەخۆیی

کوردستان نییە. ڕێژیمی بەشار ئەسەد دەرگیری شەڕی ناوخۆیی‌یە و لە دۆخێکدا نییە کە سەرنج بخاتە سەر پرسە دەرەکی‌یەکان. جگە لەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان، حکوومەتێکی خۆبەڕێوەبەر دروست بووە کە لە ئەگەری ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ هەولێر، دەتوانێ تەواو یارمەتیدەری پرسی سەربەخۆیی کوردستان بێ. عێراق لاوازە و توانای کاردانەوەی جیددی نییە. تورکیە، پشتگیری لەو بڕیارە دەکا و هەڵوێستی هێزەکانی داعشیش لە دەرەوەی بازنەی کارتێکەری ئێرانە.

دەستێوەردانی نیزامی تاران زۆر ئاستەمە و لە ئەگەری وەها پێشهاتێک، هێزەکانی ئێران لە هەردوو بەرەی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگ و بەرپەرچدانەوەی جیددی دەبن. جگە لەوە، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەتایبەتی وڵاتانی رۆژئاوا لە بەرامبەر دەستدرێژی و سنووربەزێنی ئێران دژکردەوە نیشان دەدەن. بە ئەگەری زۆر، دەستێوەردانی نیزامی تاران بە تۆپبارانکردنی سنوورەکان و دروستکردنی کێشەی سنووری بەرتەسک دەبێتەوە. پێدەچێ ئێران، لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەشێک لە لایەنە کوردی‌یەکان خۆی بە خاوەن ئیمتیازی گرینگ بزانێ. تاران، پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەو لایەنانە هەیە و لە چارەسەری زۆر کێشە و بابەتی ناوچەیی و ناوخۆیی کەڵکی لێوەرگرتوون؛ بەڵام راستییەکی نوێش لە ئارا دایە کە سەردەمی ئەو شێوە سیاسەتانە بەرەبەرە بەسەر دەچێ و پێناچی چیتر ئەو لایەنانە، تەواو گوێرایەڵی حکومەتی تاران و بڕیارەکانی بەڕیوەبەرانی سیاسەتەکان-یان وەکوو سپای قودس بن. لە راستی‌دا، لایەنە کوردییەکان، ئاگاداری رۆڵی گرینگی ئێران لە پرسە ئاڵۆزەکانی ناوچەن بەڵام لە هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی دیکە و پاراستنی یەکڕیزی هێزە کوردستانییەکان، خۆیان بە خاوەن بەرژەوەندی زیاتر دەزانن.

ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران، بە زیاتر لە ٨ ملیارد دۆلار مەزەندە دەکرێ، لە ئەگەری داخستنی ئەو سنوورانە هەر دوو لایەن، لێی زەرەرمەند دەبن. داخرانی ئەو سنوورانە، جگە لەوەی کە لایەنە کوردییەکانی هاوپەیمانی ئێران، لە باشووری کوردستان ناڕازی دەکا، لەناوخۆی ئێران و بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان کاردانەوەی جیددی دەبێ. ئەو سنوورانە، سەرچاوەی سەرەکی داهاتێکی خەڵکێکی هەژار و کەمداهاتن کە لە ئەگەری داخرانی ئەو سنوورانە، و بە سەرنجدان بە دۆخی نالەباری ئابووری ئێران، ناچاریان دەکا دەنگ هەڵبڕن.

لە ڕاستیدا، مەترسی و نیگەرانییە سەرەکییەکانی تاران، بەرهەمی سیاسەتە ناکارامەکانی ناوخۆیی و دەرەکی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیین. لەڕووی ناوخۆیی، کۆماری ئیسلامی بە نکۆڵی کردن لە پرسی کورد و داوا ڕەواکانی نەتەوەکانی دیکەی ناو سنوورەکانی ئێران، هەر چەشنە حەرەکەتێکی مافخوازانەی بێبەزەییانە سەرکوت کردووە و ئێستا لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی لەشوێن چارەسەری هێورکەرەوە بۆ پرسە ناوخۆییەکانی ئێران دەگەڕێ. ناکۆکییەکانی ئێران لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان نمونەیەکی دیکەی ئەو شێوە سیاسەت و لێڕوانینەیە.

کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی پێگە و پرێستیژی خۆی بەردەوام کاری بۆ دروستکردنی بارگرژی، پشێوی نانەوە، دروستکردنی گرووپی تێرۆریستی چەکدار و دامەزراندنی حکوومەتی گوێرایەڵ کردووە. ئەو سیاسەتەوەرزیە جگە لەوە کە تێچوویەکی ماڵی قورسی بەسەر ئێراندا سەپاندووە و سەرچاوە ماددی-یەکانی ئەو وڵاتەی تەرخانی ئاژاوەگێڕی و زێدەخوازی دەسەڵاتدارانی تاران کردووە، تەنانەت لە پاراستنی سەقامگیری حکوومەتە گوێرایەڵەکانیان وەکوو لوبنان، فەلەستین و سوریە، زۆر ناسەرکەوتوو بووە. حکوومەتە گوێرایەڵەکان لە نەهایەتدا بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە و ئەو گوێڕایەڵیە تا ئەو کاتە درێژە پێدەدەن کە پێویستییان پێ بێ و لەگەڵ لایەن و هاوپەیمانەکانی دیکەیان خاوەن بەرژەوەندی کەمتر بن. نمونە هەرە دیاری ئەو شێوە سیاسەتە لە فەلەستین روویدا؛ کاتێک کە حەماس پاش سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٦، لە رۆڵی ئێرانی کەم کردەوە و ئاستی پێوەندییەکانی لەگەڵ عەرەبستانی سعودی پەرەپێدا. دیاردەیەک کە تەنانەت بۆ خامەنەیی و ئەحمەدی نژاد لە ناوخۆی ئێران روویدا. ئەحمەدی نژاد کاتێک لە دەسەڵاتی خۆی دڵنیابۆوە، گوشاری بۆ خامەنەیی هێنا و لە هەندێ پرسی گرینگ، لەبەرامبەری ڕاوەستا.

پێدەچی ئەو مەسەلە لە عێراقیش ڕووبدا. تەجروبەی عێراقی نوێ، لە ئەگەری پێداگری ئێران بۆ سەپاندنەوەی نووری مالیکی تەواو شکست دێنێ، بەو پێیە، تاران ناچارە لە بەرامبەر ویستی لایەنەکان بۆ لادانی مالیکی ملکەچ بکا. هەر نوێنەرێکی دیکەی شیعە، تەنانەت ئەگەر خودی مالیکیش بێ، ناتوانێ بە شێوەی ڕابردوو مەیدانی بۆ سیاسەتوەرزی ئێران دابین بکا، و گوێڕایەڵی بڕیارەکانی تاران بێ. ئێران، وەکوو ئەکتەرێکی سەرەکی لە مەیدانی سیاسی عێراق دەمێنێتەوە، بەڵام چیتر ناتوانێ بەهێزترین لایەنی بڕیاردەر بۆ پرسەکانی عێراق بێ. پێشهاتێک کە نەتەنیا پاشەکشە بە ڕۆڵی تاران لە پرسە ناوچەییەکان دەکا و کۆسپ دەخاتە بەردەم ڕێگای ستراتێژی ئێران بۆ پاراستنی کەوانەی شیعە، بەڵکوو زەبرێکی قورس بۆ پرێستیژی، ڕێبەری ئەو وڵاتە، واتا خامەنەیی، لە ئەژمار دێ.

وتەی مێژوویی کوردستان سەربەخۆییە. ئەو داواکارییە خاوەن پشتگیری جەماوەری هەمەلایەنەیە و هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی چەندین شۆڕشی ناسیۆنالیستی لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان بووە. باشووری کوردستان بەدرێژایی مێژوو، سەرکوتکاری و ژینوساید و ڕەشەکوژی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدای بینیوە. شەڕی ناوخۆیی بەسەردا سەپاوە. لە بەرامبەر گوشاری دەرەکی و گەمارۆی ئابووری ڕاوەستاوە. بە هەمووی ئەوانەشەوە، لە بنیاتنانی حکوومەتێکی دێموکرات و سکولار سەرکەوتوو بووە. حکوومەتێک کە بەتایبەتی بە بەشداری ئۆپۆزیسیۆن لە کابینەی نوێدا زۆر بەهێزتر بووە. هەنگاوی لێراوانەی بۆ سەربەخۆی ئابووری هەڵێناوەتەوە و ئێستا بە قۆزتنەوەی دەرفەتەکان بەرەو سەربەخۆیی دەڕوا.

سەدەی بیست و یەکەم بە دڵنیاییەوە سەدەی سەربەخۆیی کوردستانە. ڕووداوێکی حەتمی کە زیاتر لە هەر شتێک بەستراوەتە بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لایەنەکانی باشووری کوردستان بە پلەی یەکەم، و حەولدان بۆ سازان و گرێدانی هاوپەیمانێتی کارا لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە پلەی دووەمدا. بەو پێیە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی سەربەخۆی داهاتووی کوردستان، هاوپەیمانە ستراتێژیکەکانی خۆی لەناو هێزە کوردییەکان هەڵبژێرێ. ئەو ستراتێژییە، لەسەر لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنە سیاسییەکانی وڵاتانی ناوچە، بۆ ڕێکخستن و دامەزراندنی پێوەندییەکان یان لەگەڵ هەولێر تەواو کاریگەر دەبێ.

ئێران، توانای ڕووبەڕووبوونەوەی پرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستانی نییە، بەڵام تا ئەو جێگایەی بکرێ دەوڵەتی کوردستان بە فەرمی ناناسێ و ئەگەر بە فەرمیشی بناسێ حەول دەدا بە کارشکێنی و کێشەنانەوە لاوازی بکا. بە سەرنجدان بە سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامی ئەوە بەهێزترین ئەگەرە. بەڵام بەو پێیە کە پێوەندی بەربڵاوی ئابووری لەنێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە و زۆرێک لە چاودێران، دامەزراندنی پێوەندی پتەوتر لەگەڵ ئەو وڵاتە، بۆ دەورەلێدانی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر تاران، لە ئەگەری بە ئاکامنەگەیشتنی وتووێژەکانی چارەسەری پرسی ئەتۆمی لەگەڵ ڕۆژئاوا، بە پێویست دەزانن، گریمانەی دژایەتی‌نەکردنی تاران بۆ پرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستانیش زۆر لاواز نییە.

لە ژمارە ٦٣٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤

# تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران

تێرۆریسم، «بەکارهێنانی بەرنامەبۆدارێژراوی توونـدوتیژی، یـان هەڕەشـەی بەکارهێنـانی تونـدوتیژی وەکـوو کەرەستەیەکی مەشروع بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی سیاسی، مەزهەبی، ئیدئۆلۆژیکو هتد. لە ڕێگـای بڵاوکـردنەوەی ترسو بە پێشێلکردنی هەموو نۆرم و پرەنسیپە یاسایی و ئەخلاقییەکانە». ئەوە دەکرێ تـاریفێکی مەنتقی بێ، بەڵام بەو هـۆیە کە چەمکـی تێرۆریسم، بەسـتراوەتەوە بە چـۆنیەتی لێـڕوانینو گۆشـەنیگای لایەنە نەیارەکـان و شێوازی دەستەبەرکرانی ئامانجەکان، تـا ئێستا پێناسـەیەکی گشـتگیر بـۆ تێرۆریسم بـوونی نییە و زۆر جـار لەگەڵ تـاریفی «توندوتیژی سیاسی» و «تـاوانی سیاسی» تێکەڵ بووە.

تێرۆریسم شێوازی جۆراوجـۆرو مەیـدانێکی مەفهـومی ڕەهـای هەیە، بەڵام بە حـوکمی ئەوەی کە دەوڵـەتەکـان خـاوەن دەسـەڵاتو سـەرچاوەی مـاڵی، هێـزی سـەربازی ڕێکخـراو، پشـتیوانی دیپلۆماتیـکو دەزگـای میـدیاو ڕاگەیانـدنی کاریگەرن، «تیرۆریسمی دەوڵەتـی» بە سـەرەکیترین و مەترسیدارترین شێوازی تیرۆریسم دادەنرێ. تیرۆریسمی دەوڵەتی، واتـا کەڵکوەرگرتنی دەوڵەت لە ستراتێژییەکی تـایبەت بۆ بڵاوکردنەوەی توندوتیژیو ترس و تۆقاندن بە مەبەستی بەرەوپێشبـردنو ئاڕاستەکردنی ئەو سیاسـەتانەی کە بە شێوە یاسـاییو ئـاسایی تێیـاندا سـەرکەوتوو نەبووە.

**ستراتێژی تیرۆریسمی دەوڵەتی، بە گوێڕەی بۆچوونەکانی «ویلیام دی پێردیۆ»، نووسەرو بیرمەندی سیاسی، بە گشتی دەرەنجامی ئەو شێوە کردەوانەی ژێرەوەیە:**

١- چالاکییە سیاسییەکانی یەک دەوڵەت بەرامبەر بە خەڵکەکەی لە ڕێگەی بڵاوکـردنەوەی تونـدوتیژیو تـرس، کە بـۆی هەیە بە شـێوەی کـۆنترۆڵی ڕاگەیانـدنەکانو رۆژنـامەو مێـدیاکان، ئەشـکەنجەو ئـازار، دادگـایی کردنـی نادادپەروەرانە، موهەندیسی کردنی خۆپێشاندانو ڕێپێوانەکان، و لەسێدارەدانی خێرا و بە پەلە و بەربڵاو ئەنجام بدرێن.

٢- هێرشی چەکداری هێزی نیزامی یەک دەوڵەت بۆ سەر ئامانجەکانی دەوڵەتێکی دیکە کە لەو ناوەدا ژیانو گیانی خەڵکی مەدەنی بکەوێتە مەترسیەوە.

٣- حەولدان بۆ لەناوبردنو حەزف کردنی بەرپرسانو دیپلۆماتکارانی وڵاتانی دیکە؛ واتا سازماندانی شاخەو جوخەی تیرۆر لە سەرتاسەری وڵاتانی جیهان.

٤- داگیرکردنی نیزامی یەک وڵات، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆو چ لە ڕێگەی دامەزراندنی پێگەی عەمەلیاتی.

٥- چالاکی نهێنیو شاراوەی یەک دەوڵەت بۆ لەسەر کار ڕاگرتن یا لەدەسەڵات خستنی دەوڵەتێکی دیکە.

٦- بەکارهێنانی دەستوپێوەندەکانو گروپە نیزامییەکان لە وڵاتانی دیکە، بۆ لە دەسەڵات خستنی حکوومەتی ئەو وڵاتانەو دواتر کۆنترۆڵکردن و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات.

٧- پشتیوانیو پشتگیری لەو دەوڵەتانەی کە مافی بڕیاردانی خەڵک ڕەد دەکەنەوە و سەرەڕۆیانە و لە ڕێگەی قۆرخکردنی دەسەڵات و دامەزراندنی دیکتاتۆری حوکمی وڵات دەکەن.

٨- فرۆشتن نایاسایی و ڕاگواستنی چەکوچۆڵ و تەسلیحات بۆ بڵاوکردنەوەی شەڕە ناوچەیی و هەرێمییەکان، و تێکدانی حەولە ئاشتیخوازەکان بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی سیاسی و کۆتایی هێنان بە کێشەکە.

٩- پەرەپێدان یان ئەنجامدانی تاقیکاری ئەتۆمی، کە لەوانەیە کوشتاری بەکۆمەڵ و ڕەشەکوژی و تێکچوونی ژینگەی لێدەکەوێتەوە.

ئەگەر بۆچوونەکانی پێردیۆ بە پێوەری هەڵسەنگاندنی تیرۆریسمی دەوڵەتی دابنەین، بەشێک لە زلهێزەکانی جیهان و دەسەڵاتە ناوچەیی و هەرێمییەکان دەکەونە ناو لیستی وڵاتانی تیرۆریستییەوە. یەکێک لەو وڵاتانەی کە بەردەوام پێگەی شیاوی خۆی لە ریزی وڵاتانی تیرۆریستی و پشتیوانانی تیرۆر لە سەرتاسەری جیهان پاراستووە، کۆماری ئیسلامی ئێرانە. سیاسەتی ورد و کەلانی کۆماری ئیسلامی وەکوو حکومەتێکی دیکتاتۆری ئیدئۆلۆژیک،

داخراو و زێدەخواز هەم لە ئاستی ناوخۆیی و هەم لە ئاستی دەرەوە، بە پێوەرەکانی پێردیۆ، خاوەن کارنامەیەکی دەوڵەمەند لە تێرۆریسمی دەوڵەتییە.

لە ناوخۆی وڵات، کۆماری ئیسلامی بە پێداگری لەسەر بیری ڕادیکاڵیسمی مەزهەبی و سەپاندنی سیستمێکی حکوومەتی پاشکەوتوو، بە کەڵکوەرگرتن لە تیرۆر و هەڕەشە و بۆمبارانی تەبلیغاتی، و بەو شێوە لە مەیدان بەدەرکردنی لایەن و حیزبە سیاسییەکان و قۆرخ کردنی دەسەڵات و بڵاوکردنەوەی ترس و نیگەرانی بناغەکانی حکوومەتی خۆی پتەو کرد کە لە ئاکامدا بە ڕەشەکوژیو کۆمەڵکوژییەکانی شار و گوندەکانی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی وەکوو تەورێز و تورکمەن سەحراو و ئەهواز گەیشت کە تێیدا بە هەزاران کەس بوونە قوربانی ماشێنی تیرۆر و کوشتاری کۆماری ئیسلامی. ڕەوتێک کە لە چوار دەیەی تەمەنیدا درێژەی هەبووە: لە دەیەی یەکەم؛ بە شەڕفرۆشی ناوخۆیی و دەرەکی، کوشتاری بە کۆمەڵی بەندکراوانی سیاسی، و ڕێکخستن و سازماندەیی کردنی گرووپی خۆسەر و ڕێکخراوی سەرکوتکەری هاوتەریبی وەزارەتی ئیتلاعات؛ بە مەبەستی هەڕەشەلێکردن لە نەیارانو ڕەخنەگران، رفاندن و ئەشکەنجەکردنی سیاسەتمەداران و رووناکبیران، هێرش کردنە سەر ڕاگەیەندنەکانو ڕۆژنامەکان. لە دەیەی دووەم، بە درێژەپێدان بە میلیتاریزەکردنی کوردستان، ڕەشەکوژی زەنجیرەییو کوشتاری دەیان چالاکی سیاسیو نووسەر و ڕەخنەگری حکوومەتی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، و سەرکوتی بێرەحمانە و دڕندانەی نارەزایەتیە ناوخۆییەکانی ئێران بۆ نموونە سەرکوتی بزوتنەوەی خوێندکاری لە ١٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨. دەیەی سێیەمی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بە بەرپەرچدانەوەی توندوتیژانەی بزووتنەوەی سەرتاسەری خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٣٨٤،یان سەرکوتی بەبڵاوی ناڕەزایەتیەکانی پاش داسەپاندنەوەی ئەحمەدی نژاد و موهەندیسی هەڵبژاردنەکان لە ساڵی ١٣٨٨، ڕەوتی کپکردنی دەنگی ناڕەزایەتیو یەکرەنگو یەکدەست کردنی سیاسی وڵات، درێژەی کێشا. لە دەیەی چوارەم، بە هێرش کردنی بەردەوام بۆ سەر باڵوێزخانەی وڵاتان، بۆ نموونە باڵوێزخانەی بریتانیا لە ساڵی ١٣٩٢، و درێژەکێشانی لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی چالاکانی سیاسیو مافخواز بەتایبەت چالاکانی کوردو هەروەها کۆمەڵکوژی بە کۆمەڵی ١٦ بەندکراوی بەلوچ، بە تۆڵەی چالاکییە نیزامییەکانی گرووپی «جەیشولعەدل» و بە بارمتەگیرانی سەربازانی ئێران لە سەر سنوورەکانی ئێرانو پاکستان؛ ماشێنی تێرۆرو سەرکوتی کۆماری ئیسلامی پڕدەسکەوتتر بوو. جگە لەوە بێبەش کردنی کۆمەڵانی خەڵک لە مافە ئەساسییەکانیان، مۆڵەت نەدان بە کۆبوونەوە و ڕێکخستنی سێمینار، داخستنی ڕۆژنامە و گۆڤارە ناوچەییەکان، بێبەش کردنی خەڵک لە خوێندن بە زمانی زگماکی خۆیان، هەموو تێکڕا وەکوو یەکێک لە لایەنەکانی تێرۆریسمی کوێر و شاراوەی کۆماری ئیسلامی لەئەژمار دێن.

کۆماری ئیسلامی، تێرۆریسمی دەرەوەی سنوورەکانی خۆی هەم بەدژی نەیارانی سیاسیو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بنکە و بارەگاکانیان و هەم بە دژی ڕکەبەرانی ناوچەیی خۆی لە چوارچێوەی ستراتێژی دامەزراندنی کەوانەی شیعەو بەدەستەوەگرتنی ڕێبەری جیهانی ئیسلام؛ و بە دژی بەرژەوەندی ولاتانی زلهێزی جیهان بۆ وەدەستهێنانی پوان و مافی دەنگدان لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی بەرنامەبۆدارێژراو ئەنجام دەدا. جگە لەوە، کۆماری ئیسلامی بە هەستکردن بە ئاستەنگەکانی شەڕی باو و کردەوەی ڕاستەوخۆ، لەگەڵ زۆربەی گرووپە تیرۆریستیەکانی سەرتاسەری جیهان پێوەندی و هاوکاری دامەزراندووە و تۆڕێکی تیرۆریستی جیهانی دروست کردووە. سپای پاسدارانو بەتایبەتی سپای قودس، حیزبوڵلای لوبنان، حەماس، ڕێکخراوی بەدر و لایەنە شیعەکانی دیکەی عێراق، لەشکری مێهدی، حیزبوڵلای بەحرەین، حیزبوڵلای کوەیت، حیزبوڵلای حیجاز، گرووپی «ئەلحوسی» یەمەن و دەیان ڕێکخراوی دیکە بەشێکی ئەم تۆڕە پێکدەهێنن.

کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی پشتیوانی هەمەلایەنە لە هەر یەک لە ئەندامانی ئەو تۆڕە و هەر لایەنێکی ئامادەی دیکە، لە ڕاستیدا چەشنێک «شەڕی نیابەتی» بۆ هەڕەشەلێکردن لە نەیارەکان و کێشەنانەوە و تێکدانی سەقامگیری سیاسی و ئابووری لەو ولاتانەی تێیاندا خاوەن بەرژەوەندییە بەڕێوە دەبا، تا هاوکات لەگەڵ لاواز کردنی نەیارەکانی، حەولی بەرەپێشبردنو دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی بدات.

**نموونە دیارەکانی تیرۆریسمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بریتین لە:**

١- بە بارمتەگرتنی سەربازانی ئەمریکایی لە ساڵی ١٣٦٤ لە بەیروت لە لایەن حیزبوڵلای لوبنان، کە دواتر لە بەرامبەر وەرگرتنی چەکو تەسلیحات لە ئەمریکا لە چوارچێوی پرۆژەی «ئێران - کۆنترا» ئازاد کران.

٢- ئەنجامدانی تەقینەوە لە پێگەی هێزەکانی ئەمریکا لە «زەهران» لە عەرەبستانی سعودی و دواتر لە لوبنان.

٣- تیرۆری ڕێبەرانی کورد؛ بۆ نمونە تیرۆری دکتۆر قاسملوو لە ڤییەن، تیرۆری دکتۆر شەرەفکەندی لە ئاڵمان و ڕێبەران و چالاکانی دیکەی بزووتنەوەی کورد. لە هەمان کاتدا، تیرۆری سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە باشووری کوردستان، ئێراق و تورکیە.

٤- تیرۆری ڕێبەرانی ئێرانی و نووسەران و ڕووناکبیرانی ڕەخنەگر: وەکوو تیرۆری دکتۆر شاپور بەختیار لە پاریس، یان تیرۆری دکتۆر کازم ڕەجەوی لە ژنێڤ.

٥- تێرۆرکردنی دیپلۆماتکارانو بەرپرسانی عەرەبستانی سعودی لە دەیەکانی ١٣٦٠ و ١٣٧٠ کە چەندین جار تێیدا سەرکەوتوو بووە.

٦- تەقاندنەوەی فرۆکەیەکی هێڵی هەوایی عەرەبستانی سعودی لە ساڵی ١٣٦٨ لە «لاهور» لە پاکستان کە وەکوو تۆڵەی حەجی خوێناوی ساڵی ١٣٦٦ کە تێیدا ٤٠٠ ئێرانی کوژران، ئەژمار کرا.

٧- تەقاندنەوەی بنکەی «هاوکاری یەهودییەکان» لە ئارژانتین لە ساڵی ١٩٩٤، کە کوژرانی ٨٥ کەسی لێکەوتەوە.

٨- پلانداڕشتن بۆ تیرۆری دیپلۆماتکارانو تەقاندنەوەی باڵوێزخانەی ئیسرائیل لە ساڵیَ ١٣٨٩ لە باکو لە ئازەربایجان، و لە ساڵی ١٣٩١ لە «دێهلی نویَ» لە هێندوستان و دواتر لە تایلەند و گورجێستان.

٩- ئاشکرابوونی ناردنی چەکوچۆڵ و تەسلیحات بۆ نیجێریە، یەمەن و سومالی و دەستبەسەرکرانی ئەندامانی سپای قودس لەو وڵاتانە.

١٠- حەولی تێرۆر کردنی باڵوێزی عەرەبستانی سعودی، »عادل ئەلجەبیر«، لە واشێنگتۆن لە ساڵی ١٣٩٠؛ کە دەوڵەتی ئەمریکا بە فەرمی سپای قودسی وەکوو پلاندارێژی ئەو عەمەلیاتە ڕاگەیاند و «مەنسوور ئەرباب سیر» وەکوو بەڕێوەبەری تێرۆر، دەستبەسەر کرا.

بەو خاڵانەی سەرەوە ئەگەر تێرۆریسمی بەرنامەبۆدارێژراو لە عێراق، سووریە، بەحرەین، یەمەن، لوبنانو فەلەستین کە بە شێوەی ڕاهێنانی گروپی چەکدارو سەرەڕۆ و ئەنجامدانی عەمەلیاتی بەربڵاوی تێرۆر و کوشتار شێوازمەند بە مەبەستی حەزفو سڕینەوەی نەیارانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیو یان لەدەسەڵات لادانی حکوومەتەکانی هاوشێوەی یەمەنو بەحرەین زیاد بکەین، تێرۆریسمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی باشتر دەردەکەویَ.

بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە، بە پێدانی ئیمتیازی ئابووری و یارمەتیدانی وڵاتی زلهێز لە هەندێ پرسی ناوچەییو هەرێمی، کۆماری ئیسلامی تا ڕادەیەکی باش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕازی کردووە. نموونەی هەرە دیاریش ڕازی کردنی دەوڵەتی ئۆتریش بوو بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و دەربازکردنی ئەنجامدەرانی تێرۆری دکتۆر قاسملو.

بەڵام هەمیشەش کۆماری ئیسلامی دەرباز نەبووە. بۆ نمونە لە تێرۆری دکتۆر شەرەفکەندیو پەروەندەی میکۆنۆس لە ئاستی باڵادا، تێکڕای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی مەحکووم کران و دواتر زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی، باڵوێزەکانی خۆیان لە ئێران بۆ ماوەی چەند مانگ کشاندەوە و پێوەندی دیپلۆماتیکیان لەگەڵ تاران هەڵپەسارد. هاوشێوەی ئەو حوکمە بۆ پەروەندەی تەقاندنەوەی بنکەی هاوکاری یەهودییەکان درا و بەرپرسانی پلەبەرزی کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵای لوبنان وەکوو پلاندارێژ و بەڕێوەبەری ئەو کردەوە تیرۆریستییە ڕاگەیەندران. جگە لەوە، ئەندامانی سپای قودس و هێزەکانی ئەندام لە تۆڕی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە دەیان پەروەندەی دیکە لە وڵاتانی وەکوو ئەمریکا،ئازەربایجان، تورکیە، تایلەند و هێندوستان حوکم دراون. لە تازەترین نمونەشدا، کۆماری ئیسلامی لە ۲۱ی پوشپەڕی ساڵی ۱۳۹۳ لە لایەن دادگای نیۆیۆرک، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامیو بەتایبەت تەقاندنەوەی پێگەی هێزەکانی ئەمریکا لە بەیروت، لە ساڵی ۱۳۸۰ بەولاوە پێکهاتبوو، بە دانی ۲ میلیارد دۆلار قەرەبوو بۆ بنەماڵەی قوربانیانی ئەو کردەوە تێرۆریستییە مەحکووم کرا و دواتر بە بڕیاری دادگا بەشێک لە دارایی و موڵکەکانی ئێران لە ئەمریکا دەستیان بەسەر داگیرا.

تیرۆریسم، چەمکێکە کە بە تەواوێتی لە ناو ساختاری کۆماری ئیسلامیدا ڕیشەی داکووتاوە و سەرەڕای ئەوەی کە لە ماوەی نزیک بە چوار دەیەی ڕابردوو دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و سیاسی لەناو بازنەی توندڕەو، ڕێفۆرمخواز، کۆنەپارێز و محافزەکاردا ئاڵوگۆڕ کراوە، بەڵام گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە ستراتێژی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی وەدینەهاتووە. لە حاڵێکدا، تیرۆریسمی کۆماری ئیسلامی بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو بۆتەوە و لە زۆربەی ڕاپۆڕتە ئەمنی و دژەتیرۆریستییەکان وەکوو «هەڕەشەیەکی جیددی» بۆ سەر ئاسایش و ئەمنییەتی ناوچە و جیهان ئەژمار دەکرێ، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبەرانی دەزگای دیپلۆماسی ئەو وڵاتە بە بەکارهێنانی دژەتاکتیک و بۆمبارانی مەسمومی تەبلیغاتی، و پێشکێش-کردنی پوانی ئابووری و نیزامی و قایلکردنی هاوپەیمانان و نەیارەکانیان لە حەولی پاکانەکردن بۆ خۆیان و شێواندنی ڕاستییەکانن؛ ڕەوتێک کە تەنیا مزگێنیدەری شەڕ و کێشە و تێچووی ئینسانی زیاتر بۆ نەتەوەکانی ئێران و وڵاتانی ناوچەیە.

**سەرچاوەکان:**

**فەرهەنگی زانستی سیاسی، ئەحمەد شەبانی**

**«فصلنامەی راهبرد»، مرکز مطالعات راهبردی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٤**

## لە پەراوێزی وتاری رووحانی لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

کۆبوونەوەی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵانە لە نیۆیۆرک، لە بنکەی سەرەکی ئەو ڕێکخراوە بەڕێوەدەچێ. رۆژی ٢٤ی سێپتامبر، بە بەشداری ١٩٣ وڵاتی ئەندام و زیاتر لە سەد ڕێکخراوو کەسایەتی نێودەوڵەتی، ٦٩ەمین خولی کۆڕی گشتی ئەو ڕێکخراوە دەستی بە کارەکانی کرد. حەسەن رووحانی، سەرۆک کۆماری ئێران، یەکێک لە قسەکەرانی رۆژی دووەمی ئەو کۆبوونەوە بوو. ناوبراو لە حاڵێکدا کە بەشێکی زۆری کورسی یەکانی ئەو کۆبوونەوە بەتاڵ بوون، پەیامی خۆی بە ئاوات خواستن بۆ سەقامگیربوونی ئاسایش لە ناوچە ئاڵۆزەکان و خۆشبژێوی زیاتر بۆ گشت مرۆڤەکانی جیهان دەست پێکرد. وتاری رووحانی دوو تەوەری سەرەکی هەبوو: یەکەم، دیاردەی دەمارگرژی ئایینی و تێرۆریسمی نێودەوڵەتی و دووەم، پەروەندەی ناوکی ئێران و رەوتی وتووێژەکان.

رووحانی لە سەرەتای قسەکانی دا بە وشیارکردنەوە لەمەڕ مەترسی توندوتیژی هەوسارپساو، ئاماژەی بە پرۆسەی بەجیهانی بوونی تێرۆریسم کردو وتی: "تێرۆریستان بە یەک زمان قسە ناکەن، تەنانەت رەنگی پێستیشیان یەک نییە و لە نەتەوەیەکیش نین. بەڵام ئیدئۆلۆژی یەکی هاوبەش یان هەیە: دەمارگرژی و توندوتیژی. ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە: لەناوبردنی شارستانیەت و ئیسلام هەراسی و دروست کردنی بەستێنی شیاو بۆ دەستێوەردانی سەرلەنوێی هێزە دەرەکی یەکان لە کاروباری ناوچە". ناوبراو بە وەبیرهێنانەوەی ئەو خاڵە کە تێرۆریستان لەناو تۆڕێکی نێونەتەوەیی دا خۆیان ڕێکخستووە، بەو پەڕی باوەڕبەخۆبوونەوە، و بە لەبیرکردنی مێژووی هاوچەرخی وڵاتەکەی و ناوچە، کۆماری ئیسلامی لە بەرەی دژ بە تێرۆریسم دا جێ کردەوە و لەو سۆنگەوە داوای کۆدەنگی نێونەتەوەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێرۆری کرد. لێرەدا پرسیارێکی مەنتقی دەتوانێ ئەوە بێ کە حەسەن رووحانی، بە کام پشتوانەی سیاسی و مێژوویی ئەو نوسخە پێچی یانە دەکا؟

نزیک بە چوار دەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامی، کۆلێکسیۆنێکی دەوڵەمەند لە کردەوەی تێرۆریستی و تێرۆریسمی دەوڵەتی ئەو وڵاتە لە ناوخۆو دەرەوەیە. لەناوخۆی وڵات،کۆماری ئیسلامی بە پێداگری لە سەر بیررای دیکاڵیسمی مەزهەبی، بەکەڵک وەرگرتن لە تیرۆرو هەڕەشە و بۆمبارانی تەبلیغاتی و بەو شێوە، لە مەیدان بەدەرکردنی لایەن

و حیزبەسیاسی یەکان و قۆرغ کردنی دەسەلات، حکومەتێکی دیکتاتۆری بە سەر گەلانی ئێران دا سەپاندووە کە لەگەڵ هەرچەشنە گۆڕانکاری یەکی سەردەمیانە نامۆیە. لە لایەکی تر، کۆماری ئیسلامی، تێرۆریسمی دەرەوەی سنوورەکانی خۆی هەم بە دژی نەیارانی سیاسی و هێزە کانی ئۆپۆزیسیۆن و، هەم بە دژی رکەبەرانی ناوچەیی خۆی لە چوارچێوەی ستراتیژی دامەزراندنی کەوانەی شیعەو ڕێبەری کردنی جیهانی ئیسلام؛ و هەروەها بەدژی بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزی جیهان بۆ وەدەستهێنانی پوان و مافی دەنگدان لە بڕیارە نێودەوڵەتی یەکان بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو ئەنجامداوە و تا ئێستاش شێلگیرانە درێژەی پێدەدا.

رووحانی بە لە بیرکردنی ئەو رابردوو و ئەو راستی یە حاشاهەڵنەگرە، کۆماری ئیسلامی لە دروست کردنی کێشە ئارایی یەکانی جیهان و بەتایبەتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەردەهاوێ و "ژمارەیەک لە وڵاتان" بە خولقاندنی ئەو دۆخە تاوانبار دەکا. ناوبراو دەڵێ:" دەستدرێژی نیزامی بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق و دەستێوەردانی هەڵنەسەنگێندراو لە پرسی سوریە، نمونە هەرە دیارەکانی ستراتیژی هەڵەی رۆژئاوا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستن. "رووحانی ئەزمونی دامەزراندن و بەهێزکردنی ئەلقاعیدەو تاڵبان و گروپە رادیکاڵەکانی دیکە وەبیر هەمووان دێنێتەوەو دەڵێ:"کە ئەو تەجروبە نیشانیدا کە ناکرێ لایەنێک بە مەبەستێکی تایبەتی بەهێز بکرێ و کاری پێ بکرێ و دواتر لە هەڵسوکەوتە نەخوازراوەکانی کەس بەرپرسیار نەبێ"و بە هەموو ئەو لایەنانەی کە لە خولقاندنی ئەو دۆخە بەشدار بوونە، پێشنیار دەکا کە "دان بە هەڵەی خۆیان دابنێن!! و نەتەنیا لە بەرامبەر رابردوو، بەڵکوو لە پێناو دۆزینەوەی رێگاچارەیەک بۆ داهاتوو داوای لێبوردن لە کۆمەڵگای جیهانی بکەن!!.

ناوبراو "گەشەسەندن و دادپەروەری" بە چارەسەری پرسی تێرۆریسم دەزانێ، "ئیسلام هەراسی" لە بنەڕەتدا بە پرۆژەیەکی دەستکردی رۆژئاوا ناو دەباو رەخنە لە حەولەکان بۆ پەرەپێدانی دێموکراسی یان بە وتەی خۆی "دێموکراسی هەناردەیی بە کۆڵەپشتی" دەگرێ و بە چەند وشەی رازاوە وەکوو میانەڕەوی و پێکەوەژیان، نمونەی سەرکەوتووی کۆماری ئیسلامی بۆ وڵاتانی جیهان نوسخەپێچ دەکا!!. ئەو لێدوانە لە حاڵێک دایە کە کۆماری ئیسلامی، بە بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕش و دامەزراندنی حکومەتی جیهانی ئیسلام فرچکی گرتووەو هەر لە سەرەتای دامەزرانی یەوە بەشێوەیەکی پراکتیکی کاری بۆ کردووە، "ئیسلامی رادیکاڵ"ی نادادپەروەرانە بە سەر گەلانی ئێران و ناوچەدا تاقی کردۆتەوە و بە هەمان رادەی رۆژئاوا، و بگرە زیاتریش لە سەرهەڵدانی رەوتی جیهانی تێرۆریسم و یەک لەوان دروست بوونی داعش بەرپرسیارە.

رووحـانی بەشی دووەم لە وتـارەکەی لە کـۆڕی گشـتی نەتەوە یەکگرتووەکـان بـۆ بـاس لەسـەر پەروەنـدەی نـاوکی وڵاتەکەی تەرخـان کـرد. نـاوبراوبە ئامـاژە بەوە کە "ئێـران بیـر لە بەرهەمهێنـانی چەکـی نـاوکی ناکـاتەوەو لە بەرنامەی ناوکیدا هیچ شتێکی بۆ شاردنەوە نییەو لە حاڵەتێکدا کە لایەنەکانی دانوستانکار، ئیـرادەی پێویستیان بۆ چارەسەری ئەو بابەتە هەبێ و بتـوانن لە مـاوەی دیـاریکراودا بە ڕێککەوتنـی کۆتـایی بگەن، شـایەتی کەشێکی جیاواز بـۆ هاوکـاری نـاوچەیی و جیهـانی دەبـین"، لەشوێن گەلاڵەکردنـی ئەو بـابەتە بـوو کە "ڕێککەوتنـی کۆتـایی لەسـەر پرسـی چـالاکی یە نـاوکی یەکـانی ئێـران دەتـوانێ دەسپێکی هاوکـاری هەمەلایەنە لە ئاسـتی نـاوچەیی و نێونەتەویی دا بێ"؛ واتـا پوان وەرگرتن لە بەرنامەی ناوکی بە پوان دان لە سیاسەتی ناوچەیی دەگۆڕێتەوە.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە رۆژئاوا، رایگەیاندووە کە ئامادە نییە بـۆ گەیشـتن بە چارەسـەرێک بـۆ پرسەکانی نـاوچە، بەگوێرەی ویستەکانی تاران، سازان لەسەر بەرنامەی ناوکی ئەو وڵاتە بکا. کۆمەڵگـای جیهـانی بەردەوام دووپـاتی کردۆتەوە کە بەرامبەر بە چالاکی یە نـاوکی یەکـانی ئێـران نیگەرانە و جەختـی لەسـەر ئەو بـابەتە کـردۆتەوە کە ڕێگای ئێران بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی بەربەست دەکـا و بـۆ ئەو مەبەسـتە بـایکۆت کردنـی بەربڵاوی پیشەسـازی نیزامی و کەرتەکـانی پێوەندیـدار بەو بەرنامەیەیـان ئەنجـام داوە. رووحـانی لە تریبـونی نەتەوە یەکگرتووەکـان، "درێژەکێشـانی ئەو بـایکۆتە سـتەمکارانە بەدژی ئێـران، بە هەڵەیەکـی گەورە دەزانـێ" و وتـووێژ و دانوسـتان، بە تەنیا ڕێگای چارەسەری ئەو پرسە دەزانێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە وتووێژەکان بۆ چارەسەری ئەو پرسە، زیاتر لە یەک دەیەیە کە بەبـێ دەرەنجـام درێژەیـان هەیە و بەگـوێرەی زانیـاری یەکـانی دەزگـا هەواڵگرییەکـان، ئێـران لەو ماوەدا بەردەوام لە حەولی دروست کردنی چەکی ناوکی دابووە.

ئێستا، ئێران و وڵاتـانی ١+٥ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی، کەمتر لە دوو مانگ یان کات مـاوە و ئەگەر لەو ماوەدا پرسی ناوکی ئێران ڕێگاچارەی بۆ نەدۆزرێتەوە؛ درێژەکێشـانی بـێ دەرەنجـامی دانوستانەکان تەنیـا دەتـوانی لە چوارچێوەی پرۆژەی کۆماری ئیسلامی بۆ "یاری کردن بە رۆژئـاوا" تـا گەیشـتن بە مەبەسـتی سـەرەکی خـۆی، واتـا بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، پاساوهەڵگر بێ.

بە گشتی، دووەمین وتـاری رووحـانی لە کـۆڕی گشـتی نەتەوەیەکگرتووەکـان سـەرەڕای ئەوەی کە تەواو بە مەبەسـتی پێشـاندانی سـیمایەکی میـانەڕەوو سـەردەمیانە لە کۆمـاری ئیسـلامی داڕێژرابـوو، بەڵام تەواو لەگەڵ نـاوەرۆک و چییەتـی ئەو حکـومەتە نـاڕێک بـوو. کۆمـاری ئیسلامی باشـترین بەڵگەی "ئیسـلام هەراسـی"یە؛ دیـارترین نمـونەی

**تێرۆریسمە و ئەگەر کۆمەڵگای جیهانی پێش بە چالاکیە ناوکی یەکانی نەگرێ، نەتەنیا بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی بە مافی خۆی دەزانێ بەڵکوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە بەکارهێنانیشی سڵ ناکاتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٤**

## شەڕی ساردی ئێران و عەرەبستانی سعودی

چۆنیەتی پێوەندی نێوان ئێران و عەرەبستان وەکوو دوو وڵاتی کاریگەری ناوچەکە، یەکێک لە گرینگ ترین فاکتەرەکانی ڕێ نیشاندەری ساختاری سیاسی و ئەمنییەتی ناوچەیە. زیاتر لە سێ دەیەیە، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو وڵاتە، گرینگ ترین پرسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. ڕووبەڕووبوونەوەیەک کە سنوورەکانی دوو وڵاتی تێپەڕاندووە و زۆرێک لە ناوچەکانی دیکەی وەکوو فەلەستین، لوبنان، عێراق، یەمەن، بەحرەین و سوریەی تێوەگلاندووە. لە ڕاستیدا، لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرچاوەی سەرەکی ئاڵۆزبوونی کێشە ناوخۆیی یەکان، بۆ هۆکارێکی دەرەکی واتا دژایەتی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و عەرەبستانی سعودی، وەکوو دوو جەمسەری ئیسلامی سیاسی شیعە و سوننی دەگەڕێتەوە.

پێوەندی سیاسی نێوان ریاز و تاران هەمیشە پڕ هەوراز و نشێو بووە. هەر لە سەرەتاوە، ئەو دوو وڵاتە یەکتریان بە لادان لە چەمکەکانی "ئیسلامی ڕاستەقینە" تۆمەتبار کردووە، یارمەتی گرووپە دژبەرەکانی یەکتریان داوە، بەدژی بەرژەوەندی یەکانی یەکتر کاریان کردووە و لە زۆرێک لە وڵاتانی هاوپەیمانی یەکتر سەنگەریان بەرامبەر بە یەک گرتووە. بەڵام بەو حاڵەش هێشتا ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نیزامی یان تەجروبە نەکردووە. واتا پێڕەوییان لە ئوسولەکانی شەڕی سارد کردووە و هەمیشە بردنەوەی لایەنێک، بە مانای شکستی لایەنەکەی تر تەعبیر کراوە. شەڕێک کە لە چەند ساڵەی دوایی دا بە تایبەتی لەسەر پرسەکانی سوریە، عێراق، بەحرەین و یەمەن پڕکێشەتر بووە و تێچووی قورسی لێکەوتۆتەوە.

عەرەبستان لە ڕێگای یارمەتی ماڵی ساڵانە بە تۆڕێکی بەربڵاو لە شوێنە ئایینی یەکان، قوتابخانە ئیسلامی یەکان و ڕێبەرانی مەزهەبی ناوچەیی لە سەرتاسەری جیهان، تێکۆشاوە تا خۆی وەکوو پشتیوانی سەرەکی مسوڵمانانی جیهان واتا "ام القرای" ئیسلام دەربخا. ئەو وڵاتە بەردەوام کاری بۆ ئیسلامی سەلەفی سوننی کردووە و لەو ڕێگایەوە یارمەتیدەری دامەزرانی گرووپی شێوەنیزامی جۆراوجۆر بەبیری ئیسلامی بناژۆخواز بووە. عەرەبستان، ناوەندی سەرەکی بڕیار لەناو وڵاتانی عەرەبی یە و بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لە حکومەتە سەرەڕۆکانی هاوپەیمانی خۆی دەکا. لە لایەکی دیکە کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکی هاوشێوەی بەرامبەر بە ڕەوتە سیاسی و

بزووتنە چەکداری یەکانی شیعەی ناوچە هەیەو ئیددیعای ڕێبەری جیهانی ئیسلام دەکا و لە چوارچێوەی پرۆژە ستراتیژیکەکانی خۆی بۆ گشتاندنی "وەلایەتی فەقیە" و دامەزراندنی کەوانەی شیعە لە هیچ هەوڵێک سڵ ناکاتەوە. بەو پێیە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو جەمسەرە نائاسایی نییە.

سێ شەممەی ڕابردوو، "سعود ئەلفەیسەل"، وەزیری کاروباری دەرەوەی عەرەبستان، لە پەراوێزی دیدار لەگەڵ هاوتای ئەڵمانی خۆی "فرانک والتێر ئیشتاینمایەر" لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی هاوبەش دا، داگیرکاری ئێرانی لە سوریە مەحکوم کرد و وتی:" ئێران بۆ یارمەتیدان بە چارەسەری کێشەی سوریە، دەبێ هێزە داگیرکەرەکانی خۆی لەو وڵاتە بکشێنێتەدەر". ئەلفەیسەل هەروەها وتی:" ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێران لە زۆرێک لە پرسەکانی ناوچە، بەشێک لە کێشەیە، نەک چارەسەر". ئەوە لە حاڵێکدایە کە تاران، بەردەوام عەرەبستان بە بانکی ماڵی تێرۆریزم ناو دەبا و بۆ بەرەنگاربوونەی سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە لە دەرفەتی نوێ دەگەڕێ. حەوتووی ڕابردوو ڕاوێژکاری سەربازی خامەنەیی ڕایگەیاند کە پێویستە هێزی سەربازی ئێران، ڕەوانەی عێراق و سوریە بکرێ تا بەرەنگاری داعش ببێتەوە، و ڕایگەیاند:" پێش ئەوەی داعش بۆ ئێران ببێتە هەڕەشە، پێویستە لە عێراق و سوریە گورزی گورچ وبڕی لێبدرێ". ئاماژەیەک بۆ ئیسلامی سوننی توندڕەو کە تاران، عەرەبستان و هاوپەیمانانی عەرەبی و ڕۆژئاوایی ئەو وڵاتە بە ڕێنوێنی کەری ئەو گروپە دەزانێ.

لە ئەرزی واقع دا، ئێران و عەرەبستان ئێستا لە شەڕێکی سەنگەر بە سەنگەر دان. عەرەبستان و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی سوننی، ڕاشکاوانە لە گروپەکانی دژبەری دەوڵەتی ئەسەد پشتیوانی دەکەن. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕێژیمی ئەسەد بێ داهاتوویە و لە ماوەیەکی نزیک دا دەڕوخێ. بەو پێیە لە سەرکەوتنی گروپەکانی نەیاری ئەسەد و هاوپەیمانانی خۆیان، پوانی گرینگ بۆ دەستەبەربوونی ئامانجە سیاسی یەکانی خۆیان لەو ناوچە دەبینن. لە بەرامبەردا، ئێران و هاوپەیمانەکانی، سوریە وەکوو هاوپەیمانی ستراتیژیکی خۆیان دەبینن و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی حکومەتی کۆماری ئیسلامی و سیستمی هاوسەنگی هێز بە هەموو شێوەیەک دەیپارێزن. تەرخان کردنی پێگەیەکی نیزامی بۆ ڕاهێنانی هێزەکانی ئەرتەشی ئازادی سوریە لە لایان عەرەبستان، و هەروەها بڕیاری دامەزراندنی هێزێکی هاوبەشی "شووڕای هاوکاری کەنداوی فارس" بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی ئێران، بەشێک لە هەوڵەکانی ڕیاز بۆ سەرکوتی هێژمۆنی ئیسلامی سیاسی شیعە بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، لە ناوچە و بەتایبەتی لە سوریەیە.

سوریە تەنیا خاڵی ناکۆکی نێوان ئەو دوو وڵاتە نییە؛ ریاز، کۆماری ئیسلامی بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی یەمەن و پشتیوانی لە "شیعەکانی حوسی" تۆمەتبار دەکا؛ کە رۆژی ٢١ی سێپتامبر، سەنعا، پێتەختی ئەو وڵاتەیان داگیر کرد. لە بەیاننامەیەکدا کە عەرەبستان و پێنج دەوڵەتی عەرەبی لێواری کەنداوی فارس، لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی خۆیان سەبارەت بە بارودۆخی یەمەن بڵاویان کردەوە، دەستدرێژی دەرەکی کۆماری ئیسلامییان بە توندترین شێوە مەحکوم کرد و رایانگەیاند کە چیتر "بێدەنگ نابن". "عەبدوڵلا ئەلعەسکەر"، سەرۆکی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی مەجلیسی شورای عەرەبستان هۆشداری دا کە" حوسیەکانی یەمەن، تاڵبانێکی دیکەن. ناکرێ سەنعا بدەینە دەست حوسییەکان و ئێرانی یەکان. پێویستە گوشاری نێونەتەوەیی بخەینە سەر ئێران. ئێران پێی لە بەڕەی خۆی زۆر زیاتر راکێشاوە. پێویستە پێشی پێ بگیردرێ".

لە لایەکی دیکە، ئێران جێگیربوونی سەربازانی سعودی لە بەحرەین بە "زێدەخوازی وەهابی یەکان" پێناسە دەکا. بەحرەین لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ و لە درێژەی ناڕەزایەتیەکانی بەهاری عەرەبی و داواکاری بۆ ئەنجامدانی رێفۆڕمی سیاسی تووشی قەیرانی سیاسی بوو. لە درێژەی ئەو ناڕەزایەتیانە و بەشداری کردنی روحانیانی شیعە، ئەو ناڕەزایەتیانە لایەنی مەزهەبی و فێرقەییان بەخۆوە گرت و دەوڵەتی بەحرەین و لایەنگرانی، کۆماری ئیسلامی یان بە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی شیعە لەو وڵاتە تۆمەتبار کرد. عەرەبستان رووبەڕووی ئەو هەوڵانە بووە و بە پاراستنی ناوەندە گرینگەکانی حکومەتی بەحرەین، دەستی ئەو وڵاتەی ئاوەڵا کرد تا دەنگی ناڕەزایەتی یەکان کپ بکا.

لە عێراقیش، ئەو دوو وڵاتە لە بەرەی تەواو دژ بە یەک دان. عەرەبستان لە کەوتنی عێراق بۆ بەرەی شیعە و گرێدانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئێران بەردەوام ناڕازی بووە؛ و تێکۆشاوە لە رێگای بەهێزکردن و پشتگیری کردنی لایەنە سوننی یەکان بەرەنگاری سیاسەتەکانی ئێران بێتەوە. ناڕەزایەتیە جەماوەری یەکانی لایەنەکانی سوننی و گەشەسەندنی داعش، رەنگە دیارترین نیشانەکانی شەڕی ساردی ئەو دوو وڵاتە لە سەر خاکی عێراق بێ. جگە لەوە عەرەبستان بەردەوام لە ئەهرۆمی ئابووری و بەتایبەت هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوت بۆ گوشار خستنە سەر ئێران کەڵکی وەرگرتووە و لە رێگای هاوپەیمانێتی لەمێژینەی لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوایی و بەتایبەت ئەمریکا لەسەر رەوتی وتووێژە ناوکی یەکان و سەدکردنی رێگای دەستوێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی کاریگەری داناوە.

ئەو دوو وڵاتە هێمای دوو گوتاری جیاواز و وێکچوو لە ئیسلامی سیاسین. هەر دوو وڵات ساختاری دەسەڵاتی هاوشێوەیان هەیە و لە کەمترین ئاستدا نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵکەکەیان دەکەن. بەو پێیە سیاسەتی دەرەکی و ناوچەیی یان سەرچاوەگرتووە لە ئیرادە و گوتاری زاڵی ئەو کۆمەڵگایانە نییە. شێوەی ڕوانین و شەڕی ساردی ئەو دوو وڵاتە، لەگەڵ چاشنی هەڵەکانی ڕۆژئاوا دۆخێکی ئاڵۆزی وەهای خوڵقاندووە کە بۆ داعش و داعشییەکان نەبێ، بۆ کەسی دیکە ناتوانێ دڵخواز بێ. هەر ئەو هۆکارەشە کە کۆمەڵگای مەدەنی وڵاتانی تێوەگلاو لە شەڕ، و کۆمەڵگای جیهانی بەرپرسیار دەکا تا هەوڵەکانیان بۆ سەرکوت کردنی هێژمۆنی سیاسی - ئابووری ئەو دوو لایەنە چڕتر بکەنەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤**

## هەل بۆ کورد رەخساوە، قۆزتنەوەی دەوێ!

دوابەدوای دارمانی ئیمپڕاتۆرێ عوسمانی و فۆڕمگرتنی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێ، پرسی کورد، بوو بە پرسێکی جێی سەرنج و کەوتە ناو هاوکێشە جیهانی و ناوچەییەکان. پەیماننامەکانی سایکس پیکۆ، لۆزان و سیڤەر و هەروەها شکست پێهێنانی شۆڕشی شێخ مەحمود، پشت بەردانی کۆماری کوردستان، نسکۆپێهێنانی شۆڕشی ئەیلول، شەڕی کەنداو و دامەزرانی حکومەتی هەرێم، یارمەتیدانی تورکیە و دژایەتی کردنی بزووتنەوەی کورد لە باکوور، شەڕی عێراق و دواجار سەرهەڵدانی داعش و هێرشی بۆ سەر کوردستان، چەندین وێستگەی مێژوویی نەتەوەی کوردن کە تێکڕا دەریدەخەن، چارەنووسی ئەو نەتەوەیە بە بەردەوامی بە رووداو و سیاسەتەکانی هەورازتر لە کوردستان بەستراوەتەوە.

ئەگەرچی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کورد، دەوڵەمەند بە بزووتنەوەی شۆڕشگێری و جەماوەری بەربڵاو بووە، بەلام نەبوونی فاکتەری "یەکگرتوویی نەتەوەیی" لە پاڵ فاکتەری "خۆگێلکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی"، زۆربەی ئەو شۆڕشانەی بە ئاکامی کاتی و بەرتەسک گەیاندووە و چارەسەری پرسی کوردی بە داهاتوویەکی نادیار حەواڵە کردووە. ئێستا، لە کاتێکدا کە رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە یەکێک لە پڕگۆڕانکاریترین سەردەمەکانی خۆیدایە، بەستێنی هەمواربوونی ئەو دوو فاکتەرە رەخساوە؛ لەلایەک بەرژەوەندی کورد و زلهێزە جیهانییەکان هاوتەریبە و چارەسەری بەشێک لە کێشە گرینگەکانی ناوچە هاوکاری و بەشداری راستەوخۆی کوردی پێویستە؛ و لە لایەکی دیکەوە "یەکگرتوویی نەتەوەیی"، گوتاری زاڵی کۆمەڵگای کوردستانە.

ئێستا، ئەو گوتارە تا رادەیەکی زۆر لەنێو کۆمەڵگای کوردستانداجێگیر بووە و بە بۆنەی جۆراوجۆر، ئەو هاوپێوەندییە نەتەوەییە لە شەقامەکان رەنگ دەداتەوە و داواکارییەکی روون بۆ یەکێتی نەتەوەیی ئاراستەی حیزب و لایەنە سیاسییەکان دەکا. لەو روویەوە کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، نوێنەرایەتی زۆرینەی کۆمەڵگا دەکەن، دەبێ نوێنەری ئەو گوتارە زاڵە بن و ئەو چەمکانە لە پلانە ستراتێژیکەکانیاندا رەنگ بداتەوە. خستنە بەرباسی ئەو پرسە وحەولدان بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی، وڵامدانەوەیەک دەبێ بەو داواکارییەی کۆمەڵگای کوردستان. ئەگەرچی حەولە سەرەتاییەکان بۆ دروست بوونی کۆدەنگی لەسەر پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی تووشی

گیر و گرفت بوون، بەڵام بەردەوامی ئەو حەولانە بە شێوەی جۆراوجۆری دیکە وەکوو پێکهێنانی هاوپەیمانی سیاسی لەنێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر کام لە پارچەکان دا، و هەموو پارچەکان یەکڕا نیشانەیەکی بەهێزە لە بەستنی حەتمی ئەو کۆنگرەیە.

یەکگرتوویی نەتەوەیی لە چەند ڕەهەندەوە پێویستییەکی ئورژانسییە، لە لایەک هێزە سیاسییەکان، لەژێر چەترێکی سیاسیدا کۆ دەکاتەوە و دەرفەتی لێک تێگەیشتن بۆ هەموو ئەو لایەنانە دەڕەخسێنێ و دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم ڕێگای خراپ بەکارهێنانی ئەو هێزانە لە لایەن هێزە هەرێمی و جیهانییەکاندا. لە لایەکی دیکەوە، وڵامدانەوەی ویستێکی سەرەکی کۆمەڵگای کوردستانە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی کاریگەری ڕاستەوخۆی کۆمەڵگایەکی زیندووە لەسەر لایەنە سیاسییەکانی.

جگە لەوە، لە ڕووی جیهانییەوە و لە حاڵێکدا کە پرسی کورد لەژێر ڕوناکایی گۆڕانکارییەکانی ناوچەدا، یەکێک لە پرسە گرینگ و جێی باسەکانی سەردەمە، یەکێتی نەتەوەیی کورد ئەهرومێکی بەهێز و کارتێکی یاری دیپلۆماتیک دەداتە هەموو ئەو هێز و لایەنانە.

ئاساییە کە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کە بە کردەوە کار بۆ خاڵە هاوبەشەکان بکا و بەڵێندەر بە جێگیرکردنیان دەبێ، بە سەرنجدان بە هەوراز و نشێوەکانی مێژووی کورد و کاریگەری و دەستێوەردانی وڵاتانێک کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، تووشی گیر و گرفت بێتەوە. جگە لەوە هەر لە ئەساسدا پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی بە مانای وەلانانی خاڵە جیاوازەکان و سڕینەوەی کێشەکان نییە، بەڵکوو بە مانای حەولدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی مەنتقی و مودیریەتی عەقڵانی ئەوانە. لە وەها حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو گیروگرفتانە، وەکوو دەرفەتێک بۆ چارەسەرکردن و لێک تێگەیشتنی پرسە جێی ناکۆکەکان سەیر بکرێن، دیاردەیەکی تەواو شارستانی و مەقبووڵن، بەڵام ئەگەر ئەو کێشانە ببنە لەمپەر و سەددی یەکگرتوویی نەتەوەیی، باوەڕبەخۆبوون و وشیاری نەتەوەیی کورد لەنێوخۆیدا پەنگدەداتەوە و دەرفەتێکی لەبار بۆ بەرەوپێش بردنی پرسی کورد بەفیڕۆ دەدا.

لەو ناوەدا ئەرکی ڕۆژهەڵات لە هەمووان قورسترە. لە هەر سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان، حکومەتی ناوەندی تەواو دانی بە بوونی پرسی کورد داناوە؛ لە باشوور حکومەتێکی شێوە سەربەخۆ بووەتە واقع، لە باکوور پرۆسەی

ئاشتی و چارەسەری لە ئارا دایە، و سەرنجی کۆمەڵگای جیهانی لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان و خۆڕاگری کۆبانی یە. ئەوە تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە حکومەتی ناوەندی دانی بە پرسی کورد دانەناوە، ئەگەرچی بە کردەوە چالاکی سیاسی لایەنەکان هەم بە شێوەی سیاسی و هەم لەچوارچێوەی مەدەنی و هەندێکجار بەرەنگاری چەکداری لەئارا دایە و ئیرادەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئاواتەکانی تەواو هەستی پێدەکرێ. بەڵام تا کاتێک هەموو ئەو حەولانە نەکەونە چوارچێوە و قالبێکی پتەوی یەکگرتوو، ناتوانێ تەواو نوێنەرایەتی خەڵکی ئەو پارچەیە بکا و وەکوو کارتێکی بەهێز لە هاوکێشە سیاسییەکان بۆ داهاتووی ئێران و ناوچە حیسابی بۆ بکرێ. کەواتە، ڕۆژهەڵات و هێزە سیاسییەکانی دەبێ دەسپێشخەر بن و مۆدێلێک بۆ پێکەوەکار کردن و چارەسەری کێشەکان بۆ لایەنەکانی دیکەش بخەنەڕوو و پێڕەوی ستراتیژییەکی هاوبەش بکەن.

واقعییەت ئەوەیە کە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی، هێندە دیاردەیەکی نوێ نییە و زۆربەی نەتەوەکانی جیهان لە مێژووی خۆیاندا بە قۆناغی هاوشێوەدا تێپەڕیون. کۆمەڵێک لایەنی سیاسی و مەدەنی لەسەر خاڵە هاوبەشەکان کۆدەبنەوە و کۆدەنگی لەسەر هەندێ خاڵی دیکە دروست دەکەن و حەولی بەربڵاوتر کردن و سەقامگیرکردنی ئەو خاڵانە دەدەن و تەواو لەو بابەتە ئاگادارن کە بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی، پێویستیان بە یارمەتیدانی یەکترە. ئەوە بە مانای تێڕوانینی رواڵەتی و ئاسان کردنەوەی پرسەکە نییە، بەڵام نابێ پێکهێنانی ئەو کۆنگرەش وەها ئاستەم بکرێ تا ڕووداوە نادیارەکانی ناوچە بە ئاکامی کۆتایی خۆیان بگەن و سناریۆکان تەواو بن و کورد ئەو جارەش لە ڕووداوەکان بەجێ بمێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

## هەل بۆ کورد ڕەخساوە، قۆزتنەوەی ماوە.

سەدەی بیستەم، سەدەی ڕووداوە گەورەکان بوو؛ سەدەیەک کە بارگرانییەکەی زیاتر لە هەر شوێنیکی دیکە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەجێهێشت. ئەو ناوچەیە، موزائیکێکی نەتەوەیی و نژادییە، لە ڕووی ئایینی و مەزهەبی فرەچەشنە، خاوەن سەرمایەی سەرزەوی و ژێرزەوی دەوڵەمەندە و بەردەوام مەیدانی ململانێ و رکەبەری هێزە هەرێمی و جیهانییەکان بووە. ئەو تایبەتمەندییانە وای کردووە کە دیاریکردنی ڕێرەوی وڵاتەکان تەنیا بە گوێرەی ویستی گەلەکانیان نەبێ و سیاسەتی ناوچەیی و جیهانی ڕۆڵی بنەڕەتی تێدا بگێڕێ. لە سەدەی بیست و یەکەمیش، ئەو ناوچە بووە کانونی قەیران لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا کە لە ڕووداوە وەرچەرخێنەرەکانی وەکوو ١١ی سێپتامبر، شەڕی ئەفغانستان و عێراق، بەهاری عەرەبی، شەڕی سوریە و سەرهەڵدانی رەنگیداوە.

دوابەدوای دارمانی ئیمپڕاتۆریێ عوسمانی و فۆرمگرتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، پرسی کورد، واتا دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، بووە پرسێکی جێی سەرنج و کەوتە ناو هاوکێشە جیهانی و ناوچەییەکان. پەیماننامەکانی سایکس پیکۆ، لۆزان و سیڤەر، شکست پێهێنانی شۆڕشی شێخ مەحمود، پشت بەردانی کۆماری کوردستان، نسکۆ پێهێنانی شۆڕشی ئەیلول، شەڕی کەنداو و دامەزرانی حکومەتی هەرێم، یارمەتیدانی تورکیە و دژایەتی کردنی بزووتنەوەی کورد لە باکوور، شەڕی عێراق و دواجار سەرهەڵدانی داعش و هێرشی بۆ سەر کوردستان، چەندین وێستگەی مێژوویی نەتەوەی کوردن کە تێکڕا دەریدەخەن، چارەنووسی ئەو نەتەوەیە بە بەردەوامی بە ڕووداو و سیاسەتەکانی هەورازتر لە کوردستان بەستراوەتەوە.

ئەگەرچی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کورد، دەوڵەمەند بە بزووتنەوەی شۆڕشگێری و جەماوەری بەربڵاو بووە، بەڵام نەبوونی فاکتەری "یەکگرتوویی نەتەوەیی" لە پاڵ فاکتەری "خۆگێلکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی" زۆربەی ئەو شۆڕشانەی بە ئاکامی کاتی و بەرتەسک گەیاندووە و چارەسەری پرسی کوردی بە داهاتوویەکی نادیار حەواڵە کردووە. ئێستا، لە کاتێکدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە یەکێک لە پڕگۆڕانکاریترین سەردەمەکانی خۆیدایە، بەستێنی هەمواربوونی ئەو دوو فاکتەرە رەخساوە؛ لەلایەک بەرژەوەندی کورد و زلهێزە جیهانییەکان هاوتەریبە و

چارەسەری بەشێک لە کێشە گرینگەکانی ناوچە هاوکاری و بەشداری راستەوخۆی کوردی پێویستە؛ و لە لایەکی دیکە "یەکگرتوویی نەتەوەیی"، گوتاری زاڵی کۆمەڵگای کوردستانە.

لە سەردەمی ئێستا، حەولدان بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی، هەم تێپەڕاندنی مێژوو و هەم وڵامدانەوەیەکی رەوا بە مێژووە. تێپەڕاندنی مێژوویەکی لێوانلێو لە مانۆڕدانی تاکڕەوانە، ناوچەگەرایی سیاسی و گرێدانی هاوپەیمانی ناتەندرووست، و لە هەمان کاتدا وڵامدانەوەیەکی رەوایە بە بەرپرسیارێتییە مێژووییەکانی ئێستا، لە رێگەی دەوڵەمەندکردنی مێژوو بە چەمکەکانی هاوپێوەندی و هاوخەباتی سەراسەری لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی. ئێستا، ئەو گوتارە تا رادەیەکی زۆر لەنێو کۆمەڵگای کوردستاندا جێگیر بووە و بە بۆنەی جۆراوجۆر، ئەو هاوپێوەندییە نەتەوەییە لە شەقامەکان رەنگ دەداتەوە و داواکارییەکی روون بۆ یەکێتی نەتەوەیی ئاراستەی حیزب و لایەنە سیاسییەکان دەکا. لەو روویەوە کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، نوێنەرایەتی زۆرینەی کۆمەڵگا دەکەن، دەبێ نوێنەری ئەو گوتارە زاڵە بن و ئەو چەمکانە لە پلانە ستراتێژیکەکانیاندا رەنگ بداتەوە. خستنە بەرباسی ئەو پرسە و حەولدان بۆ دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی، وڵامدانەوەیەک بەو داواکارییەی کۆمەڵگای کوردستان بوو. ئەگەرچی حەولە سەرەتاییەکان بۆ دروست بوونی کۆدەنگی لەسەر پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی تووشی گیر و گرفت بوون، بەڵام بەردەوامی ئەو حەولانە بە شێوەی جۆراوجۆری دیکە وەکوو پێکهێنانی هاوپەیمانی سیاسی لەنێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر کام لە پارچەکان، و هەموو پارچەکان یەکڕا نیشانەیەکی بەهێز لە بەستنی حەتمی ئەو کۆنگرەیە.

یەکگرتوویی نەتەوەیی لە چەند رەهەندەوە پێویستییەکی ئورژانسییە، لە لایەک هێزە سیاسییەکان، لەژێر چەترێکی سیاسیدا کۆ دەکاتەوە و دەرفەتی لێک تێگەیشتن بۆ هەموو ئەو لایەنانە دەرەخسێنێ و دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم رێگای خراپ بەکارهێنانی ئەو هێزانە لە لایەن هێزە هەرێمی و جیهانییەکاندا. لە لایەکی دیکە، وڵامدانەوەی ویستێکی سەرەکی کۆمەڵگای کوردستانە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی کاریگەری راستەوخۆی کۆمەڵگایەکی زیندووە لەسەر لایەنە سیاسییەکانی. دیاردەیەک کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر بەهێزبوونی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان دەبێ و پێوەندی دوو لایەنەی نێوان خەڵک و حیزبەکان پتەوتر دەکا.

جگە لەوە، لە رووی جیهانییەوە و لە حاڵێکدا کە پرسی کورد لەژێر روناکایی گۆڕانکارییەکانی ناوچە، یەکێک لە

پرسە گرینگ و جێی باسەکانی سەردەمە، یەکێتی نەتەوەیی کورد ئەهرومێکی بەهێز و کارتێکی یاری دیپلۆماتیک دەداتە هەموو ئەو هێز و لایەنانە، بلوکی دەسەڵات بۆ کورد دروست دەکا و دەنگی لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا ڕەساتر دەکا و مانایەکی نوێ لە "کوردستانی بوونی کورد" بۆ کۆمەڵگای جیهانی دەخاتەڕوو.

ئاساییە کە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کە بە کردەوە کار بۆ خاڵە هاوبەشەکان بکا و بەڵێندەر بە جێگیرکردنیان دەبێ، بە سەرنجدان بە هەوراز و نشێوەکانی مێژووی کورد و کاریگەری و دەستێوەردانی وڵاتانێک کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، تووشی گیر و گرفت بێتەوە. جگە لەوە هەر لە ئەساسدا پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی بە مانای وەلانانی خاڵە جیاوازەکان و سڕینەوەی کێشەکان نییە، بەڵکوو بە مانای حەولدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی مەنتقی و مودیریەتی عەقڵانی ئەوانە. لە وەها حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو گیر و گرفتانە، وەکوو دەرفەتێک بۆ چارەسەرکردن و لێک تێگەیشتنی پرسە جێی ناکۆکەکان سەیر بکرێن، دیاردەیەکی تەواو شارستانی و مەقبووڵن، بەڵام ئەگەر ئەو کێشانە ببنە لەمپەر و سەددی یەکگرتوویی نەتەوەیی، باوەڕبەخۆبوون و وشیاری نەتەوەیی کورد لەنێوخۆیدا پەنگدەداتەوە و دەرفەتێکی لەبار بۆ بەرەوپێش بردنی پرسی کورد بەفێڕۆ دەدا. کورد نەتەنیا پێویستە ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە بەڵکوو دەبێ ئەو جارە بە پێچەوانەی مێژوو و نەریتی خۆی وەپێش ڕووداوەکان بکەوێ و بۆ دابین کردنی بەرژەوەندی خۆی لەناو گەرمەی ڕووداوە نادیارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەواوی ئامادە بێ.

لەو ناوەدا ئەرکی ڕۆژهەڵات لە هەمووان قورسترە. لە هەر سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان، حکومەتی ناوەندی تەواو دانی بە بوونی پرسی کورد داناوە؛ لە باشوور حکومەتێکی شێوەسەربەخۆ بووەتە واقع، لە باکوور پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری لە ئارا دایە، و سەرنجی کۆمەڵگای جیهانی لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان و خۆڕاگری کۆبانی¬یە. ئەوە تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە حکومەتی ناوەندی دانی بە پرسی کورد دانەناوە، کۆمەڵگای جیهانی تەواو خۆیان لە پرسی کورد لەو پارچەیە گێل کردووە و هێزەکانی ئەو بەشە لە پەرتەوازەیی دان. ئەگەرچی بە کردەوە چالاکی سیاسی لایەنەکان هەم بە شێوەی سیاسی و هەم لەچوارچێوەی مەدەنی و هەندێکجار بەرەنگاری چەکداری لەئارا دایە و ئیرادەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئاواتەکانی تەواو هەستی پێدەکرێ، بەڵام تا کاتێک هەموو ئەو حەولانە نەکەونە چوارچێوە و قالبێکی پتەوی یەکگرتوو، ناتوانێ تەواو نوێنەرایەتی خەڵکی ئەو پارچەیە بکا و وەکوو کارتێکی بەهێز لە هاوکێشە سیاسییەکان بۆ داهاتووی ئێران و

ناوچە حیسابی بۆ بکرێ. کەواتە، ڕۆژهەڵات و هێزە سیاسییەکانی دەبێ دەسپێشخەر بن و مۆدێلێک بۆ پێکەوەکار کردن و چارەسەری کێشەکان بۆ لایەنەکانی دیکەش بخەنەڕوو و پێڕەوی ستراتێژییەکی هاوبەش بکەن.

واقعییەت ئەوەیە کە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی، هێندە دیاردەیەکی نوێ نییە و زۆربەی نەتەوەکانی جیهان لە مێژووی خۆیاندا بە قۆناغی هاوشێوەدا تێپەڕیون. کۆمەڵێک لایەنی سیاسی و مەدەنی لەسەر خاڵە هاوبەشەکان کۆدەبنەوە و کۆدەنگی لەسەر هەندێ خاڵی دیکە دروست دەکەن و حەولی بەربڵاوتر کردن و سەقامگیرکردنی ئەو خاڵانە دەدەن و تەواو لەو بابەتە ئاگادارن کە بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی، پێویستیان بە یارمەتیدانی یەکترە. ئەوە بە مانای تێڕوانینی رواڵەتی و ئاسان کردنەوەی پرسەکە نییە، بەڵام نابێ پێکهێنانی ئەو کۆنگرەش وەها ئاستەم بکرێ تا رووداوە نادیارەکانی ناوچە بە ئاکامی کۆتایی خۆیان بگەن و سناریۆکان تەواو بن و کورد ئەو جارەش لە رووداوەکان بەجێ بمێنێ. پێویستە کورد، ئەمجارە جگە لە حەواڵەکردنی داهاتووی خۆی بە پێشهاتە نارۆونەکان، ئاڵترناتیڤی بەهێزی بۆ قۆزتنەوەی دەرفەتەکان هەبێ. ئاکامێک کە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، بەستراوەی پرسی یەکێتی جەماوەری و کۆنگرەی نەتەوەییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

# رکەبەری ناوچەیی ئێران و تورکیە

پەیوەندی درێژماوە و تێکهاڵاوی ئێران و تورکیە، هەمیشە بەستێنی یاریەکی دیپلۆماتیک بووە و لە کۆنەوە، وەکوو رکەبەری یەکتر پێناسە کراون. تایبەتمەندی سەرەکی ئەو پێوەندییە، رکەبەری بەردەوام و هاوکات هاوکاری نزیک و قۆناغ بە قۆناغ بووە. سەرەڕای هەوراز و نشێوە مێژووییەکان، ئەو دوو وڵاتە پێوەندیەکی لۆژیکی و برنامەدارێژراویان هەبووە و لەسەر جیاوازی ئیدئۆلۆژیک زۆر پێکتر حەساس نەبوونە و کەمتر دەستێوەردانیان لە بارودۆخی ناوخۆیی یەکتردا کردووە.

بە گۆڕانی ئاسۆی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناسەقامگیری ناوچە، پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتەش لەژێر کاریگەری هاوکێشە سیاسیەکاندا گۆڕانی بەسەرداهاتووە. لەلایەک ئێران، شێلگیرانە هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە سیاسییەکانی خۆی لە دەرەوەی وڵات و بەتایبەتی دامەزرانی کەوانەی شیعە و پاراستنی دەسەڵاتی هاوپەیمانەکانی لە ناوچە دەدا و لە لایەکەی دیکەش، تورکیە رۆژ بە رۆژ زیاتر خۆی وەکوو دەسەڵاتێکی ناوچەیی بڕیاردەر دەبینێ و هەوڵی هێنانەدی ئامانجە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی دەدا و سەربەخۆ و باوەڕبەخۆ سیاسەت دەکا. بەو پێیە رکەبەری مێژوویی ئەو دوو وڵاتە بەردەوامە، بەڵام ئەمجار رکەبەرایەتیەکە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی کردنی ئاڵوگۆڕەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و سواربوون لەسەر شەپۆلی رووداوە نادیارەکانی ناوچە بە شێوەیەکی بەرچاوتر دەرکەوتووە.

هەوڵی تورکیە بۆ کاریگەری دانان لەسەر رەوتی قەیرانەکانی ناوچە، کە زۆربەیان کێشەی کەڵەکەبووی مێژوویین، لە سیاسەتی دەرەکییەک سەرچاوەی گرتووە کە لە بیری "عوسمانی نوێ"وە هەڵقوڵاوە و عەقڵیەتی زاڵ بەسەر حیزبی داد و گەشەپێدان جێبەجێی دەکات. حیزبی دەسەڵاتداری داد و گەشەپێدان بە شیاوی نازانێ لەبەرامبەر رەوتی گۆڕانکاریەکانی ناوچەدا بێ لایەن و ناچالاک بێ و تەنیا بە ناوبژیوانی قانع نییە و بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی و بڵاوکردنەوەی هێژمۆنی کۆماری تورکیە هەموو دەرفەتێک دەقۆزێتەوە. ئەحمەد داود ئۆغلو ساڵی ٢٠١٢ لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی تورکیە بە ئاماژەپێدان بەوە کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ بەڕێوەیە و تورکیە رێبەر و پێشەنگی ئەو بارودۆخە نوێیە دەبێ، رایگەیاند کە

وڵاتەکەی ئامادەیە تا شەپۆلی ئالوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێنوێنی بکا. حیزبی داد و گەشەپێدان دوای سەرهەڵدانەکانی ناسراو بە "بەهاری عەرەبی" و تەقەللای نارازییان بۆ سڕینەوەی نیشانەکانی دەسەڵاتدارێتی نەریتی بنەماڵەیی، حکومەتە نادیموکراتیک و پاشکەوتووەکان، کاری بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە کردووە کە بە پێشەنگایەتی تورکیە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ بەرەو جۆرێک ئاشتی لەنێوان ئیسلامی سیاسی هاوسەنگ، و دێموکراسی بەڕێوەیە. لە ڕاستیدا، ئەو وڵاتە هەوڵ دەدا تا وەکوو قارەمانی لایەنگری لە دێموکراسی لە ناوچە دەرکەوێ و لەو ڕێگایەوە دووبارە خۆی پێناسە بکاتەوە.

تورکیە لە تەقەللا دایە تا بە پەرەپێدانی کارتێکەری و کاریگەری خۆی، سیاسەتێکی دەرەکی تایبەتمەند و ئامانجدار ئاڕاستە بکا، تا لە لایەک لە هاوسەنگی هێزەکانی ناوچە پێگەی خۆی قایمتر بکا و لە لایەکی دیکە ئاسایش و ئەمنییەتی ناوخۆیی خۆی دابین بکا؛ بەو پێیە ئانکارا ناچارە تێڕوانین و لێکدانەوەی ئەمنییەتی-ژئۆپۆلێتیکی بۆ قەیرانی سوریە هەبێ. تورکیە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بە لەسەر دەسەڵات مانەوەی "بەشار ئەسەد" لە سوریە، قورسایی و پێگەی وڵاتانی ئێران، عێراق و سوریە زیاتر دەبێ. هەرچەند تورکیە، ئێران وەکوو هەڕەشە چاو لێناکا، بەڵام بە ڕکەبەرێکی ناوچەیی خۆی دەزانێ. بەهۆی ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق و هەروەها سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان و شەڕی نێوخۆیی لە سوریە، ئەو دوو وڵاتە دراوسێیەی تورکیە کەوتنە ژێر ڕکێفی ئێران و بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەسەڵاتی تاران لە ناوچە پەرەی سەند. سوریە، عێراق و لوبنان سێ وڵاتی جێی سەرنجی تورکیە و لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە جێگەی تایبەتیان هەیە، جگە لەوەش ئەو سێ وڵاتە پڕ لە ئاڵۆزییە، زیاتر لە ١٨٠٠ کیلۆمێتر سنووری هاوبەشیان لەگەڵ تورکیە هەیە کە ئەگەری دروست کردنی مەترسی ئەمنییەتی بۆ سەر ئەو وڵاتە هەروا بە جیددی دەهێڵێتەوە. هەر بەو هۆکارەش ئانکارا ناتوانێ خۆی لە بەربەرەکانی جیددی لەگەڵ تاران دەربهاوێ و بەو پێیە بە دژایەتی کردنی ڕاشکاوانەی دەسەڵاتدارێتی بەشار ئەسەد و پشتیوانی کردن لە ئۆپۆزیسیۆنی سوریە لەگەڵ ئەو واقعیەتە ئاراییە، هەڵسوکەوت دەکا. لە لایەکی دیکە، تورکیە لە عێراقیش بەمەبەستی هاوسەنگکردنی هێز یان سەرکەوتن بەسەر کاریگەری ئێران، پشتیوانی لە عەرەبە سوننییەکان و تورکمانەکان دەکا و هەروەها پێوەندی نزیک و هاوپەیمانێتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراندووە. ئێرانیش لە بەرامبەردا و بەتایبەت دوای هێرشەکانی داعش، خۆی وەکوو پشتیوانێکی ڕاستەقینە و فریادرەسێکی خێرا دەرخستووە کە دەتوانێ ڕۆڵی گرینگ لە پاراستنی دەستکەوتەکانی عێراقی نوێ و باشووری کوردستاندا بگێڕێ. ئێران لەبەرامبەر تۆمەتبارکردنی تورکیە بەهاوکاریکردنی داعش، خۆی لە سەنگەری

دژبەرانی داعشدا پێناسە دەکا و لەو ڕێگەیەوە دەیهەوێ هەوڵەکانی تورکیە بۆ بڵاوکردنەوەی هێژمۆنی خۆی تووشی شکست بکات.

لە لایەکی دیکەشەوە، تورکیە بە تەقیەوە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بۆ وتووێژ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان و پرۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان دەست پێکردۆتەوە تاوەکوو لەو ڕێگەیەوە نەتەنیا حەولی چارەسەری یەکێ لە گەورەترین کێشە دەستکردەکانی خۆی بدا، بەڵکوو بە ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ پارتی کرێکاران، لەگەڵ "یە پە گە" وەکوو یەکێ لە لایەنە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی سیاسی - نیزامی سوریە و ڕۆژئاوای کوردستان و نزیک لە "پ ک ک"، پێوەندی هەبێ و لەو ڕێگایەوە زیاتر لە ئامانجەکانی لە سوریە نزیک بێتەوە و دەسەڵاتی دیمەشق لاوازتر بکا. لە سوریە، ئێران و تورکیە لەبەرامبەر یەکتردا ڕاوەستاون. ئێران لە چوارساڵی ڕابردوودا، هەموو هەوڵێکی بۆ لەسەر دەسەڵات هێشتنەوەی حکومەتی ئەسەد داوە و هەموو شێوازەکانی بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکانی سەر دیمەشق بەکارهێناوە. هەموو هەوڵێکیش دەدات پێش بە پرۆسەی چارەسەری پرسی کورد لە باکوور و هەروەها دروستبوونی پردی پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەری ڕۆژئاوای کوردستان و تورکیە بە مەبەستی لاوازکردنی حکومەتی ناوەندی سوریە، بگرێت.

پێوەندی نێوان ئێران و تورکیە لە یەکێ لە ساردترین قۆناغەکانی مێژووی خۆی دایە و هیچ نیشانەیەکی دیار لەبەردەست دا نیە تا داهاتوو جیاواز لە ئێستا بکا. پرسی کورد، وەکوو خاڵی هاوبەشی دوو وڵات، هەر دوو لایەن بەرامبەر بە هەنگاوەکانی یەکتر حەساس دەکا، تا لە دەرەنجامەکانی کاریگەری وەرگرتنی هەر یەک لە پارچەکانی کوردستان لە یەکتر خۆ دەربهاوێن. جگە لەوە، ئاوەڵامانەوەی قەیرانی سوریە، ڕکەبەری ئەو دوو وڵاتە جیددی تر دەکا؛ بەتایبەت کە دوابەدوای سەردانی ئەم دواییانەی جۆ بایدێن، جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا بۆ تورکیە، و ڕەزامەندی دوو وڵات بۆ چڕکردنەوەی حەولەکانیان بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە، تورکیە زیاتر لەجاران خۆی لە رووخانی حکومەتی ئەسەد بەنزیک دەزانێ. ئامانجی تورکیە بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی ئەسەد، ڕاستەوخۆ بە مانای تێکڕمانی پلانە ناوچەییەکانی ئێرانە؛ بەو پێیە رووبەڕووبوونەوی زیاتری ئەو دوو وڵاتە ئەگەرێکی بەهێزە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قووڵتربوونەوەی کێشەکان

ویستی شەش وڵاتی کەنداوی فارس؛ عەرەبستانی سعودی، میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی، قەتەر، بەحرەین، عەممان و کوەیت لە کۆبوونەوەی ئەو دواییەیان لە دوحە، پایتەختی قەتەر، بۆ دامەزراندنی دەزگای پۆلیسی ناوچەیی، لەلایەک نیشاندەری ئیرادەی ئەو وڵاتانە بۆ کردەوەی هاوبەش، و لە لایەکی دیکە دەرخەری رەخنەی روولەزیادبوونیان لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لەمەڕ سازان لەسەر پرسی ناوەکی ئێران و وەلانانی پرۆژەی رووخاندنی حکومەتی بەشار ئەسەد لە سوریەیە. دامەزراندنی ئەو دەزگایە دەتوانێ هەنگاوێکی سەرەتایی بێ بۆ پرۆژەی گەورەتری وەکوو "ناتۆی عەرەبی"، کە ئەو وڵاتانە لەمەڕ بڕیاردان بۆ بەکارهێنانی هێزی نیزامی و بەرپەرچدانەوەی هێرشە نیزامی یەکان، سەربەخۆتر و کاراتر دەکا.

ئەو وڵاتانە لەسەر پرسی سوریە و شەڕ بە دژی داعش، لەگەڵ رۆژئاوا و وڵاتانی ناوچە ناکۆکی یان هەیە. لە روانگەی عەرەبستانی سعودی یەوە، کێشەی سەرەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر کار مانەوەی ئەسەد و ناڕوونی ئاراستەی سیاسی ئەو وڵاتەیە. ئەو لێڕوانینە، سەرهەڵدانی داعش و گروپە رادیکاڵەکانی دیکە، بە بەرهەم و دەرکەوتەی درێژەکێشانی شەڕی سوریە دەزانێ. عەرەبستانی سعودی و قەتەر سەرەڕای ئەوەی کە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەدژی داعش بەشدارن، تەنیا لە سوریە بنکە و بارەگاکانی ئەو رێکخراوە بوردومان دەکەن؛ ئەوە لە حاڵێکدایە کە بریتانیا و فەرانسە تەرکیزیان لەسەر نەهێشتنی داعش لە خاکی باشوور کوردستان و عێراقە.

ئەمریکا لە هەر دوو بەرەی شەڕ چالاکە، بەڵام بەرامبەر بە رووخاندنی دەسەڵاتی ئەسەد، بەرنامەکارێکی دیاریکراوی نییە و لەگەڵ رەوتی رووداوەکان خۆ دەگونجێنی. ئەوە هاوئاهەنگی لەمێژینەی رۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی تێکداوە؛ لایەنێک پێی وایە شەڕی عێراق و سوریە جیاوازە و لایەنەکەی دیکە لەسەر ئەو قەناعەتەیە کە شەڕی عێراق، بەستراوەتەوە بە یەکلابوونەوەی چارەنووسی سوریە و سەقامگیر بوونی ئاشتی لەو وڵاتە.

**لایەنی دیکەی ئەو دۆخە، رۆڵ و شێوەی سیاسەتکردنی ئێرانە.**

ئێران وعەرەبستانی سعودی لە رکەبەرێکی سەخت و بگرە دوژمنکارانە دان. ئێران لە پێناو بەربڵاوکردنی مەیدانی کارتێکەری خۆی، بەردەوام دەستێوەردانی بارودۆخی نێوخۆیی عەرەبستان و وڵاتانی دیکەی کەنداوی فارسی کردووە. سیاسەتێک کە بەتایبەتی لەو چەند ساڵەی دوایی دا یارمەتیدەری لایەنە نەیارەکانی حکومەتی ریاز بووە تا بەرامبەر بە داخراوبوونی رەوشی وڵات دەنگ هەڵبڕن. مەحکوم کرانی رێبەری شیعەی ئەو وڵاتە بە سزای سێدارە، کە خاوەن پشتگیری هەمەلایەنەی ئێرانە، دیارترین کاردانەوەی عەرەبستان بەو دەستێوەردانانەیە. لە رووی جیهانییەوە، سوریە، گرینگترین مەیدانی بەربەرەکانی ئەو دوو لایەنەیە و زۆربەی پرسەکانی دیکەش، بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی سوریە، رێگاچارەیان بۆ دادەنرێ. یەمەن بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ و عێراق لەژێر رکێفی ئێران دایە. جگە لەوە؛ شەڕ بەدژی داعش، هاوکاری ئێران و ئەمریکای سەرەڕای بانگەشەکانی دوو لایەن، کردۆتە راستییەکی ئارایی و چیتر ئەمریکا تەنانەت پێداگری لەسەر خاڵ بە خاڵی گەمارۆکانی سەر ئێران ناکا و بگرە چاوپۆشی لە جموجۆڵی ئەندامانی لیستی رەشی خۆی دەکا کە سوپای قودس و فەرماندەکەی دەکرێ باشترین نمونە بۆ ئەو دیاردە بن.

جگە لەوە، عەرەبستان و هاوپەیمانانی لە درێژەکێشانی رەوتی وتووێژەکان لەسەر پرسی ناوەکی ئێران ناڕازین و نیگەرانی پێوەندی ئێران و ئەمریکا، و هەڵگیرانی گەمارۆکانی سەر ئێرانن. ئامادەبوونی چاوەڕوان-نەکراوی "سعود ئەلفەیسەل"، وەزیری کاروباری دەرەوەی عەرەبستان بۆ وتووێژ لەگەڵ جان کێری، لە رۆژی کۆتایی دوایین خولی دانوستانەکانی ئێران و وڵاتانی ٥+١ لە ڤییەن؛ وەکوو نیشاندانی ناکۆکی ئەو دوو وڵاتە و هەوڵی عەرەبستان بۆ قورسترکردنی مەرجەکانی سەر ئێران لێکدرایەوە. درێژکرانەوەی ماوەی دانوستانەکان و هەڵگرتنی بەشێک لە گەمارۆکان، بۆ ئەو لایەنانە دڵخۆشکەر نەبوو و بەو پێیە هەوڵەکانیان بۆ پاشەکشەپێکردن بە ئێران چڕتر کردەوە، کە تا ئێستا دامەزراندنی "پۆلیسی ناوچەیی" و دابەزاندنی نرخی نەوتی لێکەوتۆتەوە.

ئێران سەرەڕای ئەوە کە بە سەر دۆخەکەدا زاڵ دەکەوێتە بەرچاو، لەگەڵ کێشە و گیروگرفتی زۆر جیددی بەرەوڕوویە. گەمارۆکانی رۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا، رەوشی ئابووری ئێرانیان تەواو تێکداوە و تەنانەت ئازادکرانی بەشێک لە دارایییە بلۆکەکراوەکانی ئێران نەیتوانیوە چارەسەرێکی تەنانەت هێورکەر بێ. ئابووری

ئێران، نەوتی یە و بەو پێیە کە هیچ جێگرەوەیەکی بۆ پێشبینی نەکراوە، زۆر خەسارهەڵگرە. ئەوە ئەو خاڵەیە کە عەرەبستانی سعودی و وڵاتانی کەنداوی فارس سەرنجیان خستۆتەسەر، تا تێچووی دەستدرێژی یەکانی ئێران قورستر بکەن.

لە دوایین کۆبوونەوەی ئۆپێک، ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت، بە کۆی دەنگ بڕیار درا تا ئاستی هەناردەکردنی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە کەم نەکرێتەوە و بە هەمان ڕادەی پێشوو واتا ٣٠ میلیۆن بۆشکە لە ڕۆژێکدا بمێنێتەوە. سیاسەتێک کە بۆ یەکەمین جار لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو، نرخی نەوتی کردە کەمتر لە ٦٠ دۆلار.

دابەزینی نرخی نەوت، بە مانای کورتهێنانی بودجە و بەرتەسک بوونەوەی چالاکییەکانی هەر یەک لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە، بەڵام دۆخی ئابووری چەند وڵات هەستیارترە؛ ئێران و عێراق دیارترین نمونەی ئەو وڵاتانەن. ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و سەقامگیرکردنی دۆخی سوریە بودجەیەکی زەبەلاحی دەوێ کە دابین کردنی بەشی سەرەکی ئەو بودجەیە کەوتۆتە سەرشانی ئەو دوو وڵاتە.

حەسەن ڕووحانی، سەرۆکۆماری ئێران دابەزاندنی نرخی نەوتی وەکوو "پیلان و پلاندارێژی ژمارەیەک لە وڵاتانی ناوچە" پێناسە کرد. حەیدەر عەبادی لە عێراق ڕاشکاوانە باسی لە کورتهێنانی بودجەی وڵاتەکەی کردووە و داوای هاوکاری وڵاتانی ناوچەی کردووە. لەو ناوەدا پرسی بەرژەوەندییەکانی ڕوسیەش لە ئارادایە. دۆخی ئابووری ڕوسیەش ناجێگیرە و ئەو وڵاتەش ڕاستەوخۆ پشتگیری لە بەشار ئەسەد لە سوریە دەکا و لەگەڵ ئێران و عێراق لە یەک بەرە دایە. ولادمیر پوتین لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ساڵانەی خۆیدا، دابەزینی نرخی نەوتی بە ئەهرومێکی گوشاری ئەمریکا و عەرەبستانی سعودی دانا تا وڵاتەکەی و ئێران ناچار بە پاشەکشە لە هەڵوێستەکانیان بکەن. ئەوە گورزێک بۆ سەر ئابووری ئەمریکاشە و ئەو وڵاتە ناچار بە دابەزاندنی بەرهەمهێنانی نەوت دەکا. لە بەرامبەردا عەرەبستان و میرنشینی یەگرتووەی عەرەبی ڕایانگەیاندووە کە ئەگەر تەنانەت نرخی نەوت بۆ کەمتر لە ٤٠ دۆلاریش دابەزێ، پێداچوونەوە بەسەر بڕیارەکەیاندا ناکەن. تا ئێستا براوەی ئەو دۆخە ئابوورییە نوێ یە، عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی بوونە؛ کە هەم گورزی کاریگەریان لە ڕکەبەرەکانیان داوە و هەمیش گوشاریان خستۆتەسەر ئەمریکا تا پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانیی بە قازانجی هاوپەیمانێتی عەرەبی بکا.

بە سەرنجدان بەو زانیارییانەی کە باس کران، دەکرێ بڵێین کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گەرمەی ڕووداوە مێژووییەکان دایە. لەلایەک، وڵاتانی کەنداوی فارس لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕێکخراوی نیزامی هاوبەش و هاوئاهەنگی سیاسی و ئابووری، خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیددی لەگەڵ ئێران و هاوپەیمانانی ئامادە دەکەن، و لەلایەکی دیکە ئێران بەردەوام لەحاڵی هێرشی سیاسی، جموجۆڵی نیزامی و چالاککردنی هەستە تێرۆریستی یەکانێتی. کۆماری ئیسلامی لە زاتی خۆیدا هێرشبەر و تێکدەرە، شوناس و گەشەی خۆی لە تێکدانی دۆخی ڕکەبەرەکانیدا دەبینێ، و یاری بە "خۆش باوەڕی" ڕۆژئاوا لەمەڕ پرسی ناوەکی وڵاتەکەیدا دەکا. بەو پێیە، ئەگەر ئەمریکا دەستێوەردانی دۆخی سوریە نەکا، و بەرنامەی ناوەکی ئێران بە سەرەنجامێکی دڵنیاکەر بۆ دراوسێیەکانی و بەتایبەتی عەرەبستانی سعودی نەگەیەنێ، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر چاوەڕوان نەکراو نابێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٤

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٥

## ئاسۆی دانوستانە ناوکییەکانی ئێران و رۆژئاوا

لە ساڵی ٢٠١٤ وتووێژی وڵاتانی ٥+١ و ئێران بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتننامەیەکی هەمەلاگر لەسەر پرسی ناوکی ئێران یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵ بوو. دەوری نوێی ئەو وتووێژانە لە ساڵی ٢٠١٥ لە حاڵێکدا بەڕێوە دەچن کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرگیری شەڕی نێوخۆیی و فێرقەییە، نرخی نەوت بە هاوئاهەنگی وڵاتانی کەنداو بۆ کەمتر لە ٥٠ دۆلار دابەزیوە، ئابووری ئێران لەژێر گوشاری گەمارۆ نێونەتەوەییەکاندا تەواو رووخاوەو کۆنگرەی ئەمریکا کار بۆ سەپاندنی سزا و گەمارۆی زیاتر بە سەر ئەو وڵاتەدا دەکا.

ئەمریکا تا ئێستا توانیویەتی پیتاندنی سەروو پێنج دەرسەدی ئێران تەواو رابگرێ و بەشێک لە پاشەکەوتەکانی ئۆرانیۆمی پیتێندراو لەناو ببا، پێش بە دەستبەکار بوونی، وێستگەی ئەراک بگرێ و پشکێنەرانی ئاژانسی ئەتۆمی ڕەوانەی ژمارەیەک لە پێگە و ناوەندە ناوکییەکانی ئەم وڵاتە بکا. لە بەرامبەردا ئازادکرانی بەشێک لە داراییە بلۆکەکراوەکانی ئێران، گەورەترین پوانێک بووە کە تا ئێستا ئێران وەری گرتووە و دروشمەکانی ئەو وڵاتە بۆ سەرکەوتن لە دانوستانەکان، شتێ زیاتر لە بانگەشەی پڕوپووچی میدیایی بۆ ئاخنینی گوێی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و بە تایبەتی لایەنە توندڕەوەکانی لایەنگری ڕێبەری کۆماری ئیسلامی نەبووە.

لە روانگەی ئێرانەوە، گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ رۆژئاوا گرینگی زۆری هەیە. تا ئێستا ئابووری ئێران لەژێر کاریگەری گەمارۆ ئابوورییەکانی رۆژئاوا و سیاسەتە نەوتییەکانی وڵاتانی کەنداو؛ و لە ئاکامی بەڕێوەبەری ناکارامەی نێوخۆیی و گەندەڵییە میلیاردییەکانی باندەکانی سەر بە دەسەڵات، تەواو تێکرووخاوە. لەو دۆخەدا، شکستی وتووێژەکان بە مانای گەمارۆی زیاتر و وێرانتر بوونی دۆخی ئابووریی ئێرانە، کە بەردەوام کۆنگرەی ئەمریکا هەڕەشەی پێدەکا. لە ناوخۆی ئێرانیش، چارەنووسی رووحانی و رەوتی وتووێژەکان پێکەوە

بەستراونەتەوە. شکستی وتووێژەکان، پرسیارێکی ئەساسی دەخاتە سەر "دانوستان لەگەڵ ڕۆژئاوا"، و لایەنە توندڕەوەکان بۆ پەیڕەکردنی سیاسەتی توندڕەوانەتر هان دەدا و پاشەکشە بە ڕەوتی میانەڕەو بە سەرۆکایەتی "حەسەن ڕوحانی" دەکا و لە خراپترین سێناریۆ "هەڵدێرانی" دەوڵەتی رووحانی لێدەکەوێتەوە. بە پێچەوانە، سەرکەوتنی وتووێژەکان، پێگەی ڕەوتی میانەڕەو جێگیر دەکا و بەستێنی سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەرەخسێنێ.

بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانیش پرسی ناوکی ئێران و پرۆسەی دانوستانەکان پڕتێچوو بووە و بە تایبەت بۆ حکومەتی ئۆباما کە بۆ چارسەری کێشە کەڵەکەبووەکانی مێژووی هاوچەرخی وڵاتەکەی هەنگاوی مێژوویی هەڵێناوە، گرینگی خۆی هەیە. سەرکەوتنی وتووێژەکان دەتوانێ میراتێکی بەنرخ لە حکومەتی ئۆباما بێ، کە سەرەڕای دامەزراندنەوەی پێوەندی لەگەڵ ئێران و کوبا، لەڕووی سیاسەتی دەرەکی بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرکەوتنی ئەوتۆی وەدەست نەهێناوە. ئۆباما تا ئێستا چەند جار، هەڕەشەی ڤێتۆی لەبەرامبەر بڕیاری کۆنگرە بۆ سەپاندنی گەمارۆی زیاتر بە سەر ئێراندا کردووە، بەڵام شکستی وتووێژەکان و یان تەنانەت بەرەوپێشنەچوونی دانوستانەکان، ئەو هۆکارە قایلکەرانە لە حکومەتی ئۆباما دەستێنیتەوە کە تا ئێستا بۆ ڕازیکردنی کۆنگرە دەیخستنەڕوو. گەمارۆی زیاتر، بە مانای پچڕانی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا دێ و لە خراپترین سێناریۆکان، بە هەمان شێوە کە ئۆباما لە کۆنفرانسی چاپەمەنی خۆی لەگەڵ "دەیوید کامێرۆن"، سەرۆک وەزیرانی بریتانیا باسی لێوە کرد "ئیحتمالی پێکدادانی نیزامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر دەکا". لە وەها حالەتێکدا، ئێران دەستی ئاوەڵاتر دەبێ تا پەرە بە بەرنامەی ناوکی خۆی بدا و لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرێ تا تەنانەت پرۆژەی دروستکردنی چەکی ناوکی خۆی تەعقیب بکا.

پێدەچێ کە ئەگەر ئێران و ئەمریکا لە ڕەوتی وتووێژەکان بە ڕێککەوتن بگەن، وڵاتانی دیکە دژایەتی بڕیارە هاوبەشەکەیان نەکەن. ئەگەر ئەمریکا پرسی ناوکی وەکوو پرسێک لەناو کۆی پرسە ستراتێژیکەکانی ناوچە ببینێ، ناچارە بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی مەنتقی بۆ کێشە و قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مەشروعییەتدان بە سیاسەتەکانی ڕابردووی، پرۆسەی "گرژی سڕینەوە" لەگەڵ ئێران کە دوابەدوای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ڕوحانی هەنگاوی بۆ هەڵێنراوە، درێژە پێبدا. کۆماری ئیسلامی لە سەر دوو ڕێژیمی عێراق و سوریە کاریگەری تەواوی هەیە و لە ڕێگەی حیزبوڵلا، لە گۆڕەپانی سیاسی لوبنان فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە. لەو حاڵەتەدا ئیحتمالی بە ئاکام گەیشتن وتووێژەکان زیاترە؛ بەو هۆیە کە مەترسی داعش، ئێستا یەکێک لە

گرینگترین خاڵەکانی پێکگەیشتنی ئەو دوو وڵاتەیە و چەشنێک هاوئاهەنگی و ڕێککەوتنی ڕانەگەیەندراوی سیاسی و نیزامی لەنێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کۆماری ئیسلامی دروست کردووە و هەر دوو لایەن پێشوازییان لە هەنگاوەکانی یەکتر بۆ لەناوبردنی ئەو ڕێکخراوە کردووە. سیاسەتوەرزی کۆماری ئیسلامی لە لوبنان، لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل تەواو کاریگەرە و لە سوریەش، ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە هەر سیناریۆیەکی ئیحتمالی بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە گرینگە. بەو پێیە، جێکردنەوەی ئێران لەناو کۆمەڵەی وڵاتانی چارەسەری قەیران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەتوانێ بە قازانجی ڕۆژئاوا، کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا بێ، و گۆڕانی هەڵسوکەوتی سیاسی تاران لەبڕی وەرگرتنی پووان لە بەرنامەی ناوکی، معامەلەی پێ بکرێ. هەر چەند لەو حاڵەتەدا، هاوپەیمانە نەریتییەکانی ئەمریکا وەکوو ئیسرائیل، عەرەبستانی سعودی و تورکیە کە هەتا ئێرەش لە سیاسەتەکانی ئۆباما ناڕازین، دژکردەوە نیشان دەدەن و سەرئێشەی نوێ بۆ واشێنگتۆن دروست دەکەن.

بەڵام ئەگەر ئەمریکا، ڕۆڵی ئێران لە چارەسەری پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لە سێ وڵاتی سوریە، عێراق و لوبنان نەبینێ، و دانوستانەکان بە هەمان شێوە کە حکومەتی ئۆباما ئیددیعا دەکات و دەوڵەتی ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو و بەتایبەتی عەرەبستانی سعودی داوا دەکان، تەنیا لە چوارچێوەی دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ پرسی ناوکی ئێران و ڕەواندنەوەی مەترسی دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ بێ؛ پێدەچێ وتووێژەکان بە ئاکامی دڵخواز بۆ ئەمریکا و ئێران نەگەن. لێرەدا سیاسەتی نێوخۆیی هەر دوو وڵات، بەربەستی نوێ دەخاتە سەر ڕێی ڕەوتی دانوستانەکان. لە ئەمریکا، زۆرینەی ئەنجومەنی سێنا و کۆنگرە بە دەست کۆماریخوازەکانە، کە زۆر بە ئاکامی وتووێژەکان دڵخۆش نین و کۆماری ئیسلامی وەکوو هەڕەشەیەکی جیددی، تەنانەت بە وتەی کێیسێنجێر "مەترسیدارتر لە داعش" دەبینن و خوازیاری پاشەکشەی بێشەرت و مەرجی ئێران، لەڕێگەی سەپاندنی گەمارۆی زیاتر بە سەر ئەو وڵاتەن. لە ئێران و لەناو باڵەکانی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیش، بە تایبەت لە بەرەبەرەی پێکهێنانی هاوپەیمانی و خۆڕێکخستنەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، دانوستان لەگەڵ ڕۆژئاوا بەردەوام ڕەخنەی لێدەگیرێ و بانگەشە و دروشمە لەمێژینەکانی ئەو حکومەتە وەکوو فاکت بۆ نامەشروع بوونی ئەو پرۆسەیە دەهێنرێنەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠١٥

## یەمەن؛ هەوراز و نشێوەکانی مێژوو

مێژووی نوێی یەمەن لەپاش سەربەخۆیی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٦٧ دەست پێدەکا. سەربەخۆیی ئەو وڵاتە پاش شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ ئیستعماری بریتانیا و دوابەدوای ئەو، شەڕی ناوخۆیی نێوان لایەنە سیاسی یە رکەبەرەکان وەدی هات. رکەبەری لایەنە سیاسی یەکانی یەمەن لە گەرماوگەرمی شەڕی ساردی نێوان بلوکی رۆژهەلات و رۆژئاوا، دابەشبوونی ئەو وڵاتەی بۆ دوو وڵاتی سەربەخۆ لێکەوتەوە؛ کۆماری عەرەبی یەمەن (یەمەنی باکوور) کە لەلایەن عەرەبستانی سعودی و رۆژئاوا پشتگیری دەکرا، و کۆماری دێموکراتیکی یەمەن (یەمەنی باشوور) کە سەر بە بەرەی سۆسیالیستی و یەکێتی شووڕەوی بوو. لە ماوەی شەڕی سارد و لە چوارچێوەی پرەنسیپە سەخت و نەگۆڕەکانی سیستمی دووجەمسەری دا، ئەو دوو وڵاتە چەندین جار رووبەڕووی یەکتر بوونەوە و تەنانەت تا سنووری تێکهەڵچوونی نیزامیش چوونە پێش. پاش کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، لە ساڵی ١٩٩٠ ناکۆکی یەکانی نێوان یەمەنی باشوور و باکوور رێگاچارەیان بۆ دۆزرایەوە و ئەو دوو وڵاتە لەچوارچێوەی "کۆماری یەمەن" یەکیان گرتەوە.

یەمەن پێکهاتەیەکی سادە و لەهەمان کاتدا تێکهاڵاوی هەیە؛ سادە بەو هۆیە کە فەرهەنگی زۆرینەی خەڵک لەسەر بنەمای نۆڕمی عەشیرەیی، باوەڕی مەزهەبی و رەهەندەکانی کۆمەڵگایەکی لایەلایە فۆڕمی گرتووە؛ و تێکهاڵاو بەو هۆیە کە ئەو وڵاتە کێشە و قەیرانی ریشەداری مێژووی هەیە کە بەردەوام مەترسی یەکی گەورە لەسەر یەکگرتوویی و یەکگرتوومانەوەی ئەو وڵاتە بووە. ئەو کێشە و قەیرانانە دوو سەرچاوەی سەرەکی یان هەیە: یەکەم؛ بوونی دوو بافتی جیاوازی سیاسی - فەرهەنگی لە باکوور و باشوور، نۆڕمی عەشیرەیی و دەسەڵاتخوازی هێزە ئیسلامی یەکان. و دووەم؛ دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ئەو وڵاتە.

یەکێک لە گرینگ ترین ئەکتەرانی گۆڕەپانی سیاسی یەمەن، بزووتنەوەی حوسی یە کە نوێنەرایەتی پێکهاتەی شیعەمەزهەبی "زەیدی" دەکا و لەگەڵ حکومەتی ناوەندی کێشەی جیددی هەیە. ریشەی سەرەکی ناکۆکی یەکانی نێوان شیعەکانی "زەیدی" و حکومەتی ناوەندی بۆ دەیەی ٦٠ی زایینی و گۆڕانی سیستمی سیاسی ئەو وڵاتە لە "ئیمامەت"ەوە بۆ "کۆماری" دەگەڕێتەوە. زەیدی یەکان بە درێژایی ١٢٠٠ ساڵ، لەژێر ئاڵای ئیمامەتی ئیسلامی شیعە

بە سەر ناوچەکانی باکووری یەمەن حکومڕانی یان کردووە، حکومەتداری بە مافی ئیمامانی "بەنی هاشم" دەزانن و دەسەڵاتداریێتی هەر لایەنێکی دیکە جگە لەو بنەماڵەیە ڕەد دەکەنەوە؛ بەو پێیە بەردەوام هەوڵی وەدەست گرتنەوەی دەسەڵاتیان داوە. ئەو هۆکارە مێژووییە لەپاڵ سیاسەتە هەڵەکانی حکومەتی ناوەندی، نابەرابەری لە دابەشکردنی دەسەڵات و بەتایبەتی هەڵاواردنی نێگاتیڤی ڕێژیمی "عەلی عەبدوڵلا سالْح"، سەرۆکی ئەوکاتی یەمەن، ناکۆکی یەکانی نێوان زەیدی یەکان و حکومەتی سەنعای گرژتر کردووە.

لە کاردانەوە بە دۆخی نالەباری ئابووری و سیاسەتی جیاکارانەی حکومەتی ناوەندی، لە ساڵی ١٩٩٢، گرووپێکی سیاسی بەناوی " ئەنسارواللە" لە "پارێزگای سەعدە" کە پێگەی سروشتی زەیدی یەکان لە ئەژمار دێ، بۆ بارهێنانی لاوانی زەیدی بوونی خۆی ڕاگەیاند. ئەو گرووپە بەرەبەرە چالاکی یەکانی خۆی پەرەپێدا و بەتایبەتی پاش ساڵی ٢٠٠٠ لەژێر سەرکردایەتی "حوسێن ئەلحوسی" تەواو وەکوو هێزێکی سیاسی خاوەن پێگەی جەماوەری دەرکەوت. ئەلحوسی، کەسایەتییەکی مەزهەبی بناژۆخوازی توونددڕەو بوو، دروشمەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی کردە بنەمای ئیدیۆلۆژیکی کاری سیاسی ئەو ڕێکخراوەیە؛ و شێلگیرانە دژایەتی ئەمریکا، ئیسرائیل و وڵاتانی سوننەمەزهەبی هاوپەیمانی ڕۆژئاوای دەکرد. داواکاری سەرەکی ئەوان خودموختاری زیاتر بۆ پارێزگای سەعدە بوو تا بتوانن پارێزگاری لە نەریتی سیاسی و مەزهەبی "زەیدییە" لە بەرامبەر کارتێکەری ئیسلام گەرایانی سوننی بکەن.

ڕێژیمی عەبدللە سالْح، دەرکەوتنی لەناکاوی ئەو هێزەی وەکوو مەترسی یەکی گەورە بۆ سەر داهاتووی دەسەڵاتی حکومەتی یەمەن دەدی. شەڕی عێراق و هاوکاری یەمەن و ئەمریکا، نوتفەی سەرەتایی پێکدادانی ئەو دوو لایەنەی دروست کرد. لە ساڵی ٢٠٠٤، لە ئاکامی ڕێپێوانی جەماوەری بە دژی سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندی، لە شاری سەنعا پێکدادانی نیزامی لەنێوان لایەنگرانی ئەنسارولله و هێزەکانی ئەرتەش ڕوویدا. ئەو ڕووداوە، سەرەتای زنجیرە پێکدادانی نیزامی نێوان ئەو دوو لایەنە بوو کە هەر لە قۆناغەکانی یەکەم، کوژرانی حوسێن ئەلحوسی لێکەوتەوە. کوژرانی ئەلحوسی، عەشیرەتی زەیدی و ئەنساروللای بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان پێداگرتر کرد؛ بەشێوەیەک کە تا واژۆکرانی ڕێککەوتننامەی ئاگربڕ لە ساڵی ٢٠١١، پێنج جار سەرهەڵدان و پێکدادانی نیزامی لەنێوان ئەو دوو لایەنە ڕوویدا.

بە گەیشتنی شەپۆلەکانی بەهاری عەرەبی بۆ یەمەن، حوسی یەکان پشتگیری حەرەکەتی دێموکراسی خوازانەی

گەلی یەمەن یان کرد، بەدژی حکومەتی ناوەندی هاتنە سەر شەقام و هاوکات دەرفەتی بۆشایی دەسەڵاتی سەرچاوەگرتوو لە رووخانی حکومەتی عەلی عەبدووڵلا ساڵح یان، بۆ پەرەپێدانی هێژمۆنی خۆیان لە پارێزگای سەعدە و ناوچەکانی دەوروبەری ئەو پارێزگایە قۆزتەوە. پەراوێزخران و بەشدار - نەکردنی حوسی یەکان، لە هاوکێشەکانی ساختی دەسەڵاتی سیاسی پاش حکومەتی ساڵح، کاردانەوەی توندی ئەو لایەنەی لێکەوتەوە. پلانە ئابووری یەکانی حکومەتی "عەبدرەبا مەنسوور هادی"، سەرۆک کۆماری نوێی یەمەن، کە بە پرۆژە و ناوبژیوانی عەرەبستانی سعودی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، دەنگی ناڕەزایەتی بزووتنەوەی حوسی بەرز کردوە؛ ناڕەزایەتییەک کە بە پشتیوانی و هاوکاری سەرەکی کۆماری ئیسلامی شێوەی نیزامی بەخۆوە گرت.

لە ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٤، حوسییەکان دەستیان بەسەر سەنعا داگرت و دوو رۆژ دواتر سەرۆک کۆمار و تێکڕای ئەندامانی کابینەی حکومەت دەستیان لەکار کێشایەوە. هەڵدێرانی دەوڵەت و کابینەی حکومەتی یەمەن نەتەنیا ئەو وڵاتەی بۆ هەڵدێرگەی شەڕی ناوخۆیی راکێشاوە، بەڵکوو ئەوە بەمانای دەسەڵات نوێنی لایەنێکی سیاسی هاوپەیانی کۆماری ئیسلامی لە ئەژمار دێ، کە کۆتایی بە تەمەنی دەوڵەتێک هێناوە کە بە پرۆژەی عەرەبستان و ئەنجومەنی هاوکاری کەنداوی فارس دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو.

لە روانگەی عەرەبستان، هەڵدێرانی یەمەن بۆ بەرەی ئێران دەتوانێ سەرەتایەک بۆ هەڵدێرانی وڵاتانی دیکەش بێ. ئەو شەڕە،درێژەی شەڕی نیابەتی دوو جەمسەری شیعەو سوننی یە کە لە سەنگەرە جیاجیاکانی ناوچە، رووبەڕووبوونەوەیەکی قورس دان. خاڵی جیاکەرەوەی پرسی یەمەن ئەوەیە، کە ئەو وڵاتە لە نیمچەدوڕگەی عەرەبی هەڵکەوتووە؛ کە بە درێژایی مێژوو عەرەبستانی سعودی تێیدا دەسەڵاتی هێژمۆن بووە؛ بەو پێیە پێدەچی بەزاندنی هێڵە سوورەکانی عەرەبستان، بە توندی وڵام بدرێتەوە. لەبەرامبەردا، بە بەدەسەڵات گەیشتنی حوسی یەکان لە یەمەن، ئەو کۆماری ئیسلامی لە نیمچەدوڕگەی عەرەبی و هاوسنوور لەگەڵ عەرەبستان هاوپەیمانی دەبێ، و ئەو دەرفەتە بۆ تاران دەڕەخسێ تا ناوچەکانی رۆژهەڵاتی عەرەبستان ئاڵۆز بکا. جگە لەوە، یەمەن دەتوانێ کارتێکی یاری بۆ ئێران بێ، تا عەرەبستان ناچار بە سازان لە پرسەکانی سوریە، عێراق و بەحرەین بکا. بەو پێیە گۆڕانکاری لە ساختی دەسەڵاتی یەمەن، گۆڕانکاری ناوچەیی بەدواوە دەبێ.

ئێستا یەمەن لە پڕ هەورازو نشێوترین رۆژەکانی مێژووی خۆی دایە؛ شتێک بەناوی دەسەڵاتی یاسا نەماوە و شۆڕشگێڕانی حوسی بەشێکی هەراوی ئەو وڵاتەیان کۆنترۆڵ کردووە؛ بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە کۆنترۆڵی

نیزامی، بە مانای دەسەڵاتی سیاسی نییە. دەسەڵات سەپێنی تاک لایەنەی حوسییەکان بەبێ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، ئەو وڵاتە بەرەو شەڕی ناوخۆیی، دەستێوەردانی زیاتری لایەنە دەرەکی یەکان و پارچە پارچەبوونی ئەو وڵاتە دەبا. رازی سەرکەوتن لە یەمەن، لە کۆتاییدا دامەزراندنی ساختارێکی سیاسی بنکەفراوان، حکومەتێکی وڵامدەر و گەشەی ئابووری یە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی فێبریوێری ٢٠١٥

## گۆڕانکارییەکانی ناوچەلە سێبەری دانوستانەکان

یەکێک لە گرینگ ترین بابەتە سیاسی یەکانی جیهان لەو چەند ساڵەی دوایی دا ، پرسی بەرنامەی ناوکی ئێران بووە. ١٣ ساڵ لەمەوبەر، واتا ساڵێک پاش ڕووداوی ١١ی سێپتامبر و دوابەدوای هێرشی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا بۆ سەر حکومەتی تاڵبان لە ئەفغانستان، حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەژێر گوشاری پارلەمانی ئەوکاتی ئەم وڵاتەدا کە بە زۆربەی کورسییەکانی ڕیفۆرمخوازانی لە سەر دانیشتبوون، بە ڕەسمی بەرنامەی ناوکی خۆی ئاشکرا کردو ڕایگەیاند کە دەستی بە "تێکنۆلۆژی هەستەیی" ڕاگەیشتووە. ڕاگەیاندنێک کە وەکوو "هەوڵێک بۆ دەربازکردنی ئێران لەژێر ئاگری هەڕەشەکانی ئەمریکا" لێکدرایەوە.

یەک ساڵ دواتر و پاش ئاشکرابوونی چەند بنکەیەکی ناوکی - نیزامی، گومان لەسەر ئامانج و مەبەستی کۆماری ئیسلامی دروست بوو. لەو کاتەوە تا ئێستا، پرسی ناوکی ئێران هەوراز و نشێوی زۆر بووە؛ پەسەندکرانی چەندین بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش، چەند خول دانووستانی بێ ئاکام، واژۆکرانی ڕێککەوتننامەی جۆراوجۆر و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری و نیزامی بەسەر ئێران، گرینگترین خاڵەکانی پرۆسەی چارەسەری ئەو پرسە بوونە تا لەلایەک پێش بە دەست وێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوکی بگیرێ و لەلایەکی دیکە هەوڵەکان بۆ دەستپێکردنی ڕکەبەری تەسلیحاتی بڕەوێتەوە.

ئێستا لایەنەکانی دانوستانکار، ئەگەری بە ئاکام گەیشتنی وتووێژەکانی چارەسەری پرسی ناوکی ئێران بەهێز دەبینن. بەپێی ئەو ڕێکەوتنە، چالاکی بنکە ناوکی یەکانی ئێران بە شێوەی کاتی بەرتەسک دەبێتەوە، بنکەکان لە لایەن پشکێنەرانی سازمانی وزەی ئەتۆمی چاودێری دەکرێن و لەبڕی ئەوە، بەشێک لەگەمارۆکانی سەر ئێران هەڵدەگیرێن. ئەگەری گەیشتن بەو ڕێکەوتنە، لانیکەم بۆ دوو لایەن جێی نیگەرانی یە:

یەکەم بۆ ئیسرائیل؛ کە حکومەتی تاران نزیک بە چوار دەیەیە مەرگ و نەمانی بە ئاوات دەخوازێ؛ و دووەم بۆ وڵاتانی عەرەبی سوننی کەنداوی فارس و بەتایبەتی عەرەبستانی سعودی کە ڕکەبەری سوننەتی کۆماری ئیسلامی لە ئەژمار دێن.

بێنیامین ناتانیاهو، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، سێشەممەی رابردوو لە کۆنگرەی ئەمریکا باسی لەوە کرد کە بەرتەسک کردنی بەرنامەی ناوکی ئێران، پێش بە دەستوێڕاگەیشتنی ئەو وڵاتە بە چەکی ناوکی ناگرێ. ناوبراو هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە هەڵگیرانی گەمارۆکان، دەستی ئەو حکومەتە بۆ پشتگیری کردنی تێرۆریسم ئاوەڵاتر دەکا. عەرەبستانی سعودی و وڵاتانی ئەندام لە شوڕای هاوکاری کەنداوی فارسیش لە نیگەرانییەکانی ناتانیاهو شەریکن. ئەو وڵاتانە کۆماری ئیسلامی بە سەرچاوەی ئاژاوە و کێشەکانی ناوچە دەزانن و بەردەوام روو لە رۆژئاوا باسیان لەوە کردووە کە " یان ئێران بوردومان بکەن، یان لەگەڵ بۆمبی ئێران هەڵ بکەن. گەمارۆ خستنەسەر ، دەرفەت پێدان و هاندانی ئێران بێ ئاکامە".

جگە لە پرسی ناوکی، کۆماری ئیسلامی چالاکانە مانۆرو جوڵە بە "سوپای قودس" دەکا، کە بە هەمان رادەی چەکی کۆمەڵکوژ، مەترسیدار و وێرانکەرە. سپای قودس بە کردەوە بەرپرسی جێبەجێکردنی ستراتێژی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامییە و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە عێراق، لوبنان، سوریە و بە گشتی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاو بۆتەوە. سوپای قودس، یەکلایەنە لەهەمبەر گۆڕانکاری یەکانی ناوچە بە قازانجی کۆماری ئیسلامی دژکردەوە نیشان دەدا، ئازادانە جموجۆڵ دەکا و بۆ کردەوەکانی وڵامدەری هیچ لایەنێک نییە.

وڵاتانی ناوچە، ئیسرائیل، عەرەبستانی سعودی و تورکیە کە هەم لەڕووی ئیدئۆلۆژیک و هەم بەگوێرەی بەرژەوەندی یەکانیانەوە لە بەرەی دژ بە کۆماری ئیسلامی دان، بەردەوام ئەو هەوڵانەی تاران یان مەحکوم کردووە و هەموو دەرفەتێکیان بۆ سەرکوتی هێژمۆنی ئێران و پاشەکشەپێکردن بە دەستدرێژی یە نیزامی یەکانی ئەو وڵاتە قۆزتۆتەوە. لە هەمان کاتدا، ئەو وڵاتانە بە شێوەیەکی بەربڵاو رەخنە لە سیاسەتەکانی ئەمریکا دەگرن؛ بەو هۆیە کە پێیان وایە، کابینەی ئۆباما مەترسی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی لەلایەن ئێرانەوە بە کەم دەگرێ و بەرامبەر بەچالاکی سوپای قودس و گۆڕانکاری یەکانی ناوچە دەستەوەستانە.

لە لایەکی دیکە بیرمەندانی سیاسی، دانوستان و وتووێژەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا وەکوو لێک دوور کەوتنەوەی دۆستەکان و لێک نزیک بوونەوەی دوژمنەکان پێناسە دەکەن و باس لە پێویستی هاوکاری ئەو دوو وڵاتە بۆ چارەسەری کێشە و قەیرانەکانی ناوچە دەکەن. ئەو کەسانە زیادبوونی رەخنەکانی ئیسرائیل و تورکیە لە سیاسەتەکانی ئەمریکا، تێکچوونی هاوکێشەی "ئەمنییەت لە بەرامبەر نەوت"ی نێوان وڵاتانی عەرەبی و رۆژئاوا وەکوو بەڵگە بۆ لێک دوور کەوتنەوەی دۆستەکان دەهێننەوە؛ و لە بەرامبەردا ئاماژە بە دانیشتنی پەیتا پەیتای

نێوان ئێران و ئەمریکا وەکوو نیشانەیەک بۆ ئەگەری درێژەکێشانی دانوستانەکان لەسەر پرسەکانی ناوچەیی دەکەن.

ڕۆژی پێنج شەممە،لە کۆنفرانسی چاپەمەنی سعود ئەلفەیسەل و جان کێری لە ریاز، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هەوڵی دا بەشێک لەو نیگەرانییانە وڵام بداتەوە. ناوبراو رایگەیاند:"وڵاتە یەکگرتووەکان، چاودێری هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچە دەکا و ڕێکەوتن لەگەڵ ئەو وڵاتە لەمەڕ پرسی ناوکی، بە مانای قبووڵ کردنی دەستێوەردانەکانی ئێران لە ناوچە نییە". ناوبراو رایگەیاند کە لە ئەگەری واژۆکرانی ڕێکەوتننامەی ناوکی لەگەڵ ئێران، هیچ شتێک لە پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران ناگۆڕدرێ، جگە لەوەی کە ئێمە دڵنیا دەبین کە ئێران دەستی بە چەکی ناوکی ڕاناگا".هەر لەو کۆنفرانسەدا، ئەلفەیسەل وێڕای دەربڕینی ڕەخنەکانی وڵاتەکەی لە ئەمریکا، ئێرانی بە پشتیوانی لە تێرۆریسم، داگیرکردنی وڵاتان و کۆنترۆڵی عێراق لە ڕێگەی عەمەلیاتی تەکریت تۆمەتبار کرد.

ئێستا جان کێری و دیپلۆماتکارانی ئەمریکایی لە هەوڵی جێ خستنی ئەو بابەتەن کە ڕەوتی گۆڕانکاری یەکانی ناوچە، بە تایبەت لە یەمەن و عێراق، پێگەی وڵاتانی عەرەبی لە بەرامبەر ئێران لاواز ناکا و وڵاتە یەکگرتووەکان بە چارەسەری کێشەی سوریە بەڵێندەرە. هەروەها ئەوان بەردەوام باس لەوە دەکەن کە دانوستان لەگەڵ ئێران بەرتەسک بە چارەسەری پرسی ناوکییە و وڵاتە یەکگرتووەکان بەبێ گۆڕانکاری ئەساسی لە سیاسەتوەرزی ناوخۆیی و دەرەکی کۆماری ئیسلامی، ئامادە نییە لەسەر پرسەکانی ناوچەیی لەگەڵ ئێران وتوویژ بکا. ئەوەش یانی ئەمریکا دەیهەوێ هەموو لایەنەکان "رازی" بن، بەبێ ئەوەی کە کێشە و قەیرانەکان چارەسەری یەکلاکەرەوەیان بۆ بدیترێتەوە. ئاراستەیەک کە بە سەرنجدان بە پاسیڤ بوونی ڕێژەیی وڵاتانی عەرەبی و سیاسەتی "چاوەڕوانی" تورکیە؛جگە لە ئاڵۆزتربوونی ناوچە، دەستدرێژی زیاتری ئێران و بەرزبوونەوەی ڕێژەی قوربانییەکان چی تری بەدواوە نابێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٥

## خەسارناسی دابڕان یان شێواندنی ڕاستییەکان- وەڵامێک بۆ کاک مستەفای هیجری

کاک مستەفای هیجری بەو دواییانە کتێبێکی بەناوی نسکۆ و دابڕان بڵاوکردووەتەوە کە تێدا ئاماژەی بە کۆمەڵێک بابەتی ٣٦ ساڵی ڕابردووی حیزبی دێموکرات کردووە. لەو کتێبەدا ناوی زۆر کەس هێندراوە کە یەک لەوان ئەمنم کە لە دوای باسکردن لە ئەنجامەکانی کۆنگرەی چوار و جیابوونەوەی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب.

هاتووەتە سەری و من وەکوو نموونەی ئەو کەسانە دێنێتەوە کە لە ناوچەی پیرانشار کەوتووینەتە ژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانی کاک ڕەحمان کەریمی و ڕێرەوێکی خیانەتکارانەمان گرتووەتەبەر. خۆزگە زیاتر شیکردبایەوە کە لەو برگە ئاڵۆزەی مێژووی حیزب و بزووتنەوەی کورددا، ئەو پریشکانە چی بوونە کە لە چڵکاوی خیانەت داوێنی گرتووینەتەوە، تا توانیبام ڕوونتر باسی بکەم. هەروەها باس لەوە دەکات کە لەژێر پێداگری کاک ڕەحمان کەریمی "بۆ ماوەیەکی کەم" بەرپرسیارێتی فەرماندەی هێزی سمکۆی شنۆم پێدراوە.

ئەگەرچی هیچکات نەمویستووە نانی ئەمڕۆم لەسەر سفرەی ڕابردوویەک بێ کە جێگەی شانازی بۆخۆم، حیزب و نەتەوەکەشم بووە، بەڵام دەبێ ڕوونی بکەمەوە کە هەم ئەندامەتیم لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرهەمی پێگەیشتن و تێگەیشتن و هەست بە بەرپرسیارێتی کردن بووە و هەمیش بۆ برینی پلەکانی بەرپرسیارێتی لەنێو ئەو حیزبەدا پشتم بە ورە و باوەڕ و توانایەک بەستووە کە ئێمەمانانی پێشمەرگە لە سەنگەری خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەراندا پێشانمانداوە. سەرەڕای ئەوەشکە دۆستایەتی و هاوڕێیەتیم لەگەڵ کاک ڕەحمان کەریمی شاراوە نەبووە و هیچکات نکۆڵی لێ ناکەم، بەڵام هەڵوێست وەرگرتنم بۆ لایەنگری لە پێڕەوانی کۆنگرەی چوار بەو خوێندنەوەیە بوو کە بەرگری چەکدارانە شێوازێکی پڕ هەزینە و قورسە و پشتیوانیم لە شێوازی خەباتی ئاشتیانە و گفتوگۆ کردووە بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەکەمان، ئەوەش نە تەنیا خیانەت نەبووە و نییە، بەڵکوو ئەوە نییە دوای چەند ساڵان و بە ئیمزای خۆی کاک مستەفا، بەشێوەی ناراستەوخۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ڕێژیمکرا و خەباتی چەکداریش تا ئێستاشی لەگەڵ بێ وەستێندرا. ئەو کاتەی کە کاک مستەفا بە سەردەمی خیانەت لە قەڵەمی دەدا من بە ڕاشکاوی بیروبۆچوونەکانی خۆم لە نامەیەکدا بۆ دەفتەری سیاسی ناردووە. دوای

ئەو نامەش بوو کە وەکوو یەکێک لە فەرمانده هێزەکان لە پلینۆمی سێیەمی دوای کۆنگرەی چوار بەشداریم کرد و هەر ئەوکات نامەکەم لە ڕۆژنامەی (نامه مردم) و دواتر لە ڕۆژنامەی کوردستانیشدا بڵاو کرایەوە.ڕەنگە ئەگەر ئێمەش وەکوو کاک مستەفا، نەک بە دەنگی ئەندام و پێشمەرگەکان، بەڵکوو بە میوان چووباینە کۆنگرەی چوار و دوای ماوەیەکی کورت گەیشتباینە نووکی بەڕێوەبەری حیزب، هەروا لەبارەی خەڵک قەزاوەتمان کردبا و پێمان وابا کۆڕپەی شۆڕش و خەباتی گەلێکی ژێر ستەم ئەوەندە بە سەقەتی لەدایک بووە کە بەو ڕادەیە لە توانا، قەڵەم، زەکاوەت و سەداقەتە هەموو شارەزایی و بەرپرسیارێتییەک بە بەری خۆمان بدرووین و پێمان وابێ خەڵکی دیکە بە گوێیان هەڵکێشراون.

ئەوەیکە بوومە فەرماندەی هێزی شنۆ، بەرهەمی ئەو عەمەلیاتانە بوو کە لە چوارچێوەی هێزی ئاوارە لە ناوچەی پیرانشار تێیاندا بەشداربووم و ئەو کاتەی هێشتا لە پیرانشار بووم لەلایەن شورای نیزامی ئەو کاتی حیزب کە بەرپرسەکەی شەهید سەرگورد عەباسی بوو، بەرپرسیارێتی عەمەلیاتێکی دەڕەی قاسملووم پێدرا و دوای ئەو عەمەلیاتانە بوو کە بە پێشنیاری شورای نیزامی و بە بڕیاری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە شەهید دکتۆر قاسملوو کرامە فەرماندەی هێزی سمکۆ، قەتیشم نەبیستووە شورای نیزامی و سکرتێری گشتی حیزب لەژێر کاریگەری فەرماندە هێزێکدا ناچار بە ئەنجامدانی کارێک کرابن کە نەیانویستووە یان پێیان باش نەبووە. عەمەلیاتەکانی دەڕەی قاسملووش کە لەژێر بەرپرسیارێتی من ئەنجام دراون، پێویستیان بە باسکردن نییە و تاوەکوو ئێستاش هەم بۆ حیزبی دێموکرات و هەم بۆ خەڵکی خۆراگری کوردستان مایەی شانازی و نیشانەی لێوەشاوەیی پێشمەرگەکانی ئەو کاتن کە ئێستا لە تەرازوی لاسەنگی قەزاوەتی کاک مستەفادا لەسەر تای خیانەت، قورساییان نەماوە. ڕەنگە ئەو تۆمارەشی لەبیر نەمابێ کە خەڵکی پیرانشار دوای ناردنم بۆ شنۆ ئیمزایان کرد و ناردیان بۆ دەفتەری سیاسی و داوایانکرد لە پیرانشار بمێنمەوە. ئەو کاتەش کە کاک مستەفا پێی وایە لە شنۆ پلان دژ بە حیزب و ڕێبەرانی دارێژراوە و وای دەنوێنێ کە ئێمەی پێشمەرگەکانی پیرانشار بە هاندانی کاک ڕەحمان کەریمی تێیدا بەشداربووینە، دەبووایە پێش نووسینەکەی ڕاوێژێکی لەگەڵ کاک چەکۆ ڕەحیمی کردبا کە چەند مانگ پێش ئەو ڕووداوانە، لە ئاڵوگۆڕێکی فەرماندەرانی هێزدا، کاک چەکۆ لەجێگەی من هاتە شنۆ و منیش بوومە فەرماندەی هێزی ١١٠ی بەیان لە ناوچەی هەوشار. جالبییەکەشی لەوەدایە کە خۆی کاک مستەفا بەرپرسی لێژنەی حیزب بوو بۆ گۆڕینی فەرماندەری هێزی ١١٠ی بەیان و ئەگەریش لەبیری نەماوە کاک عەلی پێشکاری، فەرماندەی پێشووی ئەو هێزە بەخۆشییەوە زیندووە و لە نزیک هەردووکمان لە باشووری کوردستان دەژی.

جگە لەوانەش، کاک مستەفا باس لەوە دەکات کە شکستهێنانی عەمەلیاتی گرتنی پادگانی پیرانشار و هەروەها داگیرکردنەوەی سەرگردە، دەستی خیانەتی فەرماندەی هێزی ئاوارەی پیرانشاری تێدابووە. وەکوو بەشداربوویەکی ئەو شەڕانە کە ئاگاداری وردەکاری نەخشە و عەمەلیاتەکان بووم، ئەوە بە تەواوی ڕەتدەکەمەوە و وەبیر کاک مستەفا و هەموو ئەو کەسانەی کە مەیدانی شەڕیان نەدیوە و بەو جۆرە بیر دەکەنەوە، دێنمەوە کە ئەگەر فەرماندەرانی ئەو کاتی هێزی پێشمەرگە لەناوچەی پیرانشار دەستیان لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم تێکەڵبووە، میداڵی شانازی بەڕێوەبردنی عەمەلیاتەکانی دوای داگیرکردنەوەی سەرگردە بۆ نموونە گرتنی پایەگای چل بزنە و چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتووی دیکە بە سینگی کێ هەڵداوەسرێت، خۆ ئەوانیش هەر ئەو کەسانە بوون کە لەکتێبەکەدا وەکوو کۆمەڵێک کەس کە ڕێگەی خیانەتیان گرتووەتە بەر، ناسێندراون. بێ گومان هەموو خۆراگری و عەمەلیاتەکان سەرکەوتوو نەبوون و هەم نەگرتنی پادگانی پیرانشار و هەمیش داگیرکردنەوەی سەرگردە هۆکاری نیزامییان هەبووە و دەکرێ لەکاتێکی گونجاوتردا روون بکرێنەوە. پێش تۆمەتبارکردنی پێشمەرگە و فەرماندەکانی ئەو کات دەبوایە بیر لەوە کرابایەوە، ئەگەر پیرانشار بەهۆی خیانەتی فەرماندەکانی پێشمەرگەوە داگیرکرایەوە، ئەدی بەرپرسیارێتی داگیرکردنەوەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە سینگی هەزاران پێشمەرگە بووە سەنگەری خۆراگرییان، دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟

شانازی بە چرکە چرکەی ژیانی پێشمەرگایەتیم دەکەم، بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەو کات وەکوو کاک مستەفا دەڵێت ڕێگەی خیانەتم گرتبایە بەر، نە حیزب و نە خەڵک ئەو خیانەتەیان لەبەرچاو ون نەدەبوو. دوای ماوەیەکی کورت لەساڵی ١٣٦٣ـەوە دووبارە پەیوەندیم لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژە پێداوە و یەک لەو کەسانەی پەیوەندیم لەگەڵی هەبووە خۆی کاک مستەفا بووە و زۆرجاریش راسپاردەکانی خۆیم لەنێوخۆی وڵات جێبەجێ کردووە. هەر خۆی کاک مستەفاش بوو کە دوای هاتنەدەرم لە ساڵی ١٣٨٥ داوای لێکردم بگەڕێمەوە و پێی وابوو ئەگەر هیچ مەجالێک مابێ پێویستە لەوێ بمێنمەوە و چەندی بەسەر باڵای نەخش و کاریگەریم لەنێوخۆی ڕۆژهەڵات هەڵدا، کە بێ گومان ئەگەر ناراستییەک لەڕێگەدا هەبووایە، وای فکر نەدەکردەوە. بۆیە هیچ پێویستی نەدەکرد و ڕەوا نییە بەو جۆرە باسی لە ماندووبوون و قارەمانەتی پێشمەرگەکانی ئەو کاتی ناوچەی پیرانشار کردبا.

ئەگەرچی چاوەڕێ بووم تاقانە بەرهەمی نووسراوی کاک مستەفا، چرای ڕاستی بەسەر کونجە داپۆشراوەکانی رابردووی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵکردبا و ئاوڕدانەوەیەکی ورد و وەستایانە با

لە هۆکار و ریشەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان، بەڵام نەک تەنیا وا دەرنەچوو بەڵکوو تێیدا کەڵک لە زمان و شێوازێک وەرگیراوە کە هیچکات زمانی قسەکردن و نووسینی کەسایەتییە سیاسی و بەرپرسانی حیزبی دێموکرات نەبووە، نەک تەنیا لەسەر ئەو کەسانەی کە بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوونەوە بە بڕوای کاک مستەفا هاوڕێیان نەماون بەڵکوو تەنانەت لەسەر نەیارانیشیان. هەروەها کاتێک ئەو کتێبە بڵاوکرایەوە کە زۆر کەس هەم لە نێو حیزب و هەمیش لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا دڵیان بەوە خۆشە کە رەوتی یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزبی دێموکرات بە لێزانی و دڵسۆزی بە ئەنجام بگات و کەسانی وەکوو کاک مستەفای هیجریش بەجێگەی ئەوەیکە گەرای تۆڵەسەندنەوە و بەباکردنی کای کۆن لە زەینیاندا سریوەی هاتبا، دەبوو لە پێگە و کاریگەرییان بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان و رەخساندنی بەستێنی لێخۆشبوون و لەبیرکردنی رق و کینەکان کەڵکیان وەرگرتبا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٥

# لێکدانەوەی فۆڕمی پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

عەمەلیاتی نیزامیی "گەردەلوولی بەهێز" بە ڕێبەرایەتی عەرەبستانی سعودی و هاوپەیمانانی لە ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو و بە پشتگیری وڵاتانی تورکیە و پاکستان، بۆ پاشەکشە پێکردن بە هێزەکانی حوسی، گەڕاندنەوەی "عەبد ڕەبا مەنسور هادی"، سەرۆکی لەسەر کار لادراوی یەمەن و کارتێکەری لەسەر ڕەوتی سیاسی ئەو وڵاتە، پاش ٢٧ ڕۆژ و دوای بەجێ هێشتنی وێرانکاری یەکی بەرفراوان کۆتایی پێهات. ئەو شێوە عەمەلیاتە، لە مێژووی سیاسی هاوچەرخ دا بێ نمونە نییە. دوایین جار کە وڵاتانی عەرەبی بە هێزێکی نیزامی یەکگرتوو، بە دژی دوژمنێکی هاوبەش کردەوەیان ئەنجام داوە، بۆ ٥٠ ساڵ لەمەوبەر واتا شەڕی ٦ ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧ دەگەڕێتەوە کە تێیدا زۆرینەی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی عەرەب؛ بە دژی ئیسرائیل ئۆپەراسیۆنی نیزامی یان بەڕێوەبرد کە شکستێکی هەمەلایەنەی بۆ ئەو وڵاتانە لێکەوتەوە و لە دەرەنجامدا نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە تەواوێتی گۆڕی.

گەردەلوولی بەهێز، بە خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێ. ئەو عەمەلیاتە لە حاڵێکدا بەڕێوە چوو کە ئێستا، نزیک بە تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست - جگە لە عەممان - بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ؛ لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتەکانیان تێوەگلاوی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامین، و لەسەر وێرانەکانی شەڕ بلوک بەندی سیاسی و مەزهەبی کارا فۆڕمیان گرتووە. ئەو ناوچە هیچکات لەڕووی سیاسی یەوە ئارام و سەقامگیر نەبووە و بەردەوام مەیدانی ململانێ و ڕکەبەری بووە؛ بەڵام فاکتەری کاریگەر لە چالاکبوونی ئەو بلوکە سیاسی و مەزهەبی یانە شۆڕشەکانی "بەهاری عەرەبی"ین کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بەرەو سەردەمێک برد کە کارناسانی سیاسی بە سەردەمی "شۆڕشی بێ گۆڕانکاری" ناودێریان کردووە؛ ئەو شۆڕشانە یان شەڕی ناوخۆیی یان لێکەوتەوە یان وەکوو نمونەی میسر، گەڕانەوە سەر خاڵی سیفر. دەرەنجامەکانی نەخوازراوی بەهاری عەرەبی، دەرفەت و بەرژەوەندی نوێ یان بۆ سیاسەتی دەستدرێژکارانەی وڵاتانێک پێناسە کرد کە گەشە، مانەوە و بەرژەوەندی یەکانی خۆیان لە شەڕ و ئاڵۆزی دا دەبیننەوە.

بیرمەندانی سیاسی بارودۆخی ئاڵۆزی ناوچە، بە گشتی لە چوارچێوەی دوو پلاتفۆرمی سەرەکیدا دەبینن؛ بەشێکیان

باس لە "بێ نەزمی خەللاق" دەکەن و بەشێکی دیکەشیان پێیان وایە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرەبەرەی بەدنیا هێنانی نەزمێکی نوێ یە و باس لە "نەزمی نوێی جیهانی" دەکەن.

بێ نەزمی خەللاق، ڕەوتی گەشەکردنی بلوکەکان دەخاتە بەر سەرنج. ئەو لایەنە گرینگی بۆ هۆکاری دەرونی و چونیەتی تەعامولی نێوان بلوکەکان دادەنێ و دەستێوەردانی دەرەکی زۆر بە هەند وەرناگرێ. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاش گۆڕانی ناوەڕۆکی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی بۆ شەڕی ناوخۆیی، سنووری سیاسی ئێران و عەرەبستان لە لوبنان و فەلەستین بۆ سوریە، عێراق، بەحرەین و یەمەن بەربەرین بوو و مەیدانی چالاکی زیاتری بۆ ئەو دوو وڵاتە کە خۆیان بە جەمسەری شیعە و سوننی پێناسە دەکەن، خوڵقاند. ئێران کار بۆ ستراتیژی "کەوانەی شیعە" دەکات و عەرەبستان بە مەبەستی بەرفراوان کردنی بازنەی نفوزی خۆی، کار بۆ هێزێکی هاوشێوەی "ناتۆ" بۆ وڵاتانی عەرەبی دەکا تا بەربەست بۆ سیاسەت وەرزی ئەکتەری نوێی وەکوو ئێران لە خاکی وڵاتانی عەرەبی بێ؛ و هەر دەستێوەردانێکی ئیحتمالی لەلایەن هەموو وڵاتانی عەرەبی یەوە وڵام بدرێتەوە.

ئەو لێڕوانینە پێی وایە کە ئەمریکا لەو ناوەدا "دیپلۆماسی و سیاسەتی تەعامول" بەکار دێنێ، لە پێناو بەرژەوەندی-یەکانی خۆی تەعامول لەگەڵ هەر دوو لایەن دەکا. لەگەڵ ئێران، لەسەر پرسی ناوکی ڕێکدەکەوێ بەڵام بە شێوەی پێویست ڕەچاوی نیگەرانی یەکانی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی ناکا؛ و لە عێراق، هاوکاری ئێران و بوونی نیزامی ئەو وڵاتە بۆ ڕووبەڕوونەوەی داعش بە ئەرێنی دادەنێ. لە بەرامبەریشدا لە سوریە، بە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئێران هاوکاری نیزامی دەکرێ، هاوکاری وڵاتانی عەرەبی دەکا و لە یەمەنیش هاوکاری لۆجێستیکی و ڕاوێژکاری لە عەمەلیاتی گەردەلوولی بەهێز بکا. لە بێ نەزمی خەللاق دا، چەند جەمسەری هاوئاهەنگ یان "ژاندارمی ناوچەیی"، کۆنترۆڵی دۆخی سیاسی ناوچەکانی ژێر ڕکێفی خۆیان دەکەن و بەرژەوەندی-یەکانی ئەمریکاش لەبەر چاو دەگرن.

لە لایەکی دیکە بیرمەندان، نیشانە و فاکت بۆ نەزمی نوێی جیهانی دەبیننەوە. تیۆری یەک کە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و یەکێتی شووڕەوی پێشوو بۆ فۆرمپێدانی جیهانی تاک جەمسەری هاتە ئاراوە. نوسخەیەکی تایبەتی ئەو تیۆری یە دواتر لە سەردەمی جۆرج بووشی کوڕ دا هاوکات لەگەڵ بەردەوامی شەڕەکانی عێراق و ئەفغانستان، لەژێر ناوی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ" گەڵاڵە کراوە. لایەنگرانی ئەو تیۆری یە، هەموو ڕووداو و ئاڵوگۆڕە کەلانەکان بۆ ڕۆڵگێڕانی ئەمریکا دەگەڕێننەوە و هەر دوو بلوکی شیعە و سوننی و تەنانەت

هێزێكی تیرۆریستی وەكوو داعش یش لەناو سیستمێک دا كۆ دەكەنەوە كە لەلایەن ئەو وڵاتەوە كۆنترۆڵ دەكرێ. ئەمریكا لەو لێڕوانینەدا، نەوتی ناوچە بە تاڵان دەبا، چەكوچۆڵ و تەسلیحاتەكانی لەو ناوچە لەڕێگەی دروست كردنی شەڕی نمایشی نێوان دۆست و دوژمنی جیا دەفرۆشێ و لەو ڕێگەیەوە بودجەی وەزارەتی بەرگری خۆی كە هاوتای كۆی بودجەی سی و دوو وڵاتی پاش خۆیەتی، دابین دەكا. ئەو لێڕوانینە، تەنیا قایل بە ڕۆڵی "ژاندارمی جیهانی" دەبێ.

واقعییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چ "بێ نەزمی" تیۆریزەی بكا و چ "نەزمی نوێ"؛ پێكهاتەیەكی جوغرافیایی بیست وڵاتی یە كە یان شەڕ دەكەن یان شەڕیان تێدا دەكرێ. دۆخێک كە بەرهەمی مێژووی ئاڵۆزی ناوچەكەیە و لە سەردەمی ئێستادا لەژێر ڕەهەندەكانی سیاسەتی دەرەكی پاشكەوتووانە و گرژێ خوڵقێنی دوو جەمسەری شیعە و سوننی، واتا ئێران و عەرەبستانی سعودی كۆمەڵێک گرووپی تێرۆریستی و میلیشیای چەكداری حاكم بەسەر بارودۆخەكەدا كردووە كە هیچ پرەنسیپێک لەبەر چاو ناگرن و تەنیا ڕۆڵی "جوخەی مەرگ" دەگێڕن.

ئاكامی ڕاستەوخۆی ئەو دۆخە، پێداگری لەسەر سیاسەتێكی ناعەقڵانی یە كە بەرژەوەندی ڕاستەقینەی وڵاتەكان لەبەر چاو ناگرێ، كەشی ناوخۆی وڵاتەكان بۆ پێشگرتن لە هەر شێوە دەستێوەردانی دەرەكی دوژمنی ئیحتمالی داخراوتر دەكا، سەرچاوە دارایی یەكانی وڵات و بژێوی خەڵک دەكاتە بودجەی شەڕ و لە كۆتاییشدا جگە لە وێرانی و كوشت و كوشتار هیچی دیكەی لێ ناكەوێتەوە. پێ دەچێ ئەمریكاش، بە هەمان شێوە كە چرچیل، سیاسەتمەداری بیرتیژی ئینگلیسی باسی دەكا:" لە كۆتایی دا ئەو بژاردە هەڵبژێرێ، كە دەبوو یەكەم بژاردەی بێ"؛ واتا كۆتایی هێنان بە سەرچاوە سەرەكی یەكانی گرژی و ئاڵۆزی لە ناوچە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٥

# پێشڕەوییەكانی داعش لە عێراق و سوریە

ڕۆژی هەینی، ٢٢ی مای ٢٠١٥، داعش دوایین بنكەی نیزامی سوریەی لە سنووری عێراق كۆنترۆڵ كرد. بە داگیركرانی بنكەی نیزامی "ئەلتەنف" لە پارێزگای حومس ، بە كردەوە حكومەتی بەشار ئەسەد، هیچ سنوورێكی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق نەما. ئەوە لە حاڵێكدایە كە لە ڕۆژانی ڕابردوو، داعش، شاری "پالمێرا"ی لە ڕێگای سەرەكی دەمێشق كۆنترۆڵ كرد تا نزیك بە نیوەی خاكی ئەو وڵاتەی لە ژێر دەسەڵات دا بێ.

جگە لە بایەخی مێژوویی، پالمێرا لە ڕووی ستراتێژیكییەوە گرینگی تایبەتی بۆ داعش هەیە، بەو مانایە كە ئەو شارە وەكوو دەروازەی گەیشتن بە سەحرای گەورەی سوریە، و ڕێگای پێوەندی لەگەڵ پارێزگای ئەنباری عێراق لە ئەژمار دێ كە هەفتەی پێشوو كەوتە ژێر ركێفی ئەو ڕێكخراوەیە.

داگیركردنی شاری ڕومادی، ناوەندی پارێزگای ئەنبار، گەورەترین پارێزگای عێراق، گرینگ ترین دەسكەوتی ڕێكخراوی داعش پاش داگیركردنی موسڵ لە هاوینی ساڵی ڕابردوو لە ئەژمار دێ. پارێزگای ئەنبار لەگەڵ وڵاتانی ئۆردۆن، سوریە و عەرەبستانی سعودی سنووری هاوبەشی هەیە و نزیك بە سەد كیلۆمیتر لە بەغدا دوورە. ئەو پارێزگایە نزیك بە دوو میلیۆن كەس حەشیمەتی هەیە كە زۆربەیان سوننی مەزهەبن.

پێشڕەوی داعش لە عێراق تەنیا بەرتەسك بە شاری ڕومادی نەبووە. ئەو ڕێكخراوە تا پاڵاوگەی بیجی، گەورەترین پاڵاوگەی نەوت لە عێراق، پێشڕەوی كردووە و باس لەوە دەكرێ كە نزیك بە شەست لە سەدی ئەو پاڵاوگەی كۆنترۆڵ كردووە. داعش هەروەها سنوورەكانی ڕومادی تێپەڕاندووە و هێڵەكانی بەرگری لە شارەكانی حەدیسە و فەلوجە تەواو لاواز كردووە و لە ئەگەری سەركەوتن لەو بەرانە، دەتوانێ بەصێرایی بەرەو بەغدا پێشڕەوی بكات.

لە سوریەش، هێزەكانی داعش لە شاری حەلەب لە پارێزگای حومس، و لە شاری "قۆنیتەرە" لە باشووری سوریە و لە سنووری ئیسرائیل ڕووبەڕووی هێزەكانی ئۆپۆزیسیۆن و ئەرتەشی بەشارد ئەسەد بوونەتەوە.

پێشڕەوی یەکانی داعش بێ گومان نیشاندەری توانا نیزامی یەکانی ئەو ڕێکخراوەیە کە سەرەڕای شەڕ لە چەند بەرەدا و هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، بە سەر زۆرێک لە بەرە سەرەکی یەکانی شەڕدا زاڵە و توانای هێرشکردن و داگیرکاری ماوە. لە لایەکی دیکە، پێشڕەوی یەکانی ئەو ڕێکخراوە لە عێراق، دووپاتە کردنەوەی ئەو ڕاستییەیە کە ئەرتەشی عێراق، ئەرتەشێکی ناڕێکخراو، تێک ڕووخاو، بێ پلانە کە نەتەنیا توانای بەرەنگاری نەماوە، بەڵکوو بووەتە سەرچاوەی سەرەکی دابین کردنی تەقەمەنی و تەسلیحات بۆ هێزەکانی ئەو ڕێکخراوەیە.

جگە لەوە، داگیرکرانی ڕومادی، پرسیارێکی گەورەی لەسەر کارایی ستراتیژی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بەدژی داعش دروست کردووە. بە پێچەوانەی داگیرکردنی شاری موسڵ و ناوچەکانی دیکەی عێراق، پێشڕەوی داعش لە ناوچە سوننی نشینەکان چاوەڕوان نەکراو نەبوو. وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە بۆ پێشگرتن لە کەوتنی ڕومادی، تەنیا ٧ هێرشی ئاسمانی ئەنجام داوە. ڕێژەی ئەو هێرشانە بە مانای بوونی ناکۆکییەکی جیددی لەنێوان واشینگتۆن و بەغدا لەمەڕ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعشە. ئەوە دووەمین جارە کە ناکۆکی یەکانی ئەو دوو وڵاتە لە بەرەکانی شەڕ ئاشکرا دەبێ؛ مانگی ڕابردوو لە عەمەلیاتی تکریت کە بە بەشداری ڕاستەوخۆی ئێران و هێزەکانی سپای قودس بەڕێوە دەچوو، ئەمریکا ڕایگەیاند کە تا کاتی پاشەکشەی هێزەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، هێرشە ئاسمانی یەکانی خۆی بۆ سەر بارەگاکانی داعش لەو بەرەیەدا رادەگرێ.

حکومەتی عێراق، سەرەڕای داواکاری ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانی دژ بە داعش، بە شێوەیەکی جیددی کاری بۆ چەکدار کردنی عەشیرەت و هێزە سوننی یەکان ناکا و لەبڕی ئەوە بە نیازە هێزەکانی "حەشدی شەعبی" ڕەوانەی ناوچە سوننی نشینەکان بکا. حەشدی شەعبی یان هێزی خۆبەخشی جەماوەری، نوسخەی عەرەبیی سپای پاسدارانە کە لە لایان ئێران و لە دەرەوەی قالبی سازمانی ئەرتەشی عێراق ڕێکخراون، تا وێڕای گروپە شێوە نیزامی یەکانی دیکەی هاوشێوەی ڕێکخراوی بەدر، بەڕێوەبەری سیاسەتەکانی ئێران لەو وڵاتە بن. ئەو هێزانە پاش کۆنترۆڵ کردنەوەی تکریت، بە تاڵان کردن و سووتاندنی ئەو شارە، نیگەرانی جیددی یان بۆ دانیشتووانی ئەو شارە دروست کرد. واشینگتۆن نیگەرانی ئەوەیە کە بوونی ئەو هێزانە لە ناوچە سوننی نشینەکان، شەڕی فێرقەیی و مەزهەبی چڕتر بکاتەوە و گروپە تیرۆریستی و توندڕەوەکان، ئەو دۆخە لە بەرژەوەندی خۆیان بقۆزنەوە.

باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری ئەمریکا، بە ئاماژە بەوە کە "شەڕ بە دژی جیهادییەکان شکستی نەخواردووە"، کەوتنی رومادی بە "پاشەکشەی تاکتیکی" ناو برد. تەنانەت ئەگەر ئەو ئیددیعایەش راست بێ، داگیرکردنی رومادی، حەولەکانی ئەمریکای بۆ راکێشانی هێز و راهێنانی لایەنە سوننییەکان بۆ شەڕ بەدژی داعش بەرەوڕووی شکست دەکا. بە پێچەوانەی ساڵی ٢٠٠٦، کە عەشیرەت و لایەنە سوننی یەکان بە دژی ئەلقاعیدە یەکیان گرت، ئێستا لە پرسی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعش یەکگرتوو نین. بە کەوتنی رومادی، ئەو هێزانەی لەگەڵ داعش بەیعەتیان کردووە، بە ئاماژە بە شکستی هێزەکانی لایەنگری دەوڵەت لە پارێزگای ئەنبار، پێگەی باشتر بۆ راکێشانی هێزەکانی دیکە وەدەست دەهێنن.

راستییەکەی ئەوەیە، کە جەختی کۆشکی سپی لەسەر ئاکاموەرگرتن لە هێرشە ئاسمانی یەکان لە عێراق، لە حاڵێکدا پێشکەوتنێکی ئەوتۆی لە راکێشان و راهێنانی هێزەکانی سوننی دژبەری داعش چ لە عێراق و چ لە سوریە وەدەست نەهێناوە، دەرفەتی شیاوی بۆ سەرکەوتنی پلانەکانی داعش رەخساندووە. پێشڕەوی داعش، هەرچەند کەمتەرخەمی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێوە دیارە، بەڵام بەرپرسیارێتی سەرەکی ئەو دۆخە بۆ حکومەتی شیعەی عێراق و هاوپەیمانانی لە ناوچە و بە تایبەت کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە، کە ئامادەی دابەشکردنی دەسەڵات و بەشداری پێکردنی لایەنە سوننی یەکان، لە بەڕێوەبردنی عێراقێکی فێدراڵ و نامتمرکزدا نین. هەر ئەو هۆکارەش وایکردووە کە سەرەڕای هێرشی ئاسمانی بەربڵاو، و بوونی سپای قودسی کۆماری ئیسلامی و راهێنانی دەیان هەزار چەکداری شیعە لەناو رێکخراوەکانی بەدر و حەشدی شەعبی، داعش بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە بەرەکانی شەڕ لە پێشڕەوی دابێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی مای ٢٠١٥

## لۆزان؛ کەمتر لە دوو هەفتە

پەروەندەی ناوکی ئێران، زیاتر لە ١٢ ساڵ لە تەمەنی تێدەپەڕێ و تا ئێستا ڕێککەوتننامەکانی سەعدئاباد (٢٠٠٣)، بروکسێل (٢٠٠٤)، پاریس (٢٠٠٤) و خولەکانی دانوستاندنی نیویۆرک، ژێنێڤی ٤، ژێنێڤی ٥ و ژێنێڤی ٦ی وەپشت سەر ناوە. ئاکامی ئەو پرۆسە درێژماوە، ڕێککەتننامەی لۆزان بوو کە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی کۆتایی نێوان ئێران و وڵاتانی ٥+١ی دەستەبەر کرد و مەودایەکی زەمانی بۆ گەیشتن بە چارەسەری گشتگیر دیاری کرد. ڕێککەتننامەی لۆزان، تا ٣٠ ژوئەنی ٢٠١٥، واتا کەمتر لە دوو هەفتەی دیکە، مۆڵەتی بۆ دیاری کراوە تا بڕیاری سیاسی بۆ چارەسەری پرسەکان بدرێ و لەسەر وردەکارییەکانی پێوەندیدار بەو پرسە کۆدەنگی ساز بێ.

ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ڕێککەوتننامەی لۆزان، چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ گەمارۆکانی سەر ئێران، پرۆتۆکۆلی هاوپێچکراو و چاودێری کردنی بنکە ناوکی و پێگە نیزامی یەکانی ئێران جێی باس و تێڕوانینی کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی یەکان بووە، و پەراوێزی سیاسی و تەبلیغاتی گەرموگوڕی بۆ دروستبووە.

عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی،بە شێوەی لاوەکی پشتیوانی لە ڕێکەوتنی لۆزان کردووە و بەو پێیە کە ئاگاداری ورد و درشتی وتووێژەکانە؛ کەواتە کەم کرانەوەی ڕئاکتۆرەکان، ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆمی سەروو ٢٠ لەسەد، داخرانی کارخانەی ئەراک و ڕاگیرانی ناوەندی فۆردوو، بە بڕیاری ناوبراو بووە. خامنەیی ئێستا لەلایان لایەنگرانی بناژۆخوازی تۆمەتبار دەکرێ کە لەژێر گوشاری دەوڵەت و لە ڕەوشێکی دوور لە "نەرمی نواندنی قارەمانانە" ناچار بە قبووڵ کردنی وتووێژ، دیالۆگ لەگەڵ ئەمریکا و ڕێککەوتنی لۆزان بووە.

ئەو بابەتە، چەندین جار لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامیش تاوتوێ کراوە. لە نوێترین هەنگاو، لە ڕۆژانی ڕابردوو مەجلیس گەڵاڵەی "پابەندکردنی دەوڵەت بە پاراستنی دەسکەوت و مافە ناوکی یەکان"، کە لەلایەن کۆمیسیۆنی ئاسایشی نەتەوەیی پێشنیار و پێداچوونەوەی بۆ کرابوو، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرد. ئەو پەسەندکراوە، ئاکامی دانوستاندنە ناوکی یەکان، کاتێک بە فەرمی دەناسێ کە "تەواوی گەمارۆکان وەکوو بەشێک لە ڕێککەوتننامە لە ڕۆژی ڕێککەوتن بە تەواوێتی هەڵبگیرێن". هەروەها بە گوێرەی ئەو پەسەندکراوەیە، ئاژانسی

نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی، ئیزنی چاودێری کردنی بنکە ناوکی یەکانی هەیە بەڵام "مافی دەستڕاگەیشتن بە پێگە نیزامی، ئەمنییەتی و ناناوکی یەکان، بەڵگەنامە و زانایانی ئەتۆمی" نییە.

پەسەندکرانی ئەو گەڵاڵەیە، بە مانای لەمپەر خستنە سەر ڕێگای دانوستاندنەکان و بەتایبەتی قبووڵ کردنی پرۆتۆکۆلی ئێلحاقی دەژمێردرێ. زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاندووە کە: بەبێ قبووڵ کردنی پرۆتۆکۆلی ئێلحاقی، ڕێککەوتننامەی ناوکی لۆزان کردەیی نییە. پرۆتۆکۆلی ئێلحاقی، لە ساڵی ١٩٩٧، بۆ بەهێزکردنی بڕگەکانی بەڵێننامەی قەدەغەکردنی پەرەپێدانی چەکە ناوکی یەکان - ئێن پی تی - پەسەند کرا. پرۆتۆکۆلی ئێلحاقی، دەرفەتی چاودێری کردن و پشکینی گشت بنکە ناوکی و پێگە نیزامی یەکانی ئێران بۆ چاودێرانی نێودەوڵەتی دەرەخسێنێ. بە قبووڵ کردنی پرۆتۆکۆل، پشکێنەرانی بنکە ناوکی و نیزامی یەکان لەناکاو دەبێ و ئەگەری نهێنی کاری بۆ ئێران زۆر بەرتەسک دەکا. ئێران لە کۆتایی دەورانی سەرۆکایەتی محەممەد خاتەمی، بە شێوەیەکی خۆبەخشانە ئەو پرۆتۆکۆلەی قبووڵ کرد؛ بەڵام پاش دوو ساڵ، مەجلیس کردەیی کرانی ئەو پرۆتۆکۆلەی هەڵپەسارد.

ململانێ لەسەر قبووڵ کرانی ڕێککەتننامەی لۆزان و پرۆتۆکۆلی هاوپێچکراو، ڕیزبەندیی سیاسیی لایەنەکانی جیددی تر کردووە. بناژۆخوازان ئەو کارە، بە مانای جاسووسی فەرمی لە بنکە و بارەگاکانی ئێران لێکدەدەنەوە و پێیان وایە ئەو هەنگاوە خزمەت بە دوژمنانی نیزام دەکا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕیفۆرمخوازن و لایەنگرانی دەوڵەت، قبووڵ کرانی ئەو پرۆتۆکۆلە بە پێویست دەزانن و هەڵگیرانی گەمارۆکان، دەبەستنەوە بە قبووڵ کردنی پێش مەرجەکانی ڕۆژئاوا و یەک لەوان پرۆتۆکۆلی ئێلحاقی.

هەڵگیران یان لانیکەم سووک بوونی گەمارۆکان، گرینگترین بابەت بۆ کۆماری ئیسلامییە. حەسەن ڕووحانی، هەفتەی ڕابردوو لە ڕێوڕەسمی "خەڵاتی ساڵانەی ژینگە" بە هێرش کردنە سەر حکومەتی پێشوو، بە ئاماژە بەوە کە "هەندێ کەس نەیاندەزانی گەمارۆ چییە و چ کاریگەری یەکیان دەبێ"، جەختی لەسەر ئەو بابەتە کردەوە کە گەمارۆکان دەبی هەڵگیرێن تا بە ڕاکێشانی سەرمایە، کێشەکانی وڵات چارەسەر بن. ڕوحانی ئەو بابەتەی ورووژاندووە کە کێشەکانی وڵات، لە "ئاوی خواردنەوە"ڕا بگرە تا "پرسە ئابووری یەکان" بەستراونەتەوە بە هەڵگیرانی گەمارۆکان. لە لێدوانێکی هاوشێوەدا هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندیی نیزام، بە توندی هێرشی کردۆتە سەر دژبەرانی ڕێککەوتن، و سازان لەگەڵ دنیای دەرەوەی بۆ دەربازبوون لەو

دۆخە نالەبارەی باڵی بەسەر ئێران دا کێشاوە بە پێویست زانیوە و گوتوویەتی " گەمارۆکان پشتی خەڵکیان شکاندووە".

جان کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە نوێترین لێدوانی دا ئاماژەی بەوە داوە کە "زانیاری تەواومان لە هەندێ چالاکی نیزامی پێوەندیدار بە بەرنامەی ناوکی هەیە و دڵنیاین کە کۆماری ئیسلامی هەوڵی بەکارهێنانی وزەی ناوکی بە مەبەستی نیزامی داوە" و پێویستە "نیگەرانییەکان سەبارەت بە ڕەهەندی نیزامی بەرنامەی ناوکی ئێران بڕەوێتەوە."بەو پێیە کۆماری ئیسلامی، بۆ هەڵگیرانی گەمارۆکان، ناچارە وڵامدەری نیگەرانییەکانی وڵاتانی دەرەوە بێ، پرۆتۆکۆلی ئێلحاقی پەسەند بکا و دەرفەتی پشکنین لە بنکە و بارەگا نیزامی یەکان بۆ چاوەدێرانی نێودەوڵەتی بڕەخسێنێ.

کەمتر لە دوو هەفتە تا کۆتایی هاتنی کاتی دیاریکراوی وتووێژە ناوکی یەکان لەبەردەست ماوە، بەڵام نیشانەیەکی بەهێز لە چارەسەربوونی لەمپەرەکانی بەردەم ڕێککەوتن لەو ماوەیەدا بەدی ناکرێ. ئەگەری شکست هێنانی وتووێژەکان زۆر کەمە و پێدەچێ جارێکی دیکەش ماوەکە درێژ بکرێتەوە، بەڵام تەنانەت بە ئاکام گەیشتنی دانوستاندنەکانیش، بە مانای سەرکەوتن بۆ کۆماری ئیسلامی نییە؛ بەو هۆیە کە هەڵەبوونی ستراتێژی یەکەی دەسەلمێنێ، چالاکی یەکانیان تەواو بەرتەسک دەکا، ریزی لایەنگرانی بناژۆخوازی حکومەت تووشی دارمان دەکا و بەکردەوە کۆماری ئیسلامی لە دەستوێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی لانیکەم بۆ ماوەی نزیک بە دە ساڵ دوور دەخاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠١٥

# ڕێککەوتننامەی ناوەکی و کاریگەری لەسەر بارودۆخی ناوچە

کرانەوەی بنبەستی ناوەکی ئێران، لە ئاکامی واژۆکرانی ڕێککەوتننامەی ڤییەن، و بەڵێنی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆتایی¬هێنان بە چالاکییە نیزامییە ئەتۆمییەکانی، تەنانەت لە ئەگەری سەرکەوتووبوونی کۆی پرۆسەکە، تەنیا یەکێک لە زەرفییەتەکانی گرژیخولقێنی و شەڕهەڵایسێنی حکومەتی تاران کەمڕەنگ دەکات. ئەو ڕێککەوتنە، هەوڵەکان بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی کە لە دۆکتۆرینی نیزامی و لێڕوانینە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی وەکوو زامنی ئاسایش و پاڵپشتی بەرەوپێش چوونی سیاسەتە ناوچەییەکانی ئەو وڵاتە بیری لێکرابۆوە، پوچەڵ دەکاتەوە، بەڵام پێشبینی ناکرێ لەسەر قەیران و گرژییەکانی ناوچە وەکوو شەڕی یەمەن، سوریە و عێراق کاریگەرییەکی خێرا دابنێت.

لە روانگەی ئەمریکا و هاوتەریب لەگەڵ تێبینییە ئەمنییەتییەکانی وڵاتانێکی وەکوو عەرەبستانی سعودی، ئیسرائیل، تورکیە و وڵاتانی کەنداوی فارس، کۆماری ئیسلامی بە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشە و گرژییەکانی ئێستای ناوچە و مەترسییەک بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی ئەژمار دەکرێت. ئەو روانگەیە تەنیا لەسەر پرسی ناوەکی باس هەڵگری کۆماری ئیسلامی بینا نەکراوە تا بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بۆ ئەو پرسە، گۆرانکاری ئەساسی بە سەر دابێ. مەترسی ئەمنییەتی ڕێژیمی ئێران، زیاتر بەرهەمی ماهییەتی ئیدیۆلۆژیک، پاڵپشتی کردنی تیرۆریزم و دەستێوەردانی نابەجێ لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دیکەیە. بەو پێیە هەڵگیرانی گەمارۆکان و وەگەڕکەوتنەوەی دارایيە بلۆکە کراوەکانی ئێران، بە سەرنجدان بەو راستییە کە ئەو حکومەتە لە ژێر تاقەت پرۆکێن ترین گوشار و گەمارۆی نێودەوڵەتی تەنانەت سەرەڕای بەزاندنی هێڵە سوورەکانی بەرنامەی ناوەکی، بەردەوام هەوڵی داوە تا سیاسەتی قەیران خوڵقێنی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی بەهێزتر بکا، جێی نیگەرانییە.

کۆماری ئیسلامی وەکوو هەر ڕێژیمێکی دیکتاتۆڕی تۆتالیتێری دیکە، یەکەمین ئەولەوییەتی سیاسی، "مانەوە"ی خۆیەتی. ئەو پێویستییە، دۆکتۆرینێکی نیزامی - بەرگری بەرهەم هێناوە کە بۆ پێشگرتن لە هێرشی نیزامی بۆ سەر وڵات و خۆ دەربازکردن لە پەلاماری دەرەکی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەر چەشنە مەترسییەکی ئەمنی، لە

دەرەوەی سنوورەکان شەڕی مانەوە و بەرژەوەندی دەکا. سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە، بەشێکیان لە پێناو گەڕەنتی مانەوەن کە بەناوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و بەرگری لە گەلانی زوڵم لێکراو فۆرموڵە کراون بە شێوەیەک کە تەنانەت بە سەختترین گەمارۆکانیش، ئەو ئەولەوییەتە بۆ ڕێژیم، لەناو نەچووە.

ئەو ئەسلە تەنها لەسەر کۆماری ئیسلامی وەڕاست نەگەڕاوە. زۆربەی گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، لە سیستمێکی سیاسی دێموکراتیک و دادپەروەر کە نوێنەری راستەقینەی ئێرادەی خەڵکەکەیان بێ، بێبەشن. لە وەها کەشێکدا، وڵاتانی دیکتاتۆڕی ناوچە، هەوڵیان داوە تا لە ڕێگەی شەڕی نیابەتی و وەڕێخستنی گروپ و تاقمی چەکدار لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان رووبەڕووی یەکتری ببنەوە. ئەو دیاردەیە بەتایبەتی لە وڵاتانی سوریە، لوبنان، عێراق و یەمەن تەواو هەستی پێ دەکرێ. لە هەر یەک لەو وڵاتانە، گروپە میلیشیا و لایەنە سیاسی یەکان، بە نوێنەرایەتی لە دەسەڵاتە هەرێمییەکان و بەتایبەتی بەرەکانی شیعە و سوننی، بە دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا رووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە. ساڵانە بە سەدان میلیارد دۆلار بۆ دابین کردنی بودجەی ئەو لایەنە سیاسی یانە و قەیران خوڵقێنی لەو وڵاتانە تەرخان دەکرێ تا لەلایەک مانەوەی دەسەڵاتە هەرێمییەکان لە دەستدرێژی دەرەکی مسۆگەر بێ و لە لایەکی دیکە پرسە سیاسی یەکانی ئەو وڵاتانە بە گرۆگان بگیردرێ.

بەشێک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دژبەرانی ناوخۆیی سیاسەتەکانی ئەمریکا، رێککەوتننامەی ڤییەن و دانوستانی راستەوخۆی ئەمریکا و ئێران، و ئەگەری تاوتوێکردن و را گۆڕینەوە لەسەر پرسە ناوچەیی یەکان لە پەراوێزی دانوستانە ناوەکییەکان، بە هۆکاری بەهێزتر بوونی پێگەی کۆماری ئیسلامی دەبینن. هەرچەند پێوەندی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی لیرەڕا دەستی پێنەکردووە، بەڵام هەر پێشهاتێکی نوێ لە دۆخی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاریگەری لەسەر هاوکێشەی هێزی وڵاتانی ناوچە هەیە و کاردانەوەی جیددی لێدەکەوێتەوە. ئیسرائیل، هەر لەم سۆنگەوە بە توندترین شێوە دژایەتی رێککەتننامەی ژێنێڤی کردووە و گۆڕانی رەفتاری کۆماری ئیسلامی بە پێشمەرجی بە ئاکام گەیشتنی هەر رێککەوتنێک داناوە. عەرەبستان و وڵاتانی کەنداو هەرچەند بە پارێزەوە پێشوازییان لەو رێککەوتنە کردووە، بەڵام لەمەڕ دەرەنجامەکانی هەڵگیرانی گەمارۆ تەسلیحاتی و داراییەکانی ئەو وڵاتە هۆشداری یان داوە. میسر و تورکیەش نیگەرانییەکانی خۆیان لەمەڕ دوارۆژی رێککەوتنی ناوکی ئێران نەشاردۆتەوە.

وڵاتانی دانوستانکار و بە تایبەتی ئەمریکا بۆ رەواندنەوەی ئەو نیگەرانییانە، بەردەوام باسیان لەوە کردووە کە "

بە واژۆکرانی ئەو ڕێککەتننامە، مەترسییە ئەمنییەتییەکانی سەر ئەمریکا و وڵاتانی ناوچە کەمتر دەبێتەوە"، مەترسی کێبڕکێی ناوەکی لەناو دەچێ و هەوڵەکان بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئێران لە بەستێنەکانی دیکە بەردەوام دەبێ. کۆشکی سپی، هەروەها لەمەڕ ڕێکارە پێشبینی کراوەکان بۆ کردەیی کرانی ڕێککەوتن و هەڵگیرانی گەمارۆکان دڵنیایی داوە و جەختی لەسەر ئەوە کردۆتە کە ڕێگای تەزریقی داراییە بلۆک کراوەکانی ئێران بە گروپە میلیشیا و تاقمە چەکدارەکانی سەر بەو وڵاتە بەربەست کراوە.

بەڵام بە سەرنجدان بەو خاڵە کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەردەوامی و بەرەوپێش بردنی پلانە سیاسی یەکانی خۆی، پێویستی بە قەیران خوڵقێنی بەردەوام، دوژمن تاشین و بانگەشەی ئیدیۆلۆژیک هەیە؛ و باڵی توندرەوی دەسەڵاتداری ئێران لە دۆخی گوشار و گەمارۆ زۆرترین قازانجیان کردووە؛ ئەگەری لەمپەرخستنە سەر ڕێگای کردەیی کرانی ئەو ڕێککەوتننامە، یان خۆدزینەوەی کۆماری ئیسلامی لە بەڵێنەکانیی، ئەگەرێکی بەهێزە. جگە لەوە، بودجەی نیزامی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام لە حاڵی هەڵکشان دایە، و بەو پێیە ئێران ناچارە لە پێناو وڵامدەربوونی دۆکتۆرینی نیزامی-بەرگری خۆی و وەدوانەکەوتن لە کێبڕکێ ناوچەییەکان، سەرمایەگوزاری زیاتر لەسەر کەرتی نیزامی و هاوپەیمانانی ناوچەیی خۆی بکا. نوێترین لێدوانی خامەنەیی لەمەڕ "بەردەوامی پشتیوانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی هاوپەیمانیی خۆی لە ناوچە"؛ بە مانای درێژەکێشانی سیاسەتەکانی رابردووی ئەو وڵاتەیە. ئەوەش ڕاستەوخۆ بە مانای پێشێل کردنەوەی بڕیارنامە و بەڵێننامەکان، ئاڵۆزترکردنی بارودۆخی ناوچە و گەڕانەوە بۆ خاڵی سیفر دێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوولای ٢٠١٥

# هۆکارەکانی پشت هێرشی تورکیه بۆ سەر بنکه و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان

شکاندنی ئاگربەستی ساڵی ٢٠١٣ و بە ئامانج گرتنەوەی بنکه و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، پەکەکە، و هاوکات پەیوەست بوونی یارمەتیدەرانەی بە هاوپەیمانی دژ بە داعش، نیشانەی دەستپێکی وەرزێکی نوێیە لە سیاسەتوەرزی حکوومەتی تورکیه لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا. ئەو سیاسەتە نوێیە بەرهەمی چەند هۆکاری سەرەکییە:

### یەکەم، گۆڕانی نەخشەی سیاسی و بەڕێوەبەریی تورکیه لەسەر بنەمای ئەنجامی دوایین خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی

لەو هەڵبژاردنەدا، دەنگەکانی ئاک پارتی بەهۆکاری جیاواز بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیان کرد، بەتایبەت لە سندووقەکانی باکووری کوردستان کە زۆرینەی دەنگەکان ئەوجارە بۆ پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک، هەدەپە، بوون. ئەو شکستە نە تەنیا کۆتایی بە سێ دەورە دەسەڵاتداری تاک حیزبی ئاک پارتی هێنا، بەڵکوو خولیای رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیەی بۆ دامەزراندنی سیستمی کۆماری و گۆڕینی یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتە بۆ داهاتوویەکی نادیار حەواڵە کرد. لەلایەکی دیکە، براوەی سەرەکی هەڵبژاردنەکە هەدەپە بوو کە دەنگی رەوتی نەتەوەیی و میانڕەوی کورد و بەشێک لە چەپە گۆڕانخوازەکانی تورکی بەدەست هێنا. هەدەپە بە پشت بەستن بە دەنگی جەماوەر بووەتە هێزێکی جەماوەری گەورە کە لە رووی سیاسی و یاسایی و تەنانەت بەڕێوەبەریشدا دەتوانێ ئاستەنگێکی گەورە بێت بۆ ئاکەپە، بۆیە ئاکەپە دەیەوێ بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی زەبر و زەنگ و زاڵکردنی کەشی ئەمنی و شەڕ، بنکە جەماوەری و یاساییەکەی هەدەپە بکاتە ئامانج. هەمیش دەیهەوێ دەنگە لەدەستچووەکانی لە دەنگدەری ناڕازی تورک وەربگرێتەوە.

### دووەم، شکست هێنانی پرۆسەی ئاشتییە لەنێوان پەکەکە و حکوومەتی تورکیه

ئێستارتی شکستی ئەو پرۆسەیە ئەو کاتە لێدرا کە حکوومەتی تورکیه لەگەڵ پەسەندکرانی یاسایەکی تایبەت

بە چەکدارانی ئەندامانی پەکەکە دژایەتی کرد کە لەلایەن هەدەپەوە ئامادەکرابوو و عەبدوڵڵا ئۆجەلان و سەرکردایەتی پەکەکەش قبوڵیان کردبوو. ئەو کاتەی قۆناغی پرۆسەی ئاشتی لە دروشمەوە گەیشتە قۆناغی کردەوە، حکوومەتی تورکیە تووشی کێشە بوو، چونکە نەیویست پرۆسەی ئاشتی بخاتە چوارچێوەیەکی سیاسی و یاسایی و زیاتر لە روانگەی ئەمنییەوە سەیری دەکرد کە ئەوەش بۆ لایەنە کوردییەکان جێی قبوڵکردن نەبوو. ئاکەپە دەیهەوێ کوشتنی دوو پۆلیس و ئاگرتێبەردانی چەند ئۆتۆمبێلێک لەلایەن ئەندامانی پەکەکەوە بکاتە بیانوویەک بۆ لابردنی ئۆبالی شکستی پرۆسەی ئاشتی لەسەر شانی خۆی. هەرچەندە ئەو هەنگاوەی پەکەکەش جێی تێڕامان و رەخنەگرتنە بەڵام هۆکاری شکانی ئاگربەست و تێکچوونی پرۆسەی ئاشتی نییە.

هۆکارێکی دیکە پەیوەندی بە سیناریۆکانی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی تورکیەیە. ئاکەپە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستنەهێناوە و پێویستی بە هاوپەیمانە بۆ پێکهێنانی حکوومەت. جەهەپە و مەهەپە کە دوو هێزی گەورەی پەرلەمانی تورکیەن، دژی پرۆسەی ئاشتین و لەوانەیە تێکدانی ئەو پرۆسەیە یەکێک لە مەرجەکانیان بێت بۆ پێکهێنانی حکوومەت. لەوانەشە ئاکەپە و رەجەب تەیب ئەردۆغان بیریان لە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن کردبێتەوە و پێیان وابێ ئەگەر سیاسەتی توند بەرامبەر پەکەکە بگرنە بەر و لە شەڕی دژی داعشیشدا رۆڵ ببینن، دەنگدەران زیاتر روویان تێبکەن.

جگە لە هۆکارە ناوخۆییەکان، هۆکارە دەرەکییەکان و بەتایبەت بەهێزبوونی رەوتی سیاسی و سەربازی نزیک لە پەکەکە لە رۆژئاوای کوردستان، بە یەکێک لە گرینگترین سەرچاوەکانی ئەو سیاسەتە نوێیە دادەنرێن. هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکان بۆ لێدانی بنکەکانی پەکەکە، تورکیە سیاسەتی خۆی بەرامبەر داعشیش گۆڕی و رایگەیاند وێڕای هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بنکە و پێگەکانی داعش دەکاتە ئامانج، بەڵام وێدەچێ ئەو سیاسەتە رواڵەتی بێ و زیاتر سێرەی لە وەرگرتنی دوو پوان گرتبێ. بە پێی ئەو سیاسەتە نوێیە؛ تورکیە رێگە بە ئەمریکا دەدات کەڵک لە بنکە ئاسمانییەکانی ئەو وڵاتە بۆ لێدانی داعش وەربگرێ و لە بەرامبەریشدا ئەمریکا و ناتۆ یارمەتیدەری تورکیە دەبن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی دروستکردنی هەرێمی ئارام و ئەمن لەنێو خاکی رۆژئاوای کوردستان و هەروەها لە بەرامبەر هێرشەکانی تورکیە بۆ سەر بنکەکانی پەکەکە لەسەر خاکی باشووری کوردستان بێدەنگی هەڵدەبژێرن. بەو پرۆژەیە تورکیە هەوڵی بەرتەسک کردنەوە و لاوازکردنی بزووتنەوەی کوردی نزیک لە رەوتی پەکەکە دەدات لە رۆژئاوای کوردستان بەتایبەت باڵی سەربازییەکەی، یەپەگە، کە زیاتر لە ساڵێکە، هێزێکی مەیدانی کاریگەر بووە لە شەڕی دژی داعشدا و ئەوەش ئیعتبارێکی سیاسی و سەربازی گەورەی بۆ

پەیەدە و یەپەگە پەیداکردووە. تورکیەش لەو ئێعتبارە سیاسییە و هەروەها بەهێزبوونی سەربازی رەوتەکانی نزیک لە پەکەکە نیگەرانە و هەوڵدەدات بە بیانووی مەترسییەکانی داعش، رێگری لە بەهێزبوون و جێگیربوونی دەسەڵاتی پەیەدە لە رۆژئاوای کوردستان بکات.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سیاسەتە نوێیە، تورکیە لە سێ بەرە شەڕی دژ بە کورد دەستپێکردووە. لەلایەک بنکە و بارەگاکانی پەکەکە و خەڵکی مەدەنی لە ناوچە سنوورییەکان کردووەتە ئامانج و لەلایەکی دیکەش لە نێوخۆی باکووری کوردستان شەپۆلێکی دەستگیرکردن و بەندکردنی چالاکوانانی سیاسی و کردنەوەی دۆسیەی دادگایی کردن بۆ پەرلەمانتارانی کوردی دەستپێکردووە. هەروەها هەوڵدەدات هێزی سەربازی و سیاسی خۆی لە رۆژئاوای کوردستان زاڵ بکات و رێگە لە پێشڕەوی و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی پەیەدە بگرێت. هەموو ئەوانەش لەپێناو قورس کردنی پێگەی تورکیە لە پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچە و وەدیهێنانی خەونی ئیمپراتۆری عوسمانی نوێ و بەهێزکردنی پێگەی جەماوەری ئاکەپە و زاڵکردنی دەسەڵاتی تاک حیزبی لە تورکیە و پێشگرتن لە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە باکووری کوردستان دەکات.

لە بەرامبەردا، پارتی کرێکارانی کوردستان کە مەیدانی سەرەکی سیاسەتکردن لەگەڵ ئەو پرۆژانەی حکوومەتی تورکیەی بەدەستەوەیە، پێویستە بە وریاییەوە مامەڵە بکات. ئەو حیزبە سەرەتا دەبێ رێگە لەو هەوڵە ناوخۆییانە بگرێ کە دەیانەوێ پرۆسەی ئاشتی تووشی گرفت بکەن. هەروەها دەبێ ببێتە سەکۆیەک بۆ کۆبوونەوەی زیاتری هێز و کەسایەتی و لایەنەکانی باکووری کوردستان، چونکە وەک لە کۆبوونەوەی رۆژانی رابردووی ئەحمەد داود ئۆغڵووی سەرۆک وەزیران لەگەڵ ژمارەیەک لایەن و کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد دەرکەوت، حکوومەتی تورکیە دەیەوێ کەلێن بخاتە نێوان بزووتنەوەی شاخ و شاری باکووری کوردستان. هەروەها لە رۆژئاوای کوردستانیش لایەنەکانی نزیک لە پەکەکە پێویستە کۆتایی بە زاڵبوونی تاک حیزبی و تاک دەسەڵاتی بهێنن تا بتوانن بە یەکگرتووییەوە کار لەسەر رووبەڕووبوونەوەی پرۆژەکانی تورکیا بکەن

لە ژمارە ٦٦١ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥

# قەیرانی سیاسی تورکیە و هەڵبژاردنی پێش وەختەی پەرلەمان

بڕیارە هەڵبژاردنی پێش وەختەی پەرلەمان لە ١ی نوامبر، واتا کەمتر لە سێ مانگی دیکە لە تورکیە بەڕێوەبچێ. هەڵبژاردنێک کە بە دەرەنجامی شکستی مێژوویی پارتی داد و گەشەپێدان، ئاک پارتی، لە هەڵبژاردنەکانی ٧ی ژوئەن دادەنرێ؛ کە تێیدا ئەو حیزبە نەیتوانی زۆرینەی رەهای دەنگەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی تاک حیزبی، هاوشێوەی ١٣ ساڵی رابردوو بەدەست بهێنێ و هاوکات لە دانوستاندنەکانی ٤٥ رۆژە بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانیش سەرکەوتوو نەبوو. دوابەدوای ئەوە، رەجەب تەیب ئەردۆغان، بە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی خۆی لە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، بەبێ ئەوەی دەرفەتی پێکهێنانی حکومەت بە براوەی دووەمی هەڵبژاردنەکان بدا، بڕیاریدا هەڵبژاردنەکە دووبارە بکرێتەوە و تا ئەوکاتیش حکومەتی کاتی لەنێو کۆتلە پەرلەمانییەکان پێک بهێندرێ و تا یەکلایی بوونەوەی یەکجاری چارەنووسی کورسییەکانی پەرلەمان، ئەو وڵاتە بەڕێوە ببات. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەردۆغان بۆ سەرکەوتنی حیزبەکەی لە هەڵبژاردنی پێش وەختە چ شتێک شک دەبا کە ئەو بڕیارەی داوە؟ خولیاکانی ئەردۆغان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای بنەڕەتی وڵات، گۆڕینی سیستمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی و بەو پێیە زیادکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار، کاتێک کە رێژەی دەنگەکانی حیزبەکەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمان تووشی داکشانێکی ٩ لەسەدی بوو، تەواو شێوان. تێڕوانینی ئیقتدارگەرایانەی ئاک پارتی و بەتایبەتی شەخسی ئەردۆغان لە رەوتی سیاست گوزاری ناوخۆیی و سیاسەتی "بێ چارەسەرهێشتنەوە"ی پرسی کورد و جیددی نەبوون لە پرۆسەی ئاشتی، هاوکات لەگەڵ ناسەرکەوتووبوونی سیاسەتی دەرەوەی تورکیە بە تایبەتی دژایەتی ئاشکرا و هاوکاری نهێنی لەگەڵ داعش و هەڵسوکەوتی دوژمنکارانەی بەرامبەر خۆڕاگری کۆبانی، بە گرینگترین هۆکارەکانی داکشانی دەنگەکانی ئەو حیزبە دادەنرێن. بۆ گۆڕینەوەی نەخشەی سیاسی و بەڕێوەبەری تورکیە، پێدەچێ ئەردۆغان و حیزبەکەی حیسابیان لەسەر چەند دەرفەت و فاکتەری سەرەکی کردبێ:

**یەکەم**؛ درێژەپێدان بە مێژوویەکی خوێناوی لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، پەکەکە. ئەم سیاسەتە کە دەسبەجێ پاش شکستی ئاک پارتی بۆ جارێکی دیکە دەستی پێکرایەوە بەدوای بەدەستهێنانەوەی دەنگی نیزامییانی توندڕەو و گرووپە محافزەکارەکانی تورکە کە پێناسەیەک جگە لە "تیرۆریست بوون" بۆ بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان بە پێشەنگایەتی پەکەکە قایل نین.

**دووەم:** هەوڵی بە نایاسایی کردنی پارتی دیموکراتیکی گەلان، هەدەپە. تێپەڕاندنی بەربەستی ١٠ لە سەد و سەرکەوتنی مێژوویی هەدەپە وەکوو بزووتنەوەیەکی سیاسی کە ئەگەرچی لە هەناوی بزووتنەوەی مافخوازانەی باکووری کوردستان سەری هەڵ دا، بەڵام توانی متمانەی دەنگدەرانی چەپ و دیموکرات لە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی سەرتاسەری تورکیە بەدەست - بهێنی و ببێتە گەورەترین مەترسی و لەمپەری بەردەم سیاسەتەکانی ئاک پارتی. ئەردۆغان هەوڵ دەدا تا گریمانەی پێوەندی تەشکیلاتی هەدەپە و پەکەکە بەهێز بکا تا لەو ڕێگەیەوە هەوڵی زەربەلێدان لە ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە بدا و دواجار کار بۆ بەنایاسایی ڕاگەیاندنی کار و چالاکییەکانی بکا. لێدوانی تووندی بەرپرسانی حکومەت، کرانەوەی دۆسیەی دادگایی کردن بۆ سەرۆک و پەرلەمانتارانی هەدەپە و درێژەی دەستبەسەرکردنی بە لێشاوی ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە هەر لەو ڕاستایەدا پاساوهەڵگرە.

**سێهەم:** ڕەنگە ئەردۆغان حیسابێکی تایبەتی لەسەر دەنگی محافزەکارانی کورد کردبێتەوە کە لە سێ دەورەی رابردوو، دەنگی خۆیان دەخستە ناو سندوقەکانی ئاک پارتییەوە. بۆ ئەو مەبەستە پرۆژەی ترس و تۆقاندن بەڕێوەدەچێ و بە شێوەیەکی بەربڵاو بانگەشە بۆ ئەوە دەکرێ کە لە ئەگەری بەدەستهێناوەی زۆرینەی دەنگەکان لە هەڵبژاردنی پێش وەختە، ئاک پارتی "ئاشتی و ئاسایش" دەگەڕێنێتەوە، بەڵام بە سەرنجدان بە پشت گوێ خستن و بەجێ نەگەیاندنی بەڵێنەکانی پێشوو و باشترنەبوونی دۆخی ئابووری و ئەمنی وڵات، بەدەست هێنانەوەی متمانەی ئەو بەشە لە دەنگدەران ئاستەمە. لە وەها دۆخێکدا زیاتر لە ئەردۆغان و ئاک پارتی، سەرنجەکان لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوت و سیاسەت کردنی هەدەپە و بەرپرسەکانی چڕ بوونەتەوە. لە حاڵێکدا کە ئاک پارتی گەورەترین شکستی سیاسی خۆی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ٧ی ژوئەن تۆمار کرد، هەدەپە، خاڵێکی وەرچەرخانی لە مێژوویی سیاسی تورکیە چەسپاند. بەو پێیە خەستتربوونی ململانێ و رکەبەری ئەو دوو لایەنە دوور لە چاوەڕوانی نییە. داهاتووی سیاسی هەدەپە، زیاتر لە هەر فاکتەرێکی دیکە بەستراوەتەوە بەوەی کە ئەو حیزبە چۆن لە ئیعتباری پەرلەمانی خۆی بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی سیاسی مافخوازانەی کورد کەڵک وەردەگرێ، وڵامدەری داواکاری دەنگدەرانی غەیرە کوردی خۆی بێ و دەرفەتە یاساییەکان بۆ بەرەوپێش بردنی ویست و پرۆژە سیاسییەکانی خۆی بقۆزێتەوە. پێشنیاری سەلاحەددین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە، بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەستی یەک لایەنە لە لایەن پەکەکە، و ئاشکراکردنی ئامادەیی ڕێبەران و پەرلەمانتارەکانی حیزبەکەی بۆ بەشداری لە حکومەتی کاتی تورکیە، بە دوو هەڵوێستی پۆزەتیڤ لە ڕاستای کەم کردنەوەی بارگرژییەکان ئەژمار دەکرێن. کورد بە ئیدارەکردنی چەند وەزارەت لە حکومەتی کاتی، بە کردەوە لە قۆناغی خەباتی سیاسی بەرەو دەسەڵاتدارێتی

سیاسی دەروا و دەتوانێ بە پێشکێش کردنی ئەزموونێکی سەرکەوتوو تەنانەت لەو ماوە کەمەشدا، نەتەنیا وڵامدەری متمانەی دەنگدەرانی بێ بەڵکوو ترسی لایەنە توندڕەوەکانیش لە دەسەڵاتدارێتی کورد بڕەوێنێتەوە. هەرچەند دەرەنجامەکانی دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ ئاک پارتی بە شکستێکی سیاسی گەورە ئەژمار کراوە، بەڵام ئەم خاڵە جێی سەرنجە کە ئەو حیزبە ئێستاش گەورەترین حیزبی تورکیەیە، زیاتر لە ٤٠ لەسەدی دەنگەکانی بەدەستهێناوە و بۆ بوون بە زۆرینەی رەها، تەنیا پێویستی بە ١٨ کورسی پەرلەمانی دیکەیە. هیچ سیاسەت و پرۆژەیەک لە تورکیە بەبێ بەشداری ئەو حیزبە دەرفەتی سەرکەوتنی نابێ، کە واتە پێویستە لایەنی کوردی و بەتایبەت بەرپرسانی هەدەپە لە لێدوانی وروژێنەر خۆ ببوێرن کە یارمەتی بە بەرەوپێش چوونی پیلانەکانی ئەردۆغان دەدات. هاوکات لە قۆناغێکدا کە پەکەکە بۆ جارێکی دیکە، هێز و توانای نیزامی خۆی لەبەرامبەر شەڕفرۆشی ئاک پارتی نیشان داوەتەوە و دەسەڵاتی مەیدانی خۆی سەلماندۆتەوە؛ راگەیاندنی ئاگربەستی یەک لایەنە دەتوانێ جگە لە راکێشانی سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، یارمەتیدەری هەدەپە بێ تا لەو ماوەدا هەم لە ئەگەری بەشداری کردن لە حکومەتی کاتی رۆڵی خۆیان باشتر بگێڕن و هەم بۆ هێنانەوە بەر باسی پرۆسەی ئاشتی، سەنگ و قوورسایی زیاتریان هەبێ. درێژەپێدان بە دانوستاندنەکانی پرۆسەی ئاشتی، گواستنەوەی ململانێکان بۆ پەرلەمانی تورکیا و هەوڵدان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای بنەڕەتی بە قازانجی کورد، پێویستی بە کەشێکی ئارامە کە دەتوانێ لە ئاگربەست ڕا دەست پێبکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## بارودۆخی مەیدانی سوریە و ئاسۆی وتووێژەکانی چارەسەری ئەو پرسە

پرسی سوریە گرنگترین بابەتی چوار ساڵی رابردووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە تێوەگلاوی رکەبەرییە ناوچەییەکان بووە. ئێستا چوار بەرەی سیاسی و چەندین گروپی نیزامی لە شەڕی ناوخۆیی سوریە بەشدارن. وڵاتانی رۆژئاوایی و هێزە میانڕەوەکانی دژبەری ئەسەد، رێژیمی ئەسەد و لایەنگرانی، وڵاتانی کەنداو، و هێزە توونڕەوە تیرۆریستی یەکانی وەکوو داعش و بەرەی نوسرە چوار بەرەی سەرەکی ئەو شەڕەن کە لە گوتار و لێڕوانینی ئیدیۆلۆژیک و پرۆژەی سیاسی یان بۆ داهاتووی سوریە تەواو جیاوازن. ئەو هێزانە لەماوەی چوار ساڵی رابردوو ئیستعدادی کردەوەی هاوبەش و سازان لەسەر پرسە ئەساسییەکانیان لەخۆ نیشان نەداوە و تەواوی هەوڵیان ئەوە بوو کە لە مەیدانی شەڕ پرسەکە یەکلا بکەنەوە.

ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی هەر لە دەستپێکی شەڕ هەوڵی رێکخستنی گروپە نیزامی یە میانڕەوەکانیان لەناو ئەرتەشی ئازادی سوریە داو دواتر کاریان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی تاراوگە کرد. هەر دووی ئەو پرۆژانە هەرچەند بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕین بەڵام بە دەستەوەستانی سیاسی ئەمریکا تووشی شکست هاتن. دوابەدوای ئەو قۆناغە، شەڕی سوریە بووە بەستێنی دەستێوەردانی هێزە هەرێمی یەکان،و بەوشێوە رەنگدانەوەی سیاسەت و رکەبەرییە ناوچەییەکان لە شەڕی ناوخۆیی سوریە تەواو دەرکەوت.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە محکم ترین و سەقامگیرترین سیاسەتی لە سوریە هەبوو. پێوەندی و هاوپەیمانی ستراتێژیکی کۆماری ئیسلامی و سوریە بۆ سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق دەگەڕێتەوە و بەدرێژایی سێ دەیەی رابردوو بەردەوام پەرەی سەندووە. هەر چەند سەرەتا ئێران و سوریە لەمەڕ پرسی لوبنان ناکۆکی جیددی یان هەبوو و شەڕی نێوان دوو حیزبی ئیدیۆلۆژیکی شیعە واتا "ئەمەل" و حیزبوڵلا بە شەڕی نیابەتی ئێران و سوریە لەسەر خاکی لوبنان گەیشت، بەڵام بە چارەسەری ئەو پرسە، ئە دوو وڵاتە وەکوو دوو هاوپەیمانی ستراتێژیک دەرهاتن. ئێران بۆ نزیک بوونەوە لە سنوورەکانی ئیسراییل و یارمەتیدانی حیزبوڵلا پێویستی بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ سوریە هەیە و بەشیک لە ئەمنییەتی نەتەوەیی و ناوچەیی خۆی بەگرێدراوی داهاتووی ئەو وڵاتە دەزانێ؛ بەو پێیە کۆماری ئیسلامی لە ئاڵۆزییەکان و شەڕی ناوخۆیی سوریە بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی

لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد کردووە و بەیارمەتی ماڵی و نیزامی و لۆجیستیکی لە تێکدانی هاوسەنگی هێزەکان بە قازانجی ئەسەد و لەدەسەڵات هێشتنەوەی ناوبراو تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە.

لەبەرامبەردا وڵاتانی کەنداو هەوڵیان داوە تا لەڕێگەی ڕاهێنان و چەکدارکردنی گروپ و لایەنەکانی نزیک لەخۆیان کار بۆ لەدەسەڵات لادانی بەشار ئەسەد بکەن. عەرەبستان لەچوارچێوەی ڕکەبەری ناوچەیی بەهەموو شێوەیەک هەوڵی کەم کردنەوەی هێژمۆنی ئێران لە عێراق، سوریە، لوبنان، بەحرەین و یەمەن دەدا. بەدرێژایی سێ دەیەی ڕابردوو عەرەبستان بەردەوام ڕەخنەی لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی سوریە، وەکوو تاکە هاوپەیمانی عەرەبی ستراتیژیکی ئێران، گرتووە. شەڕی ناوخۆیی سوریە دەرفەتی بۆ عەرەبستان و وڵاتانی کەنداو دروست کرد تا لە سوریە پاکانەحیساب لەگەڵ ئێران بکەن. لە لێڕوانی عەرەبستان سعودی و وڵاتانی کەنداو لەدەسەڵات کەوتنی ئەسەد، دەبێتەهۆی ئیزۆلەبوون و پەراوێزکەوتنی کۆماری ئیسلامی و مەیدانی مانۆڕی لە ناوچە تەواو بەرتەسک دەکاتەوە. جگە لە عەرەبستانی سعودی، ڕۆڵ گێڕان لە مەیدانی سیاسی سوریە لە ئەولەوییەتی سیاسەتەکانی میرنشینی قەتەریش دایە. قەتەر یەکەم وڵات بوو کە لە دەستپێکی نارەزایەتییەکان باڵوێزی خۆی لە سوریە کشاندەوە و هەوڵی سەپاندنی گەمارۆی نێودەوڵەتی بەسەر ئەو وڵاتە دا و ئێستاش سەرچاوە ماڵی و سیاسییەکانی خۆی تەرخانی لەدەسەڵات لادانی ئەسەد کردووە.

بەدەستێوەردانی نیزامی ئاشکرای ڕوسیە لە دوو مانگی ڕابردوو ئەو بارودۆخە ئاراستەیەکی نادیارتریشی وەرگرتووە. ڕوسیە لە هەوڵی ئەوە دایە تا بە خۆدەرخستنی نیزامی زیاتر لە سوریە، جەخت لەسەر ئەو بابەتە بکاتەوە کە لە هەڵوێستی پێشووی خۆی لەمەڕ پشتیوانی لە ڕێژیمی ئەسەد سوورەو لەشوێن ڕۆڵێکی گرنگ تر لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعشە؛ تا بەو شێوە هەم پێگەی سیاسی خۆی لە ناوچە بەهێزتر بکاو هەم بۆ سیاسەت کردن لەگەڵ ڕۆژئاواو ئەمریکا لە پرسەکانی دیکەی وەکوو قەیرانی ئۆکراین دەستی بەتاڵ نەبێ.

بۆ چارەسەری ئەو پرسە ڕەوتی نوێی وتووێژەکان بەئامادەبوونی زۆربەی لایەنە کاریگەرەکانی مەیدانی سیاسی سوریە ،جگە لە کورد، دەستی پێکردووە. وتووێژەکان لە حاڵێکدان کە ڕێژیمی ئەسەد لە یەک ساڵی ڕابردوودا تووشی شکستی زۆر قوورس هاتووە بە شێوەیەک کە گریمانە دەکرێ کە تەنیا کۆنترۆڵی بەسەر ٢٠ دەرسەدی خاکی سوریە مابێ. لەلایەکی دیکە شەپۆلی بەربڵاوی کۆچی پەنابەران بەرەو ئورووپا وڵاتانی بریتانیا و فەرانسە و ئاڵمانی زۆر جیددی تر لە ڕابردوو هێناوەتە سەرخەت تا هاوئاهەنگ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕوسیە بۆ

چارەسەری ئەو پرسە هەنگاو هەڵێنەوە. هاوکات لەدواییین خولی ئەو زنجیرە وتوویژانە، کۆماری ئیسلامیش بەشدار کراوە.

چارەنووسی بەشار ئەسەد، ماوەی حکومەتی کاتی، ناوەڕۆکی یاسای بنەڕەتی نوێی سوریە و پرسی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ئەو وڵاتە لە گرنگترین پرسەکانی ئەو وتوویژانەن. وڵاتە یەکگرتووەکان تا ئێستا قایل بە لەسەردەسەڵات مانەوەی بەشار ئەسەد نەبوو، بەڵام لە ماوەی رابردوو لەسەر دەسەڵات مانەوەی ناوبراو بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو ناڕەزایەتی نیشان نەداوە و زیاتر پێداگری لەسەر رەوتێک کردووە کە زۆربەی لایەنەکان پێی رازی بن و چارەسەری کۆتایی بۆ ئەو پرسە بێ.

وڵاتانی ئوروووپایی، عەرەبستان، تورکیە و قەتەر پێشوازییان لەو پێشنیارە کردووە. لە بەرامبەردا روسیە و ئێران پێداگری لەسەر مانەوەی بەشار ئەسەد دەکەن. بەسەرنجدان بە دۆخی ئارایی سوریە، ئاراستە جیاوازەکان و پرۆژەی سیاسی هەر کام لە لایەنەکان بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە، گەیشتن بە چارەسەرێکی هەمەلاگر کە کۆکەرەوەی ئیرادەی هەموو لایەنەکان بێ زۆر ئاستەمە. لایەنەکانی بەشدار لەو وتوویژانە چارەسەری هەر قەیرانێک بە کرانەوەی گرێ پوچکەی قەیرانێکی دیکە دەبەستنەوە.

ئەگەر بەو رکەبەرییە ناوچەییانەی ناوخۆی سوریە، رۆڵ و سیاسەتی گروپەکانی هاوشێوەی داعش و بەرەی نوسرە زیاد بکەین و تێکدان و رێکخستنەوەی نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە جیهان بینی سەلەفی جیهادی ئەوان لەبەرچاو بگرین، ئاسۆی چارەسەری ئەو پرسە لێڵ تریش دەبێ. ئەو گروپانە لە دەرەوەی چارەسەرە سیاسییەکان و رەوتی وتوویژەکانن و بڕیارە بە هێرشی نیزامی لەناوببردرێن، بەڵام بەردەوام لەحاڵی گەشەکردن دان و هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش بۆ لەناوبردنی ئەو شێوە گروپانە تا ئێستاش دەسکەوتێکی ئەتۆ و دڵنیاکەری نەبووە. بەو پێیە پێدەچی شەڕی سوریە لەوە درێژخایەن تر بێ و گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی بۆ ئەو پرسە حەواڵەی داهاتوویەکی نادیار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

# لاپەڕەیەکی نوێ لە شەڕی سوریە

شەڕی سوریە، دوابەدوای ئاڵوگۆڕەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی، و سەرلەنوێ تەعریف کرانەوەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی کاریگەری ناوچە و جیهان لەو وڵاتە هاتەئاراوە و تا ئێستا بە چەند قۆناغدا تێپەڕیوە. قۆناغی یەکەم هەوڵی سەرکوت کردنی نەیارانی ڕێژیم بەدەستی ئەرتەشی سوریە بوو. بەماوەیەکی کورت، پێکدادانەکانی نێوان ڕێژیم و ئۆپۆزیسیۆن بە دەستێوەردانی دەرەکی ئاڵۆزتر بوون و زۆربەی لایەنەکان کەوتنە ناو بازنەی شەڕە بێئامانجەکانی سوریە. لێرەدا لایەنە کوردییەکان بە قۆزتنەوەی دەرفەتی بۆشایی دەسەڵات لە ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان توانییان زۆرینەی خاکی رۆژئاوای کوردستان کۆنترۆڵ بکەن و سیستمی حکومڕانی خۆیان دابمەزرێنن.

قۆناغی دووەم؛ دوابەدوای دەنگۆی بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لەلایەن ڕێژیمی ئەسەد و هەڕەشەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەمریکا بۆ لەناوبردنی ڕێژیمی ئەسەد لە ئەگەری وەڕاست گەڕانی ئەو دەنگۆیە بوو. وەڕاست گەڕانی ئەو دەنگۆیە، و پاشەکشەی ئەمریکا لە هەڵوێستەکەی و لەکۆتاییدا ڕێککەوتنی ئەمریکا و روسیە بۆ لەناوبردنی چەکە شیمیاییەکانی روسیە؛ شکستی پرۆژەی لەناوبردنی ڕێژیمی ئەسەد لەڕێگای هێرشی نیزامی دەرەکی بوو. لەمەودوا چارەنووسی شەڕی ناوخۆیی سوریە، لە چوارچێوەی سنورەکانی ئەو وڵاتە دەرکەوت و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان زیاتر لە ئۆپۆزیسیۆن و ڕێژیمی ئەسەد رۆڵی یەکلاکەرەوەیان وەرگرت.

قۆناغی سێهەم؛ قۆناغی شەڕی نیابەتییە. شەڕێک کە بە بەشداری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی ئەسەد و لە دژکردەوە بەو دەستێوەردانەی ئێران، دروست کرانی گروپ و تاقمی چەکدار لەلایەن وڵاتانی عەرەبی سوننی ناوچە وەک عەرەبستان و قەتەر و هەروەها وڵاتی تورکیە بۆ بەرەوپێش بردنی پرۆژەی سیاسی خۆیان لەو وڵاتە، واتا لەناو بردنی ئەسەد و ڕێژیمەکەی، هاتەئاراوە. هەر لەو قۆناغەدا کاتێک سەرمایەگوزارییەکان لەسەر هێزەکانی ئەرتەشی ئازادی سوریە ئاکامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتەوە، ڕێکخراوەکانی ئیسلامی سەلەفی توندڕەوی هاوشێوەی داعش و بەرەی نوسرە سەریانهەڵدا. شەڕی نیابەتی؛ لە دەرەجەی یەکەمدا بەرهەمی ترسی کۆماری ئیسلامی لە گەیشتنی شەڕ بۆ سنوورەکانی خۆی پاش لەناوچوونی ئەسەد و لەدەرەجەی دووەمدا بەرهەمی

پاشەکشەی ئەمریکا لە هەڵوێستی پێشووی لەمەڕ لەناوبردنی ئەسەد بوو کە وڵاتانی کاریگەری ناوچەی لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە سوریە بێ ئومێد کرد و بەو پێیە هەوڵیان دا تا ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانەتر لە جاران لەشوێن سەرکەوتنی نیزامی لە بەرەکانی شەڕ بن.

نزیک بە چوار ساڵ ئەوە دوورەدیمەنی شەڕ و ڕۆڵگێڕانی ئەکتەرانی جۆراوجۆر لە شەڕی سوریە بوو. لە سێپتامبری ٢٠١٥ بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی نیزامی روسیە و پاش پێکهێنانی بەرەی چوار لایەنەی روسیە، ئێران، عێراق و سوریە بۆ بەناو "شەڕ بەدژی تیرۆر"؛ لاپەڕەیەکی نوێ لە قەیرانی سیاسی و نیزامی سوریە هەڵدرایەوە.

روسیە بەمەبەستی پارمەتیدانی هاوپەیمانانی لەمێژینەی خۆی واتا سوریە و ئێران، خۆدەرخستنەوەی وەک زلهێزێکی جیهانی و ڕەخساندنی کەشێکی سیاسی کە تێیدا ئەمریکا و یەکێتی ئورووپا ناچار بن تا لێڕوانینەکانی روسیە لە پرسی ئۆکراین زیاتر لەبەرچاو بگرن، ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕی سوریەی کرد. لە لێڕوانینی روسیە، ئەگەر ڕێژیمی ئەسەد لەدەسەڵات بکەوێت لە باشترین حاڵەتدا ئاڵۆزییەکی درێژماوە باڵ بەسەر ئەو وڵاتە دادەکێشێ و لە خراپترین سێناریۆش ڕێکخراوەکانی هاوشێوەی بەرەی نوسرە و داعش پێشڕەوی دەکەن.

پێدەچی ئەمریکاش بەو بەشە لە لێروانینی روسیە رازی بێ. بەشێکی زۆر لە سیاسەتەمەدارانی ئەمریکایی چیتر ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەوی سوریە بە ئاڵترناتیو بۆ دوارۆژی ئەو وڵاتە دانانێن. لە وەها دۆخێکدا لەناوبردنی ڕێژیم و ئەرتەشی سوریە ئەو مەترسییە دروست دەکا تا ئەو وڵاتە بەشێوەیەکی کارەساتبار بکەویتە دەست گروپە ئیسلامییە سەلەفییە توندڕەوەکان. بەشێکی دیکە لە واشێنگتۆن لەسەر ئەو بڕوایەن کە دەبێ ئیزن بە روسیە بدرێ تا درێژە بە دەستێوەردانەکانی لەو وڵاتە بدا؛ بەو هیوایە کە لە داهاتوودا بە قازانجی پلانەکانی ئەمریکا بشکێتەوە.

پاش عەمەلیاتی نیزامی روسیە، بەرنامە نیزامییەکان بۆ ڕووخانی ڕێژیمی سوریە کەمڕەنگ تر بوون و ڕەهەندی سیاسی قەیرانی سوریە ئەولەوییەتی وەرگرت. دانوستانەکانی ڤییەن بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی سیاسی بۆ قەیرانی سوریە، کە بە بەشداری ١٧ وڵات، لەپاڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و بەرێبەری روسیە و ئەمریکا لە مانگی رابردوو ئەنجام دران، پێشکەوتن لە فازی سیاسی پرسی سوریە بوو. گروپی نێونەتەوەیی پشتگیری لە سوریە پێکهاتوو لە ٢٠ وڵاتی وەک ئەمریکا، روسیە، عەرەبستان، تورکیە و ئێران لە کۆتایی ئەو دانوستانانەدا بە

واژۆکردنی لێکتێگەیشتنی ڤییەن لەسەر هەوڵدان بۆ بەرەوپێش بردنی وتووێژی سیاسی لە سوریە، ڕاگەیاندنی ئاگربڕ و گرژی سڕینەوە ڕێککەوتن.

لێکتێگەیشتنی ڤییەن لەشوێن ئەوەیە تا بە سەقامگیرکردنی ڕێژەیی بارودۆخی سوریە، هەوڵەکان بۆ لەناوبردنی داعش و گروپە تیرۆریستیەکانی دیکە چڕتر بکاتەوە.ئەو لێک تێگەیشتنە کە لە ئەگەری سازبوونی کۆدەنگی لەسەر خاڵە جێماوە ناکۆکەکان و گرینگ ترین یان چارەنووسی بەشار ئەسەد، بڕیارە لە سەرەتای ساڵی نوێی زایینی یەوە، کار بۆ قۆناغی گواستنەوەی ڕێژیمی سوریە بکا.

هەرچەند لەو لێک تێگەیشتنەدا باس لە حکومەتی کاربەڕێکەر، یاسای بنەڕەتی نوێ و هەڵبژاردنی نوێ کراوە، بەڵام کێشە و ناکۆکی جیددی لەنێوان لایەنەکان لەو بوارانەوە هەیە. هەر لەو ماوەشدا چەندین کێشەی جیددی بۆ تێکدانی ئەو لێک تێگەیشتنە،کە هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی دایە، هاتۆتەئاراوە. پاشەکشەی کردەکی عەرەبستان، وڵاتانی کەنداوی فارس لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بەدژی داعش کە بەگوێرەی زانیارییەکان چەند مانگە بەشدارییان لە هێرشە ئاسمانییەکان نەکردووە؛ و ئاڵۆزبوونی پێوەندی تورکیە و ڕوسیە لەسەر بوردومان کرانی گروپەکانی سەر بە تورکیە و خستنەخوارەوەی فڕۆکەی ڕوسی لە ڕۆژانی ڕابردوو گرینگ ترین ئەو ڕووداوانەن کە دەتوانێ پاشەکشە بەو پێشکەوتنە ڕێژییانەی پرسی سوریە بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٦

## داهاتووی ناڕوونی سووریە لەنێو بازنەی ئەکتەرە دەرەکییەکان

نارەزایەتییەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی لە ماوەیەکی کورتدا بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی و باکووری ئەفریقایان گرتەوە کە لە نێویاندا پرسی سووریە گرینگترین و کارەساتبارترین بابەتی پێنج ساڵی رابردووی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە.

سەرەتا داخوازیی ناڕازییانی سووریە ئاراستەیەکی هێمنانەی هەبوو، بەڵام پاشان بە دەستتێوەردانی رێژیم ئاراستەی داخوازییەکان گۆڕا، بەوەش سەرکوتی ناڕازی و نەیاران رۆژبەرۆژ زیاتر بوو. دواتریش بە ئاڵۆزتربوونی دۆخەکە ودەستتێوەردانی دەرەکی، زۆربەی لایەنەکان کەوتنە نێو بازنەی شەڕێکی بێ ئاکام. بە درێژەکێشان و قووڵتربوونەوەی پێکدادانەکان و هەروەها دەستتێوەردانی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیش، سووریە بووەتە گۆڕەپانی ململانێ و پاکانەحیسابکردنی ئەکتەرە سەرەکییەکان. بە جۆرێک کە شەڕی نێوخۆیی سووریە لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتە و لەدەستی هێز و لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆیی دەرکەوتوە و ئەکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان رۆڵی یەکلاکەرەوە و سەرەکییان وەرگرتوە.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەمریکا کە دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لەلایەن رێژیمی ئەسەدەوە هەڕەشەی لە نێوبردنی ئەو رێژیمەیان دەکرد، دوای وەڕاستگەڕانی ئەو دەنگۆیانە پاشەکشەیان لە هەڕەشەکانیان کرد. دوای ئەو پاشگەزبوونەوەیە و هەروەها رێککەوتنی واشنگتۆن و مۆسکۆ بۆ لەنێوبردنی چەکە شیمیاییەکانی سووریە، پرۆژەی لەنێوبردنی رێژیمی ئەسەد لە رێگەی هێرشی نیزامیی دەرەکییەوە شکستی هێنا.

دوای پاشەکشەی ئەمریکا لە هەڕەشەکانی، شەڕی نیابەتی لە سووریە چووە قۆناغێکی تازەوە و دۆخەکە ئاڵۆزتر بوو. شەڕێک کە لەلایەک هێزەکانی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان بۆ پاراستنی ڕژێمی بەشار ئەسەد ڕۆڵی تێدا دەگێڕن و لەلایەکی دیکەش و لە دژکردەوە بەو دەستتێوەردانانەی ڕژێمی ئێران و هەڵوێستی لاوازی ڕۆژئاواییەکان، کۆمەڵێک گرووپ و تاقمی چەکدار لەلایەن وڵاتانی عەرەبی سوننی مەزهەبی ناوچە وەک عەرەبستانی سعوودی و قەتەر و هەروەها تورکیە پێکهاتوون و پاڵپشتی دەکرێن بۆ پاراستی قازانجی خۆیان و هەستی ناسیۆنالیسمی عەرەبی و پێشگرتن لە دابڕانی وڵاتێکی عەرەبی و کەوتنی بەتەواوی بەلای ئێراندا. ئەو وڵاتانە لە بەرامبەر ئێراندا، ناڕاستەوخۆ بەڵام ڕاشکاوانەتر لە پێشوو، لە سەرکەوتنی نیزامی لە بەرەکانی شەڕی سووریەدا دەگەڕێن. کاتێکیش سەرمایەدانان لەسەر هێزەکانی ئەرتەشی ئازادی سووریە ئاکامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە، ڕێکخراوەکانی ئیسلامی سەلەفیی توندڕەوی هاوشێوەی داعش و بەرەی نوسرە سەریان هەڵدا و بەهێز بوون.

دوای پێنج ساڵ، دووره دیمەنی شەڕ و ڕۆڵگێڕانی ئەکتەرە جۆراوجۆرەکان لە شەڕی سووریەدا، بە دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی ڕووسیە و پێکهێنانی بەرەی چوارقۆڵیی ڕووسیە، ئێران، عێراق و سووریە لە سێپتامبری ٢٠١٥دا بۆ بەناو شەڕ دژی تیرۆر، لاپەڕەیەکی نوێ لە قەیرانی سیاسی- نیزامیی سووریە سەری هەڵدایەوە.

ڕووسیە بە مەبەستی یارمەتیدانی هاوپەیمانی لەمێژینەی واتە سووریەو پێکهێنانی بەرەیەکی ناوچەیی بۆ خۆدەرخستنەوەی وەک زلهێزێکی جیهانی و ڕەخساندنی کەشێکی سیاسی کە تێیدا وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا ناچار بکات تێڕوانینی ڕووسیە لەبارەی ئۆکراینەوە زیاتر لەبەرچاو بگرن، ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕی سووریەی کرد. بە لێکدانەوەی ڕووسیە ئەگەر ڕژێمی ئەسەد لە دەسەڵات بکەوێ، ئاڵۆزیەکی درێژماوە باڵ بەسەر ئەو وڵاتەدا دەکێشێ، یان ڕێکخراوەکانی وەک بەرەی نوسرە و داعش پێشڕەوی دەکەن.

ڕەنگە ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکاش لەگەڵ ئەو بۆچوونە ناتەبا نەبن، لە دۆخێکی وەهادا لەنێوبردنی ڕێژیم و ئەرتەشی سووریە ئەو مەترسی‌یە دروست دەکا تا ئەو وڵاتە بەشێوەیەکی کارەساتبار بکەوێتە دەست گرووپە ئیسلامی‌یە سەلەفی‌یە توندڕەوەکان. بە بەشداریی ڕاستەوخۆی ڕووسیە بیرۆکەی نیزامی بۆ ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد کەمڕەنگتریش بۆتەوە و ڕەهەندە سیاسی و نێودەوڵەتی‌یەکان بۆ قەیرانی سووریە ئەولەویەتیان پێدەدرێ.

گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیە و ڕووسیەش دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردوە. ئەنکەرە و مۆسکۆ کە لەسەر بۆردومانکردنی گرووپە سووریەکانی سەر بە تورکیە و بەردانەوەی فرۆکەی شەڕکەری ڕووسیە لە کۆتاییەکانی ٢٠١٥دا پەیوەندییەکانی نێوانیان تێکچووە و پێش ناچێ بەو نزیکانە گرژیی نێوانیان خاو بێتەوە و بگەڕێتەوە دۆخی جاران. قووڵبوونەوەی ناکۆکیی تورکیە و ڕووسیەش کاریگەریی لەسەر بەردەوامیی ئاڵۆزییەکانی سووریە دەبێ.

گرینگترین هەوڵی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ کۆتاییهاتنی قەیرانی سووریە دانوستانەکانی ڤییەن بوون کە بۆ گەیشتن بە ڕێگە چارەیەکی سیاسی بە بەشداری ١٧ وڵات لە پاڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و بە ڕێبەریی ڕووسیە و ئەمریکا لە ساڵی ڕابردوو بەڕێوە چوون. گرووپی نێودەوڵەتیی پشتگیری لە سووریە پێکهاتوو لە وڵاتانی وەک ئەمریکا، ڕووسیە، عەرەبستان، تورکیە و ئێران لە کۆتایی ئەو دانوستانانەدا بە واژۆکردنی لێکتێگەیشتنی ڤییەن لەسەر هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی وتووێژی سیاسی لەسەر پرسی سووریە، بە ڕاگەیاندنی ئاگربڕ و گرژیسڕینەوە ڕێک کەوتن.

دانیشتنی ڤییەن ٢ش کە قەرارە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦دا بەڕێوە بچێ بۆ ئەوەیە کە بە سەقامگیرکردنی بارودۆخی سووریە، هەوڵەکان بۆ لەنێوبردنی داعش و گرووپە ترۆریستییەکانی دیکە چڕتر بکاتەوە. ئەو دانیشتنە هەوڵێکە بۆ لێکتێگەیشتنی لایەنەکان و ڕێککەوتن لەسەر ناکۆکییەکانی نێوانیان کە گرینگترینیان چارەنووسی بەشار ئەسەد و قۆناخی گواستنەوەی دەسەڵات لە سووریەیە. هەرچەند لە دانیشتنی ساڵی ڕابردووشدا کۆمەڵێک بابەتی وەک قانوونی بنەڕەتیی نوێ و هەڵبژاردن باسیان لێکراوە، بەڵام کێشە و ناکۆکیی جیدی لەنێوان لایەنەکان لەسەر داهاتووی سووریە و شێوازی گۆڕین و گواستنەوەی دەسەڵات لەو وڵاتەدا هەروا بەردەوامە. ناکۆکیی قازانجی لایەنەکان و سووربوونیان لەسەر تێڕوانین و پاراستنی قازانجەکانیشیان وا دەکا ئاسۆی چارەسەری قەیرانی سووریە و سەقامگیریی سیاسی و ئەمنییەتی لەو وڵاتە، لە داهاتوویەکی نزیکدا روون نەبێ و ئەو وڵاتە بەو زووانە ڕووی ئاشتی و ئارامی بەخۆیەوە نەبینێ.

لە ژمارە ٦٧١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠١٦

## سەنگی کورد لە دانوستانەکانی چارەسەری قەیرانی سووریە

بۆ جاری سێیەم دانوستانەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی قەیرانی سووریە لە ژنێڤ بە نێوبژیوانیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی پێکردووەتەوە. ئەو گەڕەی وتووێژەکان بە بەراورد لەگەڵ کۆبوونەوەکانی پێشوو، جیاوازییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێ. لەلایەک ڕێژیمی بەشار ئەسەد و هاوپەیمانەکانی بە قۆناغێک گەیشتوون کە سەرەڕای بەکارهێنانی هەموو کارتەکانیان، ناتوانن سووریە بگەڕێننەوە پێش قۆناغی دەستپێکردنی شەڕ و ئاڵۆزییەکان و بەتایبەت بەهۆی کێشە ئابوورییەکانیان، باری ئەو شەڕە ڕۆژ بە ڕۆژ لەسەریان قورستر دەبێ.

هەروەها زلهێزە جیهانییەکان و دەسەڵاتە ناوچەیییەکانی نێو بەرەی دژی ڕێژیمی ئەسەدیش بەو قەناعەتە گەیشتوون کە دۆخی سووریە هەروا ئاڵۆزتر دەبێ، توندوتیژییەکان زیاتر دەبن و وڵاتانی دیکەش دەگرنەوە. بۆیە هەر دوو لایەن ناچار بوونە پێکەوە دەست بە دانوستان بکەن بۆ ئەوەی کێشەکە لەسەر مێزی دانوستان و قۆناغ بە قۆناغ چارەسەر بکرێ. ئەوەش روونە کە نە حکوومەت و نە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بە کردەوە جڵەوی بڕیاریان بەدەست خۆیان نیە و لە ڕاستیدا ئەوە دوو بەرەی سەرەکیی وڵاتانی دژ و لایەنگری دەسەڵاتداریی بەشار ئەسەدن کە لەژێر ناوی حکوومەت و ئۆپۆزسیۆن خەریکن قسە لەسەر داهاتووی سووریە دەکەن.

بەپێی ئەو ماوەیەش کە بۆی دیاری کراوە، بڕیارە ئەو خولەی دانوستانەکانی ژنێڤ شەش مانگ درێژە بکێشێ و ئەگەر پرۆسەکە بەپێی بەرنامە بچێتە پێش، بڕیارە لەو خولەدا قۆناغی سەرەتایی چارەسەری قەیرانی سووریە بە ڕاگرتنی شەڕ و گەیاندنی هاوکارییە مرۆیییەکان دەست پێبکا. دواتریش بڕیار لەسەر چۆنیەتیی گواستنەوەی دەسەڵات و شێوازی بەڕێوەبەری داهاتووی ئەو وڵاتە بدرێ و لایەنەکان لەسەری ڕێک کەون.

ئەوەی جێی تێڕامانە، چۆنیەتیی بەشداریکردن و سەنگی کوردە لە دەوری سێیەمی دانوستانەکانی ژنێڤدا. کورد لەو کۆبوونەوەیەدا، قورساییەکی ئەوتۆی نیە و تەنانەت پرسی کورد و شێوازی بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیش لە ریزی بابەتە سەرەکییەکانی باسەکانی ژنێڤدا نین. هۆکاری سەرەکیی ئەوەش بۆ نایەکڕیزی و یەکگرتوونەبوونی هێز و لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەگەڕێتەوە. ئەو بەشە لە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای

کوردستان کە لە ریزی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریەدان بە پێگەیەکی لاواز لە چوارچێوەی وەفدی دانوستانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بەشدارن. بەرنامەی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنیش گۆڕینی دەسەڵاتی ئەسەد و دیموکراتیزەکردنی سووریەیە، بێ ئەوەی بەرنامەیەکی ڕوون و نووسراوی لەسەر چۆنیەتیی دابینکردنی مافی پێکهاتەکان و بەتایبەت کورد هەبێ.

هەروەها لەسەر پێداگریی تورکیە، ڕێگە لە بەشداربوونی پارتی یەکێتیی دێموکراتیک گیراوە کە بە کردەوە دەسەڵاتی ئیداری و سەربازیی بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستانی لەدەستدایە. حیزبی داد و گەشەپێدان دوای ئەوەی لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی رابردووی پارلمانی تورکیەدا ڕێژەیەکی زۆر لە دەنگەکانی لەدەست دا، رووی لە پرۆسەی چارەسەری پرسی کورد وەرگێڕا و بەرەو سیاسەتەکانی رابردووی بای دایەوە. حکوومەتی تورکیا جگە لە میلیتاریزەکردنەوەی ناوچەکانی باکووری کوردستان، هەوڵ دەدا لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتەش پێگە و ئیعتیباری پارتی کرێکارانی کوردستان و هێز و لایەنەکانی نزیک لەو حیزبە بەتایبەت لە رۆژئاوای کوردستان لاواز بکا و پەراوێزیان بخا، بۆیە بە هەموو جۆرێک دژایەتیی بەشداربوونی پەیەدە لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا دەکا. هۆکارێکی دیکەی پێداگریی تورکیە لەسەر بەشدارنەکردنی پەیەدە لەو کۆبوونەوانەدا ئەوەیە کە دەیەوێ ئەو هێز و لایەنانە لە ریزی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا جێ بگرن و لە داهاتووی سووریەدا رۆڵیان هەبێ کە لە تورکیە و هاوپەیمانەکانی نزیکن. تا ئێستاش لەو سیاسەتەیدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە سیاسەت و شێوازی هەڵسوکەوتکردنیان لەگەڵ یەکتردا بچنەوە ، ئەو سەرکەوتنەی حکوومەتی تورکیە زۆر بەردرێژ نابێ.

پەیەدە کە ئێستا بەهۆی رۆڵی کاریگەری لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و کۆنترۆڵکردنی بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتی و رای گشتیدا ئیعتیبارێکی گرینگی هەیە، دەتوانێ بە دیاریکردنی یەکجاریی سنوورە سیاسی، سەربازی و ئەمنیەتییەکانی و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ حکوومەتی بەشار ئەسەد و هەروەها کۆتاییهێنان بە ڕێگریکردن لە چالاکیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی رۆژئاوا، دەرگا بە رووی یەکریزیی کورد لە رۆژئاوای کوردستاندا بکاتەوە. پەیەدە هەروەها دەبێ حەساسیەتەکان لەسەر پەکەکە لەبەر چاو بگرێ و ئەگەر بە راستی دەیەوێ بە هێزێکی جیا لەو حیزبە ئەژمار بکرێ،دەبێ هێڵەکانی نێوانیان دیاری بکا و خۆی وەک هێزێکی رۆژئاوای کوردستاندەربخا. هێز و لایەنەکانی نێو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریەش لەجیاتی پشتبەستن بە ئەندامەتی لە وەفدی ئۆپۆزسیۆنی سووریە، پێویستە هەوڵی

ڕەواندنەوەی ناکۆکی‌یەکان و نزیکبوونەوە و پێکهێنانی هاوپەیمانەتی لەگەڵ پەیەدە و هێزەکانی دیکە بدەن. بۆ ئەو مەبەستەش لایەنە بڕیاربەدەستەکانی هەرێمی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن و بە کەمکردنەوەی ناکۆکی‌یەکانیان هەوڵی یەکڕیزکردنی کورد لە ڕۆژئاواش بدەن. ئەگەر ئەوە سەربگرێ دەرفەتێک بۆ کوردانی ڕۆژئاوا دەڕەخسێ، لە ماوەی شەش مانگەی دانوستانەکانی سێیەمی ژنێڤدا هێڵی کورد جیا بکەنەوە و بە بەرنامەی تایبەت لەگەڵ لایەنەکانی دیکە قسە لەسەر داهاتووی ڕۆژئاوا و شێوازی بەڕێوەبردنی بکەن. چونکە هیچکام لە دوو بەرەی سەرەکیی نێو قەیرانی سووریە بەرنامە و پلانێکی روونیان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان نیە و ئەگەر هێزەکانی ڕۆژئاواش ناکۆکیی نێوانیان بەردەوام بێ، نە لایەنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە لە ریزی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دەتوانن دەستکەوتێکی نەتەوەیی بەرچاویان هەبێ و نە پەیەدە و پشتیوانەکانیشی دەتوانن لە گۆڕکاندا بەو جۆرە بمێننەوە و تاک لایەنە ئەو ناوچانە بەڕێوە ببەن.

لە ژمارە ٦٧٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی فێبریوێری ٢٠١٦

# لە نارەزایەتی جەماوەری‌یەوە بۆ راگەیاندنی فیدراڵی

لە کۆتایی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٩ەوە بە خۆسووتاندنی "محەممەد بوو عەزیزی" توونسی، بزووتنەوەیەکی نارەزایەتیی جەماوەری لە هەندێک وڵاتی باکووری ئەفریقا و باشووری رۆژئاوای ئاسیا دەستی پێکرد. ئەو بزووتنەوەیە زۆر زوو سنووری توونسی بڕی و وڵاتانی میسر، لیبی، یەمەن، بەحرەین و سووریەی گرتەوە. شوناسی سەرەکیی ئەو بزووتنەوە خەڵکی‌یە، تەقینەوەی نارەزایەتیی کەڵەکەبووی خەڵکی هەژار و ستەملێکراو بوو لە رێگەی گوشاری جەماوەری‌یەوە، بەڵام زۆری نەکێشا حکوومەتی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتانەدا نارەزایەتیی جەماوەری‌یان بەرەو توندوتیژی برد، کە تا ئێستاش لە سووریە و یەمەن بەردەوامە.

دوای زیاتر لە پێنج ساڵ شەڕ و پشێوی لە نێوخۆی سووریە و دەستتێوەردانی هێزە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان، لە چوارچێوەی دانوستانەکانی ژنێڤی ٣ دا بڕیار دراوە شەڕ لەنێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و حکوومەتی ئەسەد رابگیرێ. وەک بە کشانەوەی هێزەکانی پیادەی رووسیەش‌ڕا دیارە، زلهێزەکان رێک کەوتوون کە شەڕی سووریە نەکرێتە بیانوویەک بۆ جێگیرکردنی هێزە بیانی‌یەکان لەو وڵاتەدا. هەرچەندە تا ئێستاش ئەو دوو بڕیارە بەتەواوی جێبەجێ نەکراون، بەڵام هەنگاوێکی بەرەو پێشن لە چوارچێوەی چارەسەری قەیرانی سووریە و ناوچەکەدا. وەک چاوەڕوان دەکرا، لایەنە نێوخۆیی و هێزە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان لەوە گەیشتوون کە هیچیان توانای سڕینەوەی ئەوانی دیکەیان نیە و وڵاتانی بەشدار لە شەڕی سووریەش بەتایبەت بەهۆی قەیرانی ئابووری و دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت توانای کێشانی باری قورسی شەڕی پڕ تێچووی سووریەیان نیە. هەروەها دەشزانن کە دۆخی شەڕ لەو وڵاتە باشترین دەرفەتە بۆ گرووپە توندڕەو و تیرۆریستی‌یەکان، بۆیە چارەیەک نابینن جگە لە هەوڵدان بۆ کۆتایی‌هێنان بە قەیرانی سووریە. بۆ گەیشتن بەوەش چەند کۆسپی سەرەکی‌یان لەپێش دان. یەکەم چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنەیە، چونکە نە هەموو لایەنەکانی شەڕ لەو رێککەوتنەدا بەشدارن و نە لایەنەکانیش بۆ چارەسەری سیاسی متمانەیان بە یەکتر هەیە. هەروەها حکوومەت و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هێزەکانی پشتیوانی دوو لایەن تا ئێستاش نەیان‌توانیوە لەسەر بنەماکانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و چۆنیەتی گواستنەوەی دەسەڵات رێک بکەون. تائێستاش پلانێکی روون بۆ رووبەڕووبوونەوە و لەنێوبردنی هێزە تیرۆریستی‌یەکان بە تایبەت رێکخراوی داعش و بەرەی نوسرە نیە کە زیاتر لە یەک لەسێی خاکی سووریەیان

لەدەستدایە.

پرسێکی گرینگی دیکەش، چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئیداریی داهاتووی سووریە و، بەتایبەت چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ بەڕێوەبەریی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستانە کە بە تازەیی دامەزراندنی سیستمی فێدراڵیان لێ ڕاگەیەندراوە.

پارتی یەکیەتی دیموکراتیک، هێزی سەرەکیی پشت ڕاگەیاندنی فیدراڵیە کە بۆ دانوستانەکانی ژنێڤ نەخوێندراوەتەوە و بەشداریی پێنەکراوە. پەیەدە کە بە کردەوە دەسەڵاتی زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای لە دەستدایە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵێک هێزی سیاسی و پێکهاتەی ڕۆژئاوا کە لێی نزیکن، بە ڕاگەیاندنی سیستمی فیدراڵی چاوی لە پێکانی دوو ئامانجی سەرەکییە. یەکەم پەیوەندی بە بانگ نەکرانیان بۆ ژنێڤ ٣وە هەیە و دەیانەوێ هەموو لایەنەکان دان بەو ڕاستییەدا بنێن کە جگە لەوەی شەڕڤانانی یەپەگە هێزێکی سەرەکی بەرامبەر داعش و هێزە توندڕەوەکانی دیکەن، زیاتر لە یەک پێنجەمی خاکی سووریەیان بەدەستەوەیە و دەبێ لە هەر وتووێژ و بەرنامەیەکی تایبەت بە داهاتووی سووریەدا بەشدار بن. هەروەها دەیانەوێ پێش کۆتاییهاتنی دانوستانەکان و هەر ڕێککەوتنێک، یەکەیەکی سیاسی و جوغرافیایی یەکدەست لە ڕۆژئاوای کوردستان بکەن بە ئەمری واقع کە ئەوەش هەنگاوێکی بەرەوپێش و لەجێی خۆیدایە. دیاریکردنی سیستمی فیدراڵی بۆ سەقامگیریی سیاسی و ئیداری و یەکپارچەیی جوغرافیایی لە ڕۆژئاوای کوردستان گرینگە. سەرەڕای ئەو گرینگییە، ڕاگەیاندنی فیدراڵی لە ڕۆژئاوا دوو کێشەی سەرەکیی هەن. یەکەم ئەوە کە ئەو فیدراڵیە لە بنەماکانی فیدراڵیی ئیداری نزیکترە تاکوو سیستمێکی فیدراڵی لەسەر بنەمای هەبوونی کیانی نەتەوەیی. دووەمیش ئەوە کە لە ڕاگەیاندنی سیستمی فیدراڵیدا هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان لە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی ئەو سیستمەدا ڕێگەی بەشداربوونیان بۆ نەکراوەتەوە. هەرچەندە هێزەکانی دیکەی ڕۆژئاوا بەهۆی ئەو دوو کەمایەسییە سەرەکییەوە پشتگیریی ڕاگەیاندنی فیدراڵی لەلایەن پەیەدەیان نەکردوە، بەڵام ئەگەر ناو و جەوهەری فیدراڵییەکە گۆڕانی بەسەردا بێ و لایەنەکانی نێو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە و دامەزراوە سیاسی و مەدەنییەکانی دیکە بەشدارییان پێبکرێ، کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی و بۆ دانوستان لەگەڵ لایەنە سوورییەکانیش پێگەیەکی بەهێزتری بۆ داکۆکیکردن لە سیستمی فیدراڵی دەبێ.

لە ژمارە ٦٧٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٦

## لە یادی کاک عەزیز یوسفیدا

داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە لە زیندان وەک ئامرازێکی زەبر و زەنگ بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد کەڵکیان وەرگرتووە، بەڵام لە بەند کردنی هەڵسوڕاوانی سیاسی نەک نەبووەتە ئاستەنگ لە پێش گەشەی بزووتنەوەکە، بەڵکوو بە خۆڕاگری خەباتگێڕانی کورد، زیندان هەمیشە سەنگەرێکی بەربەرەکانی بووە دژی سەرکوت و داگیرکاری. کاک عەزیز یوسفی، ئەندامی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ساڵی ١٣٢٧ تا ١٣٥٦ نزیکەی بیست و پێنج ساڵ لە تەمەنی خۆی لە زیندانەکانی رژێمی پاشایەتی تێپەڕاند، نموونەیەکی هەرە دیاری زیندانییانی خۆڕاگر و بە ئیرادەی نێو زیندانەکان بوو. عەزیز یوسفی لە ١٦ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧ بەهۆی ئەو نەخۆشییانەی لەنێو زیندان تووشی ببوو، لە تاران کۆچی دوایی کرد و رۆژی دواتر تەرمەکەی بە رێوڕەسمی تایبەت و بە بەدرەقەی کۆمەڵێک هەڵسوڕاوی سیاسی کورد و ئێرانی گەیەندرایەوە مهاباد. هەرچەند حکومەتی پاشایەتی هەوڵی دا پێش بەوە بگرێت کە بەخاک سپاردنی ئەو کەسایەتییە سیاسییە بە بەشداری ئاپۆرای خەڵک بەڕێوە بچێت، بەڵام بە هەوڵی رێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێداگری خەڵک، رێوڕەسمی بەخاک سپاردنی کاک عەزیز کرایە دەرفەتێک بۆ هاتنەسەر شەقامی خەڵکی کوردستان و تێکەڵ بوونی نەپساوەیان لەگەڵ نارەزایەتییەکانی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران دژی رێژیمی پاشایەتی. ئەگەرچی بنەماکانی دژایەتی رێژیمی پاشایەتی و هەوڵدان بۆ دابین بوونی مافە نەتەوەییەکان لە نێو خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا ڕیشەیەکی کۆنتری هەبوو، بەڵام نارەزایەتی مەدەنی خەڵکی کوردستان لەکاتی بەخاک سپاردنی کاک عەزیز یوسفیدا خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی بزووتنەوەی مەدەنی و جەماوەری خەڵکی کوردستان. ئەو ڕێوڕەسمە ونارەزایەتییە هەرچەند لە مەهاباد بوو، بەڵام بنەماکانی هەر لەو ناوچەیەدا بەرتەسک نەمایەوە و زۆر زوو ناوچە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و بوو بە هۆی سەرهەڵدانی شەپۆلێکی نارەزایەتی کە تەنانەت دوای رووخانی حکومەتی پاشایەتیش درێژەی کێشا و بوو بە سەنگەری ئازادی بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەو کودەتایەی بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا کرا.

رێچکەی خۆڕاگری سیاسی لە زیندان کە لە کوردستان بە نموونەی وەک عەزیز یوسفی دەناسرێتەوە، تا ئێستاش

هەر بەردەوامە. دەیان ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و هەروەها ژمارەیەکی زۆر هەڵسوڕاوی سیاسی و مەدەنی کورد لە زیندان دان. ئەو زیندانییانە سەرەڕای هەموو فشار و هەڕەشەیەکی حکومەت و دەزگا ئەمنییەتییەکان، ساڵانێکی زۆرە خۆیان ڕاگرتووە و لە سەر بیر و باوەڕەکانی خۆیان سوورن و ئامادە نین بە نرخی رزگار بوون، ساتوسەودا لە سەر بیر و باوەڕیان بکەن و پشت لە رابردووی خۆیان بکەن. نموونەیەکی دیکەی ئەو زیندانی یانە محەمەد سدیق کەبودوەندە کە نزیک بە ١٠ ساڵە بە هۆی دامەزراندنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بەند کراوە و نەک تەنیا ئامادە نەبووە پاشەکشە لە بۆچوون و خواستەکانی بکات، بەڵکوو نێو زیندانیشی کردووەتە سەنگەرێک بۆ داکۆکی کردن لە بەها نەتەوەیی و ئینسانییەکان و بەگژ داچوونی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی. زیندانییانی سیاسی خۆڕاگر و پابەند بە بیروباوەڕیان بۆ بزووتنەوەی کورد، سەرمایەیەکی مەعنەوی گەورەن و دەبێ بە هەموو شێوەیەک پشتیوانییان لێ بکرێت و هەروەها دوای گیان لەدەست دانیشیان لەبیر نەکرێن.

لە ٣٨ەمین ساڵیادی گیان لەدەست دانی کاک عەزیز یوسفی دا دەبێ دان بەو راستییە دابندرێ کە وەک پێویست ئاوڕ لە خەبات و رەنجەکانی ئەو تێکۆشەرە نەدراوەتەوە و وەک سەمبولێکی نێو زیندان کەمتر بە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان ناسێندراوە. ئەگەر داستانی عەزیز یوسفی لە هەر شوێنێکی دیکە تۆمار کرابا، قارەمانیەتی و خۆڕاگری ناوبراو چەندین کتێبی پێ پڕ دەکرایەوە و کاریگەری و خۆ پێگەیاندنی لەنێو زیندان دەکرا بە بابەتی زۆر لێکۆڵینەوە و نووسین. هەروەها ساڵرۆژی گیان لەدەست دانی لە رۆژژمێری نەتەوەییدا لاپەڕەی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرا و ساڵانە بە شکۆوە یادی دەکرایەوە. بۆیە پێویستە بۆ ئێستا و داهاتووش زیاتر کار لەسەر وەبیرهێنانەوە و ناساندنی ئەو کەسانە بکرێت کە بە قارەمانەتی و ئیرادەی خۆیان لەنێو دڵی دوژمندا چۆکیان بە زیندان و تەسلیم بووندا بە عەرز داداوە

لە ژمارە ٦٨١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦

## ئێران و عەرەبستان؛ نۆ دەیە پەیوەندی

نزیک بە نۆ دەیە لە پەیوەندی فەرمیی ئێران و عەرەبستانی سعودی تێدەپەڕێ. مەلیک عەبدولعەزیز بن سەعود و ڕەزا شای پەهلەوی لە ساڵی ۱۹۲۸ و لە حاڵێکدا کە لە ئێران تەنیا چوار ساڵ لە دامەزرانی سلسلەی پەهلەوی تێدەپەڕی و عەرەبستان لە بەرەبەرەی دامەزراندنی حکوومەتی پاشایەتی عەرەبستانی سعودی بوو، پەیوەندی دیپلۆماتیک یان دامەزراند. پەیوەندییەک کە هەر لە سەرەتاوە نەیتوانی خۆی لە کۆتۆبەندی کێشە مێژووییەکانی سەفەوی - وەهابی و ناکۆکی یە مەزهەبیەکانی سوننی - شیعە رزگار بکات، بەڵام بە گشتی لە سەردەمی هەر دوو پاشای پەهلەوی، ئەو پەیوەندییە سەقامگیر و هەندێک جار دۆستانە بوو.

بەڵام بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، بە تۆخ بوونی ڕەنگی مەزهەبی شیعە بەسەر سیاسەت و ئیستراتژی درێژماوەی حکوومەت، ئێران پشتیوانی لە کەمینەی شیعە لە عەرەبستان کرد و لە ڕێگەی هاندانی ئەوان بۆ بەشداریی سیاسی و داواکردنی مافەکانیان هەوڵی جێخستنی ئیدئۆلۆژی و ئاراستەی سیاسی ـ مەزهەبی خۆی دا. ئەوە کاردانەوەی عەرەبستانی لێکەوتەوە. دیارترین هەڵوێستی عەرەبستان، لە کاردانەوەی بە ڕێپێوانی سیاسی لە ڕێوڕەسمی حەجی ساڵی ۱۹۸۷ دەرکەوت کە تێیدا زیاتر لە چوارسەد کەس لە حاجیانی بەشدار گیانیان لێ ئەستێندرا. لە کاردانەوە بەو ڕووداوە، باڵیۆزخانەی عەرەبستان و کوەیت لە تاران داگیر کران و دیپلۆماتکارێکی سعودیش بە برینداری گیانی لە دەست دا. عەرەبستان ساڵێک دواتر واتا لە ساڵی ۱۹۸۸ پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵپەسارد و تا سێ ساڵ پێداگری لەسەر ئەو هەڵوێستەی کرد.

لە ۱۹۹۱ هاوکات لەگەڵ دەورانی سەرکۆماریی هاشمی ڕەفسەنجانی، عەرەبستان پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکانی لەگەڵ ئێران دەست پێکردوە و تا ڕادەیەکیش هەر دوو حکوومەت لە هەڵوێست گرتن بەرامبەر دوژمنی هاوبەشیان واتا سەددام حوسێن هاوئاهەنگ بوون. هاشمی ڕەفسەنجانی کە تا ئێستاش لای زۆر کەس بە مێعمار و شارەزای پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ عەرەبستانی سعودی دادەنرێ، ئاستی پەیوەندییەکانی دوو وڵاتی لە دوژمنکارییەوە بەرەو حاڵەتی پاسیڤ بوون برد.

بەڵام خاڵی وەرچەرخان لە پەیوەندیی دۆستانەی کۆماری ئیسلامی و عەرەبستانی سعودی لە سەردەمی ریفۆڕمخوازان و سەرکۆماریی محەممەد خاتەمی هاتە کایەوە، کاتێک خاتەمی بە دنیابینی "وتووێژی شارستانیەتەکان" سەردانی ئەو وڵاتەی کرد و لە ریاز بە گەرمی پێشوازی لێکرا. سەردانێک کە لە ساڵانی دواتردا رێککەوتننامەی ئەمنیەتی و سیاسی لێکەوتەوە.

لە رووی ناوچەییەوە، عێراق رەنگە گرینگ ترین خاڵی بەهێزکەر یان لاوازکەری پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و عەرەبستان سعودی بە درێژایی سێ دەیەی رابردوو بێ. ئەگەر لە سەردەمی سەرۆکایەتی رەفسەنجانی و دوابەدوای هێرشی سەددام حوسێن بۆ سەر کوەیت وەکوو هاوپەیمانی نزیکی سعودیە، و شەڕی کەنداو چەشنێک هاوئاهەنگی لەنێوان ئەو دوو وڵاتە بۆ رووبەڕووبوونەوەی رێژیمی عێراق پەیدا ببوو، ئەوا لە کۆتاییەکانی دەورانی سەرۆک کۆماری خاتەمی و بە رووخانی حکوومەتی بەعس هەر ئەو وڵاتە بووە هەوێنی کێشە و ناکۆکی قووڵتری نێوانی ئەو دوو وڵاتە.

عێراقی سەردەمی سەددام، عێراقێک بە شوناسی عەرەبی سوننی بوو، و هەر چەند لەگەڵ عەرەبستان پەیوەندییەکی دۆستانەی نەبوو، بەڵام لانیکەم بە توندی لە بەرامبەر تەوەری شیعە بە پێشەنگایەتی کۆماری ئیسلامی راوەستابوو. بە نەمانی حکوومەتی سەددام حوسێن، لایەنەکانی شیعە کە زۆربەیان هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی بوون، تەنانەت سەرەڕای ئەوەی کە لە یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی بە جیاوازیی یەک کورسی، پاش لیستی سوننیەکانی پاڵپشتیکراو لە لایەن سعودیە، لیستی دووەم بوون، دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت؛ عەرەبستان هەوڵی دا تا ئیزنی دووبارەبوونەوەی سێناریۆیەکی هاوشێوە لە شوێنەکانی دیکە نەدات.

چارەنووسی عێراق، هاندەری چەشنێک شەڕی نیابەتی بوو کە سەرەتا لە خودی عێراق و لە رووبەڕووبوونەوەی نێوان گرووپە توندڕەوە جیاوازەکانی شیعە و سوننی و لە کۆنترۆڵ دەرچوونی رەوشی ئەمنی رەنگی دایەوە. لە قۆناغی دواتر ئەو رووبەڕووبوونەوە بۆ شوێنەکانی دیکەی وەک لوبنان و فەلەستین تەشەنەی سەند، بەڵام زیاتر نێوەڕۆکی ململانێی سیاسی هەبوو.

لە لوبنان، عەرەبستان پشتیوانییەکانی لە رەوتی "المستقبل" بە سەرۆکایەتی سەعد حەریری زیاتر کرد و لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا لە رێگەی حیزبوڵڵای لوبنان مەیدانی سیاسی ئەو وڵاتە قۆرخ بکات کە ئاکامەکەی ئاڵۆزیی چەندین ساڵە و ناکام مانەوەی هەوڵەکانی پێکهێنانی حکوومەت سەرەڕای ئەنجامدانی

هەڵبژاردنی پەرڵەمانی بوو. دۆخێکی هاوشێوە بۆ ڕێکخراوی فەتحی میانەڕەو و بزووتنەوەی حماس، کە زیاتر لە عەرەبستانی سعودی نزیکە، لە فەلەستین هاتە کایەوە.

تا سەرهەڵدان و ئاڵۆزییەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی، ململانێی کۆماری ئیسلامی و عەرەبستان زیاتر بەدژی بەرژەوەندییەکانی یەکدی لە وڵاتانی هاوپەیمانی یەک بوون. بە ئاشکرابوونی چالاکیی نیزامی ـ ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی، عەرەبستان هاوتەریبی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئورووپا هەوڵی دا کۆدەنگی بۆ پەسەندکرانی چەند بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش بەدژی حکوومەتی تاران دروست بکات. نزیک بە یەک دەیە، پەروەندەی ئەتۆمی ئێران، یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی عەرەبستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو و سعود ئەلفەیسەل، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی عەرەبستان، دیپلۆماسی وڵاتەکەی تەرخانی ئاشکراکردنی مەترسی دەست وێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوکی کرد تا لەو ڕێگەیەوە بە بەرتەسک کردنی بازنەی گەمارۆکان، هەوڵی لاوازکردن و لە نەهایەتدا لەنێوچوونی کۆماری ئیسلامی دابێ.

ناکۆکی و کێشەکانی نێوان عەرەبستان و کۆماری ئیسلامی بە سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی قووڵتر بوون. یەکەم وێستگەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو وڵاتە لە بەحرەین بوو. کاتێک ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی بەحرەین، بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان و بە هاندانی کۆماری ئیسلامی بەدژی حکوومەتی پاشایەتی سوننی مەزهەبی ئەو وڵاتە هاتنەسەر شەقام، عەرەبستان بە ڕەوانەکردنی هێزی نیزامی پاڵپشتی لە حکوومەت کرد و لە ماوەیەکی کەم دا خۆپیشاندەران سەرکوت کران.

وێستگەی دووەم سووریە بوو. بە لاوازبوونی حکوومەتی بەشار ئەسەد، هاوپەیمانی نەریتی کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵای لوبنان، زۆربەی وڵاتانی خاوەن کارتێکەری لە پرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕینی حکوومەتی ئەسەدیان خستە بەرنامەی کارەکانیان. بە درێژەکێشانی هەوڵەکان بۆ لە دەسەلات خستنی ئەسەد و لاوازیی هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان، دەیان جوخەی مەرگ و گرووپی توندڕەوی ئیسلامی سازمان دران تا بە نوێنەرایەتی لە وڵاتانی دیکە، شەڕی حکوومەتی سووریە و لەو ڕێگەشەوە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بکەن.
داعش و گرووپی فەتحی شام و دەیان ڕێکخراوی تێرۆریستی توندڕەوی دیکە وەڵامی تەڕاتێنی سپای قودس لە عێراق و سووریە و لوبنان بوو تا ستراتێژی کەوانەی شیعە و پلانە زێدەخوازەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە نوتفە سەقەت بن. بەرهەمەکەشی تا ئێستا شەڕێکی درێژماوە و فەرسایشی لە سووریە و عێراق بووە کە تێچووی

ئینسانی و ماڵی بەرفراوانی لێکەوتۆتەوە.

یەمەن، وێستگەی سێیەمی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو وڵاتە لە یەک دەیەی ڕابردوو بووە. بەهاری عەرەبی، دەستاودەست کردنی دەسەڵاتی لە یەمەن بەرهەم هێنا، بەڵام زۆری نەخایاند کە کارشکنی و دەستێوەردانی دەرەکی ڕەوشی هێوری ئەو وڵاتەی تێک دا. حوسییەکان کە شیعە مەزهەب و نزیک بە سی دەرسەدی حەشیمەتی یەمەن پێک دەهێنن، بە قۆزتنەوەی دەرفەتی لاوازبوونی حکوومەتی ناوەندی، کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر پارێزگاکانی سەعدە و عمران و تەعیز زیاتر کرد و دواتر بە پشتیوانی دەرەکی و گرنگ ترینیان کۆماری ئیسلامی، شاری سەنعایان داگیر کرد. عەرەبستان لە بەرامبەر ئەو هەوڵانە دژکردەوەی توندی نیشان دا و بە پشتگیری کردنی حکوومەتی یاسایی ئەو وڵاتە، لە ڕێگەی ناردنی هێز و داگیرکردنەوەی سەنعا و گەڕاندنەوەی سەرۆک کۆمار عەبد مەنسوور هادی، دەسەڵاتی حوسییەکانی بەرتەسک کردەوە. شەڕ و کێشەیەک کە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە.

لە رووی ناوخۆییەشەوە، کەم نین ئەو ڕووداوانەی کە سەرەداوی دەستێوەردانی ئێران و عەرەبستان یان تێدا ئاشکرا بووە. لە هەوڵی تیرۆری باڵیۆزی عەرەبستان لە بەیروت و واشنگتۆن لە لایەن ئێرانەوە بگرە تا کوژرانی حاجیان لە ڕێوڕەسمی حەج و بێ حورمەتی بە زیارەتکاران لە لایەن عەرەبستانەوە کە ماوە بە ماوە دەبیتە هۆی مشتومڕی ئەو دوو لایەنە. لە سێدارەدرانی شێخ نەمر، روحانی شیعە و لە سەرکردەکانی کەمینەی شیعە لە عەرەبستان، دوایین هەڵوێستی ڕیاز بەرامبەر بە هەوڵەکانی تاران بۆ وروژاندنی ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی عەرەبستان بوو؛ کە لە بەرەنجامدا هەڵوێستی توندی دوو لایەن و تەنانەت هەڕەشەی نیزامی لێکەوتەوە.

بەشێکی بەرچاو لە کێشە و ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەناوی رکەبەری دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی و عەرەبستانی سعودی و هاوپەیمانەکانیان سەریان هەڵداوە. هەرچەند لە سیاسەت دا ناکرێ بە قەتعییەتەوە قسە بکرێ بەڵام بەدڵنیاییەوە پەیوەندی ئێران و عەرەبستان لانیکەم لە داهاتوویەکی نزیک دا بەرەو پێکەوەسازان و ئاشتی ناڕوا و ڕەنگە کێشە و ناکۆکی دیکەشی لێ بکەویتەوە.

لە ژمارە ٦٨٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

## کارکردی چالاکی مەدەنی لە چوارچێوەی دەسەڵاتە نادیموکراتیکەکان

پێ بە پێی دەسەڵاتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان، نارەزایەتی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی دەسەڵاتە ناخەڵکی و خۆسەپێنەکان دەستی پێکردووە و شێوازی جیاواز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەسەڵاتانە تاقی کراونەتەوە، بەڵام لە چەند دەیەی رابردوو و هاوکات لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان، بەکارهێنانی شێوەکانی توندوتیژ و پڕ تێچووی خەبات بەرەو کەمبوونەوەیە و لە بەرامبەردا رووکردنە شێوەکانی کەم تێچوو و کاریگەرتری خەباتی جەماوەری و مەدەنی لەهەڵکشاندایە. خەباتی مەدەنی پێش سەقامگیر بوونی دیموکراسی و دەسەڵاتی دیموکراتیک، شێوەیەکی گرینگی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشێلکارییەکان و لە مەیدان دا بوونی خەڵکە بۆ بەدی هێنانی مافەکانیان. دوای گۆڕینی شێوە و پێکهاتەی دەسەڵاتەکانیش خۆی لە فۆرمی کۆمەڵگای مەدەنی دەبینێتەوە و دامەزراوە ناحکومییەکان لە بەرگی کۆمەڵگای مەدەنی ئەگەر چالاک بن و رێگەی کارکردنیان پێ بدرێت، دەتوانن هۆکارێک بن بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرەڕۆیی دەسەڵات و کۆسپی بەردەم زاڵبوونی دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگادا. بۆیە گرینگە پێکهاتە و فۆرمی ئەو شێوە چالاکییە و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بناسرێت و کار لەسەر پەرەپێدانی بکرێت. بە تایبەت ئەوەیکە سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لەناوچە و جیهان روویانداوە، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران هەروا لە بەرامبەر شەپۆلی گۆڕانکارییەکاندا خۆی راگرتووە و شێوازە جۆراوجۆرەکانی رووبەڕووبوونەوەی ئەو دەسەڵاتەش لە ٣٨ساڵی رابردوودا، گۆڕانی دەسەڵات یان چاکسازی راستەقینەی لێ نەکەوتووەتەوە.

خەڵکی ئێران و بەتایبەت نەتەوەکانی نێو ئەو وڵاتە نیشانیانداوە خوازیاری گۆڕان و نەهێشتنی ئەو دەسەڵاتەن، بەڵام تا ئێستا رۆڵی خەڵک تەنیا دەربڕینی نارەزایەتی بووە بەشێوەی پچڕ پچڕ و هێزی خەڵک بۆ سەرگرتنی گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵات نەخراوەتەگەڕ. ئەوەش پێویستی بەوەیە کە هێز و توانای خەڵک لە رێگەی بەهێزکردنی دامەزراوە و شێوازە مەدەنییەکان رێک بخرێت.

# چالاکیی مەدەنی

چالاکیی مەدەنی بە بناغەی کۆمەڵگای مەدەنی دادەنرێت. ئەو شێوە سەردەمییانەی چالاکی بە هەموو جۆرەکانی تێڕوانین، چالاکی، ناڕەزایەتی و فشارانە دەگووترێ کە عەقڵییەت و هەڵسوکەوتی مەدەنی یانەیان بەسەردا زاڵە. لە چالاکیی مەدەنی دا شێوازی رادیکاڵ و توندوتیژ بۆ چارەسەری کێشەکان بەکار ناهێندرێت و لە رێگەی هێمنانە و ئاشتی یانە بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵک وەردەگیرێت. هەروەها باوەڕ هەبوون بە یەکتر تەحەمول کردن و سازان و بەکارهێنانی شێوەی دانوستان و وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشەکان لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی چالاکی مەدەنییە.

لە چالاکی مەدەنی دا گرینگی زۆر بە داهێنان و ئیبتکاری عەمەل دەدرێت. بەو مانایە کە چالاکی مەدەنی شێوەیەکی تایبەتی نییە کە پێی بناسرێتەوە و تەنیا دەبێ ئەو بنەمایانەی تێدا بێت کە ئاماژەیان پێدرا. لە رابردووەوە شێوەی وەک مانگرتنی گشتی، دەربڕینی ناڕەزایەتی، بەڕێوەبردنی خۆپێشاندان، گردبوونەوە و کۆبوونەوە وەک شێوە باوەکانی چالاکی مەدەنی ناسراون. هەروەها بەپێی ئەو شێوە چالاکییە خەڵک دەتوانن بە بایکۆتکردن و وەڵامنەدانەوە بە خواستەکانی دەسەڵات و خاوەن کارەکان، زیان گەیاندن و لەکار خستنی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات، چوونە بەردەرگای ناوەندەکانی بڕیار، گرتنی رێگەوبانەکان، کۆکردنەوەی واژۆ و هتد بە ئامانج و خواستەکانیان بکەن.

چالاکی و خەباتی مەدەنی تێڕوانینی رەخنەگرانە و ریفۆرمخوازانەی هەیە. عەقڵییەتی چالاکی مەدەنی هەوڵ دەدات کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگا و خواستەکان خەڵک و گرووپە سیاسی، نەتەوەیی، ئابووری، کولتووری و یەکە پیشەییەکان وەک خۆی ببینێت و بە روانینی سەردەمیان لە چۆنیەتی تووشبوون و سەرهەڵدانی کێشەکان دەکۆڵێتەوە.

بۆ ئەوەیکە چالاکیی مەدەنی کاریگەر بێت پێویستە دامەزراوە و رێکخراوە مەدەنی یەکان دابمەزرێندرێن.

## دامەزراوە مەدەنییەکان

دامەزراوە مەدەنییەکان پێکهێنەری کۆمەڵگای مەدەنین و نەخشی سەرەکییان لە بەهێزکردن و سەقامگیربوونیدا هەیە. دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ناحکومییەکان، ڕێکخراوە خۆبەخشەکانی کەرتی تایبەت، ڕێکخراوەکانی تایبەت بە دابینکردنی مافی پێکهاتە رەگەزی، نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبییەکان، ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان، یەکێتی و ڕێکخراوە پیشەییەکان، بنکەکانی فێرکردن و راهێنان و هتد لە ریزی دامەزراوە مەدەنییەکاندا جێ دەگرن.

دامەزراوە مەدەنییەکان لە رووی ئامانج، ستراتیژی و قەوارە پێکەوە جیاوازن، بەڵام سەرجەمیان دەبێ هەڵقوڵاوی کۆمەڵگا بن و لە لایەن چالاکان یان خۆی خەڵکەوە پێک بهێندرێن. دامەزراوە مەدەنییەکان پێویستە سەربەخۆ بن و نابێ لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی سیاسی، بازار، ئایین یان گرووپی هاوشێوە دابن و دەبێ تێکەڵاوی پتەویان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا هەبێ و بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان لە رووی داراییەوە پشت بە پڕۆژەی دامەزراوەیی و هاوکاری بێ بەرامبەری خەڵک ببەستن. دامەزراوە مەدەنییەکان دەبێ خاوەن روانگەی رێفۆرمخوازانە بن و هەوڵ بدەن کۆسپەکانی بەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵگا و سەقامگیربوونی دیموکراسی یان خواستە پیشەیی و ڕێکخراوەییەکان لاواز بکەن و بەرنامەیان بۆ چاکسازی و گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەبێت.

ئەرکی دامەزراوە مەدەنییەکان بەتایبەت ئەوانەیکە لە بواری سەقامگیربوونی مافەکانی مرۆڤ و پرسە سیاسییەکاندا کار دەکەن، ئەوەیە کە کار لەسەر ڕێکخستنی هێز و توانای خەڵک بکات و بە پشتیوانی خەڵک دژی سەرکوت و سەرەڕۆییەکانی حکومەت بوەستنەوە. دامەزراوە مەدەنییەکان هەروەها دەتوانن نەخشی بەهێزیان لە دەستەبەرکردنی خزمەت گوزارییەکان و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی یان چین و توێژ و گرووپەکاندا هەبێت.

دامەزراوە مەدەنییەکان ئەگەر وەک کەرەستەی گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکان بەکار بهێندرێن، کارایی خۆیان لەدەست دەدەن و توانای ئەوەیان نابێت پێش بە سەرەڕۆییەکان و پێشێلکردنی مافە گشتییەکان بگرن.

# کۆمەڵگای مەدەنی

شارەزایانی کۆمەڵناسی و فەلسەفەی سیاسی لەسەر کات و شوێنی سەرهەڵدانی دامەزراوە مەدەنییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی بۆچوونی جیاوازیان هەیە. زۆر بیرمەندی ڕۆژئاوایی وەک توماس هابز، جان لاک، هێگڵ، مارکس، ئالکسی دۆتۆکویل و هەروەها لایەنگرانی بیرۆکەی پۆست مۆدێرن باسیان لەو بابەتە کردووە.

بەشێک لەوان مێژووی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پێش پێکهاتنی دەوڵەتەکان دەگێڕنەوە. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە کە زیاتر کۆمەڵناس و فیلسوفە سیاسییەکانی لایەنگری بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتین، پێیانوایە بەر لە پێکهاتنی دەوڵەت، خەلک خۆی بە دامەزراندنی ڕێکخراوە و گرووپ داکۆکییان لە بەرژەوەندی گشتی کردووە. بەشێکیش سەرەتای پێکهێنانی دامەزراوە مەدەنییەکان بۆ یونانی کۆن دەگێڕنەوە و باس لەوە دەکەن کە ئەرەستوو، فیلسوفی یونانی بۆ جاری یەکەم بە ناونیشانی "دەوڵەت شار" پێناسەی کۆمەڵگای مەدەنی کردووە.

سەرەڕای ئەو مێژووە، کۆمەڵگای مەدەنی بە چەمکێکی سەردەمیانە دادەندرێت کە بەرهەمی جیهانی دوای شەڕ و شۆڕشە مەزنەکانی ڕۆژئاوایە. پێکهاتنی گەورە شارەکان کە هاوکات بوو لەگەڵ گەشەی پیشەسازی، دەرفەتیان بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەن و ڕێکخراوەکان لە دەرەوەی بازنەی دەسەلات ڕەخساند. ئەو گۆڕانکارییانە هاوکات کاریگەرییان لەسەر شێوەی بیرکردنەوە و هەڵوێستی خەڵکیش دانا. خەڵک لەگەڵ زاڵبوون بەسەر کۆسپە نەریتییەکان، جیاکردنەوەی دەسەلاتی سیاسی لە دین و بەدواداچوونی مافەکانیان ئاشنابوون. ئەو ئاشنایەتییە بووە هۆی ئەوەیکە خەڵک خۆیان بە خاوەنی دیاریکردنی چارەنووس و شێوەی ژیانیان بزانن و ڕەوایی دەوڵەتەکان لە جیهانی نوێ لە چوارچێوەی ڕازی بوون و دەنگی خەڵک پێناسە کرا. هەروەها خورافەپەرەستی گۆڕەپانی کێبەرکێی بۆ واقع بینی و عەقلانییەت جیهێشت و دین لە جیهانی دەسەلاتی بێ سنوورەوە لە بازنەی باوەڕی تاکەکەسی بەرتەسک کرایەوە. دوای ئەو ڕەوتە، بۆ یەکەمجار بزووتنەوەی سۆلیدارێتی یان هاوپشتی لەهستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەلاتی تاک حیزبی ئەو وڵاتە کەڵکی لە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی وەرگرت. ئەو چەمکە بووە شێوازێکی سیاسی نوێ بۆ گۆڕینی دەسەلاتە دیکتاتۆرەکان و هەروەها بەرتەسککردنەوەی دەسەلاتەکانی حکومەت.

لەنێوان پێناسەی نەریتی و مۆدێڕنی کۆمەڵگای مەدەنی دا جیاوازی هەیە. ئەو جیاوازییە پەیوەندی بە کارکردی کۆمەڵگای مەدەنی هەیە. لە پێناسەی مۆدێڕندا کارکردێکی تازە بە نەخشی کۆمەڵگای مەدەنی زیادکراوە، ئەویش داکۆکیکردنە لە مافی هاووڵاتی بوون و بەها ئینسانییەکان. هەروەها لە وڵاتانی نادیموکراتیکدا باری سیاسی و هاوڕێیەتی کردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و دیموکراسی خوازەکانی پێدراوە. بەو پێیە دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگای مەدەنی بەسەر دوو بەشی سیاسی و نا سیاسی دابەش دەکرێت. هەرچەندە نەخش و کارکردنی حیزبە سیاسییەکان و دامەزراوە مەدەنییەکان جیاوازە، بەڵام بەشی سیاسی تەواوی ئەو ڕێکخراو و پارتە سیاسییانە دەگرێتەوە کە لە بەرامبەر سەرەڕۆیی دەسەڵات دەوەستنەوە و نەخشی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتە سەرەڕۆکان دەگێڕن. هەروەها بەشی نا سیاسییەکەشی چالاکی دامەزراوە پیشەیی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییە ناحکومییەکان لە خۆ دەگرێت.

کۆمەڵگای مەدەنی پەیوەندی نەبڕاوەی بە هاتنەسەرکار و جێگیربوونی دەسەڵاتی دێموکراتیک هەیە و وەک بنەمایەکی سەقامگیربوونی دێموکراسی دانی پێ دانراوە. کۆمەڵگای مەدەنی لە کەشێکدا گەشە دەکات و جێ دەگرێت کە بایەخ بە ئازادی و یەکسانی، مافەکانی مرۆڤ بدرێت و یاسا جێبەجێ بکرێت. هەروەها دەسەڵاتەکان لێک جیا بن و ئاسایشی کاری ڕێکخراوەیی دابین بکرێ و ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ هەبن.

لە کۆمەڵگای مەدەنی دا گرینگی زۆر بە مرۆڤ دۆستی و پێگەیاندنی هاووڵاتی بەرپرس و خوڵقاندنی هەستی هاوکاری لە نێوان خەڵک دا دەدرێت. لەو چوارچێوەدا هەوڵ دەدرێت تاکەکانی کۆمەڵگا رابهێندرێن بۆ خوڵقاندنی داهاتووی باشتر و لەبەر بەرژەوەندی گشتی هەڵوێست بگرن.

هاوکات هەندێ هۆکار دەبنە کۆسپی بەردەم پێکهاتن و سەقامگیر بوونی کۆمەڵگای مەدەنی کە سەرەکی ترینیان بریتین لە دەسەڵاتی نادیموکراتیک، زاڵ نەبوونی یاسا، بەستێنە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا پێشنەکەوتووەکان، زاڵبوونی ئایین بەسەر کۆمەڵگا و بەتایبەت تێکەڵاوبوونی لەگەڵ سیاسەت و هەروەها گەشە نەکردنی ئابووری پیشەسازی.

## بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وەک ئاماژەی پێدرا، کۆمەڵگای مەدەنی لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دیموکراتیکەکان دا پێناسەکراوە و لەکەشێک دا نەخشی خۆی دەبینێتەوە کە یاسا ڕێگەی پێ بدات و ئەمنییەتی چالاکییە مەدەنییەکان پارێزراو بێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا، ڕەوتی مەدەنی چاوەڕێی گۆڕانکاریی ریشەیی لە پێکهاتەی دەسەڵات بێت، بەڵکوو بەپێچەوانە. بەهۆی ئەوەیکە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە نادیموکراتیکەکان دا لانیکەمی دەرفەت بە کاری سیاسی لە دەرەوەی چوارچێوەکانی دەسەڵات دەدرێت، ئەو ڕەوتە خۆی لە ناوەڕۆکی بزووتنەوەی گۆڕانخواز و نارەزایەتییەکان دا دەبینێتەوە و هێزی خەڵک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرەڕۆیی و پێشێلکارییەکانی دەسەڵات وەگەڕ دەخات.

پرسیارێکی جیدی کە لەبارەی چالاکی مەدەنی لە ئێران لە ئارادایە ئەوەیە کە لە کاتێک دا لە ئێران بەپێی یاسا چالاکییە مەدەنییەکان بەرتەسک کراونەتەوە و دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی تەحەمول ناکات، رەخنەگر و نەیاران بە توندترین شێوە سەرکوت دەکات و دەرفەت بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونی ئازاد و بەڕێوەبردنی نارازایەتی جەماوەری نادات، چالاکنی مەدەنی چۆن دەتوانن کار بکەن؟ چالاکیی مەدەنی چۆن دەتوانێ گەشە بکات و دەتوانێ چ کاریگەرییەکی هەبێت؟

ئەو پرسیارانە هەم لەنێو بەشێک لە خەڵک و هەمیش لەنێو ڕەوت و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵاتدا هەیە. وەڵامی ئەو پرسیارە پەیوەندی بەو جیاوازییە جەوهەرییە هەیە کە لەنێوان شوناس و کارکردی چالاکی مەدەنی لە وڵاتانی دیموکراتیک و نادیموکراتیکدا هەیە. ئەوەیکە لە وڵاتانی دیموکراتیک بەناوی چالاکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پێشگرتن لە لادانی دەسەڵات لە بەرژەوەندییە گشتییەکان دەکرێت جیاوازی زۆری لەگەڵ ئەو چالاکی و ڕەوتە مەدەنییانە هەیە کە لە وڵاتانی نادیموکراتیکدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرەڕۆیی دەسەڵات و هەوڵدان بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵات ئەنجام دەدرێن. جگە لە شێواز و تێڕوانینی مەدەنییانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، تەنیا خاڵی هاوبەش کە چالاکییە مەدەنییەکان لە وڵاتانی دیموکراتی و نادیموکراتیک پێکەوە گرێ دەدات، ئامانجی هاوبەشیانە بۆ دابینکردنی مافی پێکهاتە جیاوازەکان و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان. لە وڵاتانی نادیموکراتیک دا ڕەوتی مەدەنی نەخشی کۆسپ لەبەردەم پێشێلکاری ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و پێکهاتە

جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەگێڕێت، خەڵک لە پێشێلکارییەکان ئاگادار دەکاتەوە و پەرە بە بەها ئینسانییەکان دەدات. هەروەها هەوڵ دەدات کۆمەڵانی خەڵک لە بەرامبەر دابین بوونی مافەکانیان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و خۆیان لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکان و ناڕەزایەتییەکان دا ببیننەوە و لەو ڕێگەوە پاشەکشە بە دەسەڵات بکەن.

هەرچەندە لە یاسای ئێران ڕێگە بە پێکهێنانی دامەزراوەی مەدەنی راستەقینە نەدراوە و دەسەڵات دژی چالاکییەکانی دەرەوەی چوارچێوەی خۆیەتی و هێزە ئەمنی و ئیتلاعاتییەکانیش گووشاری زۆر دەخەنە سەر چالاکانی مەدەنی، بەڵام لەو دۆخەشدا بزووتنەوەیەکی مەدەنی لە ئێران و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتووە کە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەگرێت. ئەو بزووتنەوەیە لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازی جیاواز خۆی نیشان دەدات و بە پێی دەرفەتەکان هەوڵ دەدات مافەکانیان زیاتر بە کۆمەڵگا بناسێنێ و دەرفەتی بەشداری خەڵک لە چالاکییە جۆراوجۆرە سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان بڕەخسێنێت. ئەو بزووتنەوە لە بوارە جیاوازەکاندا دەستکەوتی گەورەی هەبووە. ئەو بزووتنەوە بەتایبەت دوای دووربوونەوەی درێژماوەی هێزە سیاسییەکان لەناوخۆی وڵات، لە ڕووی سیاسییەوە کاریگەری زۆری لەسەر ئاستی وشیاری سیاسی خەڵک و هێنانەبەرباسی خواستە نەتەوەییەکانی خەڵک هەبووە. هێنانەبەرباسی ئەو خواستانە لەلایەن چالاکان و ڕەوتی مەدەنی ناوخۆ ئەگەر تەنانەت لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسا ڕێگەپێدراوەکانیش بێ، گرینگە چوونکە دەسەڵات لە ٣٨ ساڵی رابردوو هەوڵیداوە پرسی سیاسی و نەتەوەیی کورد تەنیا لە چوارچێوەی خواستی حیزبەکان بەرتەسک کاتەوە. چالاکانی مەدەنی دەرفەتەکانیان قۆستووەتەوە بۆ ئەوەیکە دوو پەیامی سیاسی بە دەسەڵاتدارانی تاران بگەیێنن، یەکەم ئەوەیکە لەگەڵ گۆڕان و چاکسازی دەسەڵاتی سیاسی ناوەندن و دووەمیش ئەوەیکە بەدی هێنانی مافەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، خواستی کۆمەڵانی خەڵکە. لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری و ژینگەییش دەستکەوتی گەورەی ڕەوتی مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرچاوە. ئەو ڕەوتە لە بانگەشەی مافەکانی مرۆڤ، بەگژداچوونەوەی نابەرابەرییە ڕەگەزییەکان، بەڕێوەبردنی خولی فێرکردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی تاوەکوو چالاکییە هونەرییەکان و چالاکی ژینگەیی وەک شکاندنی چەکەکانی ڕاوکردن، کوژاندنەوەی ئاوری دارستانەکان و خاوێن کردنەوەی ژینگە نەخشی سەرەکی دەگێڕێت و کاریگەری لەسەر خەڵک داناوە. یەکێک لە خاڵە ئەرێنییەکانی چالاکی مەدەنی ئەوەیە کە بەڕێوەبەرانی چالاکییە مەدەنییەکان بە ئیبتکار و خەلاقییەتی خۆیان چالاکییەکان بەڕێوە ببەن، بۆیە پێشگرتن لێی بۆ دەسەڵات ئاستەمتر دەبێت. ڕێژیم لە زۆر حاڵەتدا توانیویەتی بە بەکارهێنانی مەنتقی هێز و سەرکوت، پاشەکشە بە ڕەوتی مەدەنی بکات بەڵام پاشەکشەکە کاتی بووە و نەیتوانیوە لە مەیدان بەدەری بکات. بە تایبەت ئەوەیکە بەهۆی چالاکی هێزەکانی

ئۆپۆزسیۆن، دامەزراوە مەدەنییەکان، میدیای ئازاد، بەرزبوونەوەی ڕێژەی خەڵکی خوێندەوار و لاو خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لەگەڵ فەرهەنگی ژیانی سەردەم ئاشنا دەبن و ئەوەش مەیل و کاریگەرییان بۆ گۆڕانکاری زیاتر دەکات.

لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری تیشکی نوێدا بڵاو بۆتەوە.

ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

---

**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ٢٧٢٢ی کورد - دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

---

ئەگەرچی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کورد، دەوڵەمەند بە بزووتنەوەی شۆڕشگێری و جەماوەری بەربڵاو بووە، بەڵام نەبوونی فاکتەری "یەکگرتوویی نەتەوەیی" لە پاڵ فاکتەری "خۆگێلکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی" زۆربەی ئەو شۆڕشانەی بە ئاکامی کاتی و بەرتەسک گەیاندووە و چارەسەری پرسی کوردی بە داهاتوویەکی نادیار حەواڵە کردووە. ئێستا، لە کاتێکدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە یەکێک لە پڕگۆڕانکاریترین سەردەمەکانی خۆیدایە، بەستێنی هەموار بوونی ئەو دوو فاکتەرە ڕەخساوە؛ لەلایەک بەرژەوەندی کورد و زلهێزە جیهانییەکان هاوتەریبە و چارەسەری بەشێک لە کێشە گرینگەکانی ناوچە هاوکاری و بەشداری ڕاستەوخۆی کوردی پێویستە؛ و لە لایەکی دیکە "یەکگرتوویی نەتەوەیی"، گوتاری زاڵی کۆمەڵگای کوردستانە.

لە سەردەمی ئێستا، حەولدان بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی، هەم تێپەڕاندنی مێژوو و هەم وڵامدانەوەیەکی ڕەوا بە مێژووە. تێپەڕاندنی مێژوویەکی لێوانلێو لە مانۆڕدانی تاکڕەوانە، ناوچەگەرایی سیاسی و گرێدانی هاوپەیمانی ناتەندرووست، و لە هەمان کاتدا وڵامدانەوەیەکی ڕەوایە بە بەرپرسیارێتییە مێژوووییەکانی ئێستا، لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردنی مێژوو بە چەمکەکانی هاوپێوەندی و هاوخەباتی سەراسەری لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوەی....

ڕەحمان پیرۆتی

# کورتە ژیننامە

## شەهید ڕەحمان پیرۆتی ناسراو بە میرزا ڕەحمان




شەهید ڕەحمانی پیرۆتی ناسراو بە میرزا ڕەحمان کوڕی کاک فەقێ ڕەسووڵ. ساڵی ۱۳۳۱ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتماندۆستی ناوچەی لاجانی شاری پیرانشار چاوی بۆ ژیان کردەوە. پاش تێپەڕکردنی قۆناغی ساوایی لە یەکێک لە خوێندنگەکانی ئەو شارەدا پیتەکانی ئەلف و بێی ناسین و لەگەڵ دنیای فێربوونی زانست ئاشنا بوو. ژیرانە دەرسی خوێند و وەک قوتابییەکی زیرەک قۆناغەکانی خوێندنی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتنەوە بڕین و بڕوانامەی دیپلۆمی وەدەست هێنا.

کاک ڕەحمان هێشتا تەمەنی زۆر لە سەرێ نەبوو کە ساڵی ۱۳۵٦ی هەتاوی لە ڕێگای سەید ڕەسووڵی دێهقان ناسراو بە سەید ڕەسووڵی بابی گەورەوە لەگەڵ ڕێبازی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئاشنا بوو. بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پاشایەتی و دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتدا، بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕش چەکی شەڕەفی کردە شان و لە ڕیزی مەشخەڵدارانی هێزی شەهید ئاوارە سەر بە ناوچەی پیرانشاردا سازمان درا.

کاک ڕەحمان یەکێک لەو لاوە فیداکار و ئەرک وەخۆگرانە بوو کە زۆر زوو لە بواری نیزامیدا گەشەی کرد و گەیشتە پلەی بەرپرسایەتی. سەرەتا وەک فەرماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا و، پاش ماوەیەک فەرماندەیی

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی وە ئەستۆ گرت. بەڵام کاک ڕەحمان تەنیا فەرماندەیەکی هەڵکەوتووی نیزامی نەبوو، بەڵکوو لە بوارەکانی سیاسی و تەشکیلاتیشدا بە حەق لێوەشاوە بوو. لە خۆڕا نەبوو کە زۆر زوو متمانەی هاوسەنگەرەکانی وەدەست هێنا و بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار هەڵبژێردرا و ئەرکی سەر شانی قورستر بوو. کاک ڕەحمان کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە مەیدانی کردەوەدا لێهاتوویی خۆی زیاتر نیشان دەدا، پاش ماوەیەک ئەرکی فەرماندەریی لکی پێ سپێردرا و هەر بەو ئیمان و باوەڕەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی دا. بەڵام ئەوە دوایین بەرپرسایەتیی ناوبراو نەبوو. زۆری پێ نەچوو کە بە هۆی شارەزابوونی لە هونەری نیزامیدا بە جێگری فەرماندەری هێزی شەهید ئاوارە دیاریی کرا.

کاک ڕەحمان یەکێک لەو کادرە خاوەن بیر و باوەڕانە بوو کە لە هەر مەڵبەندێکی کوردستان ئەرکی بۆ دیاری کرابا، بێ دوودڵی و ڕاڕایی قەبووڵی دەکرد و هەموو ناوچەکانی بەماڵی خۆی دەزانی. ساڵی ١٣٥٩ بۆ ناوچەی شنۆ نەقڵ کرا، بووە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی شنۆ و بەرپرسایەتیی هێزی شەهید سمکۆی پێ سپێردرا و زۆر زوو لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیدا جێی خۆی کردەوە و بەو پەڕی دڵگەرمییەوە شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکە نیزامییەکانی و، لە زۆر عەمەلیاتی سەرکەوتووانەدا، لەوانە زنجیرە عەمەلیاتەکانی دەڕەی قاسملوو فەرماندەیی پێشمەرگەکانی کرد. بەڵام ئەوەش دوایین بەرپرسایەتیی کاک ڕەحمان نەبوو. ڕۆژ بە ڕۆژ لە مەیدانی کردەوەدا زیاتر هێز و توانای خۆی دەسەلماند و، خۆی بۆ وەئەستۆ گرتنی ئەرکی قورستر ئامادە دەکرد. پاش ماوەیەک بۆ ناوچەی بۆکان نەقڵ کرا و بە فەرماندەریی هێزی ١١٠ی بەیان دیاریی کرا و هەر بەو دڵگەرمییەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێ سپێردراوی دا.

کاک ڕەحمان کە وێڕای ئەنجام دانی ئەرکە نیزامییەکانی ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بۆکانیش بوو، ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بە هێندێک هۆی تایبەت لە ئەرکی حیزبی دوور کەوتەوە و گەڕایەوە نێو ماڵ و خێزانی و ژیانی ئاسایی دەست پێ کردەوە. کاک ڕەحمان بۆ ماوەی چوار ساڵان لە ئەرکی حیزبی دابڕا، بەڵام ئەو دابڕانە هەمیشەیی نەبوو، دوای ئەو چوار ساڵە لە سەردانێکی دەفتەری سیاسیدا پێوەندیی تەشکیلاتیی لەگەڵ حیزبەکەی نوێ کردەوە و، وەک ئاڵقەی پێوەندیی نێوان حیزب و ئەندامانی نێوخۆ ئەرکی پێ سپێراوی بەڕێوە برد. لەو ماوەدا ڕۆڵی بەرچاوی لە پێوەندیی حیزب بە ناوخۆی ڕۆژهەڵات و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی حیزب لە ناوخۆ هەبووە و وەک کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەک تەنیا لە پیرانشار و دەوروبەری بەڵکوو لە هاندانی خەڵک بەتایبەت خوێندکار و کەسایەتییەکان و نوێنەرانی پەرلەمان بۆ داکۆکی کردن لە مافی نەتەوەیی هەڵسوڕاوە. ئەو

هەڵسووڕان و تێکۆشانە سیخوڕەکانی ڕێژیمی وە گومان خست و بەردەوام لە ژێر چاوەدێریدا بوو، هەر بۆیە مەودای حەوانەوەی لێ بەرتەسک بۆوە و، ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی بە ناچار زێد و ژینگەی خۆی بەجێهێشت و بە بنەماڵەوە پەڕیوەی باشووری کوردستان بوون و، وەک ئەندامێکی چالاک ئەرکی وە ئەستۆ گرتەوە.


ساڵی ١٣٨٦ کاک ڕەحمان کە لەلایەن حیزبەوە وەک میوان بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی ١٤ دەعوەت کرابوو، دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، و لەدابەشکردنی ئەرک وبەرپرسایەتی‌یەکانی کۆنگرەدا بە ئەندامی کۆمیسیونی تەشکیلات دیاریکرا، و بەرپرسایەتی هەرێمی ئاگری پێسپێردرا و چالاکانە شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکە تەشکیلاتی‌یەکان، و ماندوویی نەناسانە لە خزمەت بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکانی حیزب لە ناوخۆی وڵات لە پیوەندیی تەشکیلاتی‌دا بوو. کاک ڕەحمان یەکێک لەو کادرە خاوەن ئیرادە و بیرو باوەڕانە بوو کە لە کارکردندا ماندوویی نەدەناسی، و لە دژواری سەر ڕێگای تێکۆشانی سڵی نەدەکرد، چ لەبواری سیاسی و چ لە بواری نیزامی‌دا بە حەق کادر بوو، ئەو تایبەتمەندی‌یانەو زۆر تایبەتمەندیی پەسندی دیکە ئەویان کردبووە خۆشەویست و جێی بڕوا و متمانەی هاوڕێیانی. لە خۆڕا نەبوو لە کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب کە لە سالی ١٣٩٠ی هەتاوی پێک هات، دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا کە بە حەق شیاوی ئەو پلەوپایە بوو.

لە کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبدا بۆ جارێکی دیکە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و درێژەی بە تێکۆشانی دا. دوایین بەرپرسایەتی کاک ڕەحمان لە کۆمیسیۆنی ئامووزش بوو کە بە هۆی شارەزابوون لەو بوارەدا بە ئەندامی ئەو کۆمیسۆنە دیاری کرا و هەر بەو ئیمان و ئیرادەیەوە و بە هێزەوە شانی دایە بەر بەڕێوەبردنی ئەرکی پیرۆزی و چ لەبواری وانەووتنەوە لە دەورە سیاسی‌یەکاندا و چ لە بواری نووسینی وتار و توێژینەوەی سیاسی و مێژوویەکاندا یەکێک لەو کادرە بە توانایانە بوو کە بە حەق جێ‌پەنجەی دیار بوو. بەڵام سەد داخ و مخابن ئەویش وەک ١٣ هاوڕێ شەهیدەکەی چێژی لە میوەی بەری داری ڕەنج و خەباتی وەرنەگرت، و لە مووشەک بارانەکەی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکراتدا خوێنی پاکی تێکەڵ بە خاک وخۆڵی کوردستان بوو.

سەرچاوە: نامیلکەی کاروانی سوورپۆشانی نیشتمان

خەرمانانی ٢٧٢٠ی کوردی - سێپتەمبەری ٢٠٢٠ زایینی




١٧ی خەرمانان
شەهید ڕەحمان پیرۆتی

